


دەبێ تورکیا ناوی کوردستان بەکاربهێنێت 10
سیاسەت



لەچکەکەی کۆتایی بە ژیانی هێنا 22
کۆمەڵایەتی



پیاو قەرزداری ژنە 32
کار



یەکەمە ((شۆبۆخۆڤا)) 44
وەرزش



گرفتە سێکسییەکان 38
تەندروستی



ئیلینا و لینا بەڕێوەن 54
کەلتوور






**ناونیشان:** هەولێر – شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان علی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید

**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506
Normal: 0662647813


www.netewe.com







www.netewe.com

فۆتۆ: رەفیق شوکری

# سیدییەک کۆتایی بە ژیانی کچێک هێنا

ڕانیە

کچێک دوای ئەوەی لەلایەن زڕدایکەکەی بەدزینی سێدییەک تۆمەتبار کرا خۆی سووتاندو دادگاش پاش چاوپێداخشاندنێکی خێرا خەریکی داخستنی دۆسیەکەیەتی، بەڵام ڕێکخراوێکی ژنان دەڵێت کە بەهیچ شێوەیەک ناهێڵن دۆسیەکەی لەدادگا دابخرێت.

ڕۆژی ٢٠ -٣ -٢٠١٠ کچێکی ١٧ ساڵ بەناوی سۆما ئەبوبەکر گولاوی، لەقەزای ڕانیە خۆی سووتاند، بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی کە ٨٠٪ بوو، ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراو، لە ٢٠ -٤ -٢٠١٠، لەنەخۆشخانەی سلێمانی گیانی لەدەستدا. درەخشان ڕەسوڵ، دایکی سۆما، سەبارەت بەهۆکاری خۆسووتاندنەکەی بەوارڤینی ڕاگەیاند:»ماوەی ٣ڕۆژ بوو زۆر بێزاربوو. لێمپرسی بۆ بێتاقەتی، گوتی، (چ) کە زڕدایکی سۆمایە، وازی لێناهێنێت و دەڵێت، کاسێتێکی عەزیز وەیسیم بزرکردووە، تۆ دزیوتە. بۆم نەهێنیتەوە ئابڕوت دەبەم، منیش نەمبردووە. منیش پێمگووت، هەموو دەزانن ئێمە دزی ناکەین، لەبیر خۆتی بەرەوە. ئەگەر پارەشی دەوێت کە کرێی نانکردنەکەمان وەرگرت بیدەوە». درەخشان کە بەدەم گریانەوە بۆ وارڤین دەدوا وەها درێژەی بەقسەکانی دا:»ئەوکاتەی سۆما، قسەکانی بۆ گێڕامەوە دایکی (چ) هات گوتی، چی بووە، منیش گوتم، (چ) وازمان لێناهێنێت، کاسێتێک ئەوە ناهێنێ، ڕوویکردە سۆماو گوتی، تادەمری تەلاقیشت نادەین، پرچی سپیت پێدەهۆنینەوە. لەوکاتەدا سۆما، ڕۆیشت. وامزانی دەچێت لەباخچە ئاو دێنێت، کەچی چووبووە حەمام، نەوتی پرێمزەکەی بەخۆیدا کردبوو، ئاگری لەخۆی بەردابوو، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بچێتە ژوورەوە». بەپێی گێڕانەوەکەی درەخشان، تادرەنگ، دوکەڵێکی زۆر لەحەمام، هاتووەتەوە دەرەوە و کەس نەیزانییوە، سۆما خۆی سووتاندووە. دوای ئەوە لەهاواری دایک و خوشکەکانی خەڵک هاتووە، بەڵام بەشێکی زۆری جەستەی سووتاوە، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕانیەو لەوێش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی، کرا. هاوکات ئاماژە بەگوتەی سۆمادا کە لەنەخۆشخانەی ڕانیەو سلێمانی، لەسەر زڕدایکەکەی تۆمارکراون و گوتوویەتی لەداخی بوختانی ئەو، خۆم سووتاندووە. کاتێک دایکی (چ) پێیگووتم، دەبێ پرچی سپی بهۆنیتەوە، خۆم زۆر بێدەسەڵات بینی و ئەو قسەیە، کاریگەری لێکردم». بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەڕانیە، ڕائید حەسەن، لەوبارەیەوە بەوارڤینی ڕاگەیاند کە بەپێی ئەو گوتانەی سۆما لەنەخۆشخانە داویەتی، گوتوویەتی کە لەداخی زڕدایکەکەی خۆی سوتاندووە. لەبەرئەوەی بوختانی بۆ کردووەو دەیانەوێت بەزۆر بەشووی بدەن و لەبری زڕدایکەکەی مارەبڕاوە. دوای لێکۆڵینەوە زڕدایکەکەی و کچێکی دەسگیران، بەڵام ئێستا هەریەکیان بەکەفالەت بەبڕی ٢ملیۆن دینار، ئازادکراون. گوتەی ئەو کەسانەش کە لەو شوێنەدا بوون، وەرگیراوە. ئێستا چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەین. هاوکات ڕائید حەسەن، ئەوەشی ڕوونکردووەکە لەبنەماڵەی سۆما، کەس سکاڵای تۆمارنەکردووە. هاوکات سەرچاوەیەک لە دادگای ڕانیە، بەوارڤینی ڕاگەیاند:» دادگای بڕیاری داخستنی دۆسیەکەی داوە، لەبەرئەوەی کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە. ئێستا مۆڵەت دراوەتە کەسووکارەکەی، وەفاتنامەی بۆ دەربهێنن».

عوسمان مستەفا ئەحمەد، پارێزەر لەدادگای ڕانیە، لەوبارەیەوە دەڵێ، ئەگەر لەتاوانێکدا کەس سکاڵا تۆمارنەکات، دۆسیەکە شایانی داخستنە. بەڵام ئەگەر قوربانییەکە گوتەی دابێت، ئەوا دەبێت گرنگی پێبدرێت و نابێ دابخرێت.»ئەو کەسەی کە هاندەری تاوانە، بەبەشدار لەتاوان دادەنرێت و پێویستە سزابدرێت. کە بڕیاری داخستنی ئەو جۆرە دۆسیەیەش بدرێت، دەبێ تەمیز بکرێتەوە». بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی یەکێتی ژنانی کوردستان لەڕانیە، ڕابیعە قادر مەعروف، بەتوندی ڕەخنەی لەو بڕیارەی دادگا گرت و گوتی، بواری قەزا وەک پێویست ئەرکەکانی جێبەجێ ناکات. ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە دەکەین و ناهێڵین دۆسیەکەی دابخرێت». ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ژنان لەپەرلەمان، ئاشتی عەزیز، سەبارەت بەخراپی ڕەوشی ژن لەکوردستان گوتی، یەکێک لە کەموکورتییەکانی یاسای سزادانی عێراقی ئەوەیە کە لەکاتی ڕوودانی تاواندا ئەگەر کەسە نزیکەکانی قوربانی، داوایان تۆمارنەکرد، ئەوا کەسی تر مافی تۆمارکردنی سکاڵای نییە. بەپێی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ژن، زۆر لەخێزانەکان داوا تۆمار ناکەن، بەمجۆرە مافی کەسێک پێشێل دەکرێت. پێویستە ئەو یاسایە هەموار بکرێت.

www.netewe.com





# دەزگای وارڤین بەهاوکاری ئایرێکس ورکشۆپێکی بۆ ٢٠ کچ کردەوە

وارڤـین: دەزگـای وارڤـین، بەهاوکاری رێکخراوی ئایرێکسی ئەمەریکی ورکشۆپێکی ٤ رۆژەی سەبارەت بە دروستکردنی بلۆگینگ سازدا کە تیایدا زیاتر لە ٢٠ کچ ئامادە بوون.

راهێنەری ورکشۆپەکە عوبێد هروری، لە لێدوانێکیدا رایگەیاند: ئەم ورکشۆپانە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دەرخستنی تواناو بەهرەکانی کچانەوە هەیەو ئامانجمان لەو ورکشۆپانە خزمەتکردن بە کچانە. هـەروەهـا گوتیشی: ((کەس بێ بەهرە نییە)).

بەشداربووی ورکشۆپەکە نـەورۆز عەباس، دەڵێت هەرچەندە ئەمرۆ رۆژی یەکەمی ورکشۆپەکە بوو، بەڵام زۆر سوودم بینی بەتایبەت لە دروستکردنی بلۆگوینگدا. ئەو ورکشۆپە ماوەی ٤ رۆژ دەخایەنێت.

ئەمرۆ یەکەم رۆژی ورکشۆپەکە بوو، زیاتر لە ٢٠ کچ لە دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشدارییان کرد. بڕیارە ورکشۆپەکە تا رۆژی ٥شەممە بەردەوامی هەبێت و لەکۆتاییدا بڕوانامەی دروستکردنی بلۆگینگ، بە بەشداربووان ببەخشرێت.

# هەولێر: سەرخۆشێک ژنەکەی سووتاند

وارڤین – هەولێر:

کاتژمێر ١.ی شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ لەشارەدێی دارەتـــووی هـەولـێـر سـەرخـۆشـێـک ژنـەکـەی دەسووتێنێت.

سەرچاوەیەکی نزیک لەبنەماڵەی (س.ا)٣٨ ساڵان لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند:»مێردەکەی (س) کە ناوی (ع.ن) تائێستا چەندینجار پەلاماری داوە. بۆ نموونە شەوانە کە بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ، (س)ی دەکردە دەرەوەو تا سبەی نەیدەهێشت بگەڕێتەوە». بە گوێرەی ئەو سەرچاوەیە (س) وەک نارەزایی دەبڕینێک بۆ ئەوەی هەستی مێردەکەی بەلای خۆیدا رابکێشێت نەوتی بەخۆیدا رشتووەو هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە خۆی دەسووتێنێت، بەڵام مێردەکەی بەجێی ئەوەی بەزەیی پێدا بێتەوە ئاگری تێبەرداوە.

بەپێی ئـەو زانیارییانەی کـە لەنەخۆشخانەی ئیمێرجنسی هەولێرەوە دەسـت وارڤین کەوتووە لەئەنجامی ئەو ئاگرتێبەردانەدا ٧٤٪ی جەستەی (س) سووتاوە.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین هێشتا (ع.ن) دەستگیر نـەکـراوەو بـە ئـازادی لـە کۆڵانەکانی هەولێردا دەسووڕێتەوە.



# رێز لە خانمی شانۆی کوردی (بەدیعە دارتاش) گیرا

وارڤین– سلێمانی: لە هۆڵی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەشی هونەری شانۆ وەرزێکی شانۆیی بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆ ئەنجامدا. سەرەتای وەرزەکە بە رێزلێنان لە خاتوونی شانۆکار بەدیعە دارتاش دەستی پێکرد. بەخشینی خەڵاتی رێزلێنان بە مامۆستا بەدیعە دارتاش وەک ئەمەک و وەفادارییەکی مامۆستا و خوێندکارەکانی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بـوو بەرامبەر بـەو هەموو خزمەت و بەخششە بەردەوامەی ئەم خاتوونە کە پێشکەشی شانۆی کـوردی کـردووە. بەدیعە سەردەمێکی زۆریش مامۆستای بەشی شـانـۆی پەیمانگەی ناوبراو بووەو چەندین قۆتابی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی پـەروەردەکـردووەو زۆرێـک لە خوێندکارانی ئەو بەشە خۆیان بە قەرزدارباری ئەو خانمە گەورەیە دەزانن.





www.netewe.com





# ژنانی خاوەنکار ٢٩٪ سەرمایەی ئیماراتیان بەدەستەوەیە

وارڤین – ئەبوزەبی: لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا، رێژەی ژنانی خاوەنکار لەوڵاتی ئیمارات ٥ بەرامبەری ئەوەی کە هەبووە زیادی کردووە. لە ئیمارات، بڕی سەرمایەی دارایی ژنانی خاوەنکار بەنزیکەی ٣٠ ملیار درهەم دەخەملێنرێت. لەکۆبوونەوەیەکی ساڵانەدا کە لەلایەن ئەنجومەنی ژنانی خاوەنکاری ئیمارات و بەهاوکاری شارەوانی دوبەی ئەنجامدرا، بەشداربووانی کۆبونەوەکە رایانگەیاند بەپێی ئەو راپرسییانەی کەلەئاستی هەرێمایەتیدا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە ئەو وڵاتە زۆرترین رێژەی ژنانی خاوەنکاری لەخۆگرتووە. لەوبارەیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی ژنانی خاوەنکار لەئیمارات د. هند ئەلقاسمی رایگەیاند کە رێژەی ژنانی خاوەنکار لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا (لەساڵی ٢٠٠١ کە ئەنجومەنەکەیان دامەزراوە تائێستا) ٥ بەرامبەر زیادیکردووە. ئەلقاسمی، هەروەها ئاشکرای کرد کە ژنانی خاوەنکار ٢٩٪.ی سەرمایەی ئیماراتیان بەدەستەوەیەو بڕی سەرمایەی داراییشیان نزیکەی ٣٠ ملیار درهەم دەبێت.

سەنا کوردی

## هاوسەری ئەحمەد تورک بۆ وارڤین: کاتێک هەواڵی لێدانی ئەحمەدم بیست ئەژنۆم شکا



وارڤین – ئامەد: هاوسەری سیاسەتمەداری کورد ئەحمەد تورک، رایگەیاند کاتێک هەواڵی ((لێدانی ئەحمەد تورکی)) بیستووە، ئەژنۆی شکاوەو زۆر خەمبار بووە. مولکیە تورک، گوتی کە ئەوان لەوەتەی هەن لەناو سیاسەتدا بوون و لەبەر ئەوەش تەمەنیان لەناو ترس و خۆفێکی گەورەدا تێپەڕاندووە. هاوسەری سەرۆکی پارتی قەدەغەکراوەی کۆمەڵگای دیموکراتیک سەبارەت بەهێرشی هەفتەی رابردووی شاری سەمسۆنی تورکیا بۆ سەر هاوسەرەکەی کە لەو هێرشەدا ((لوتی ئەحمەد تورک شکا)) بەوارڤینی راگەیاند: ((کاتێک لە سەمسۆن هێرش کرایە سەر ئەحمەد بەگ، برازاکەی لە مێردینەوە تەلەفۆنی بۆ کردم. لەژێرنووسی تەلەفزیۆنەکانەوە هەواڵەکەی بیستبوو. من سەیری ئەنتەرنێتم کرد، راست دەرچوو هێرشی کرابووە سەر. کە بینیم چۆکم شکا و هەنگاوم بۆ نەدەنرا. زۆر غەمبار بووم. ئەحمەد بەگ مرۆڤێکی زۆر باشە. کەسێکی بە شەخسیەتە. لەتەمەنی لاوێ خۆیەوە تائێستا لەناو سیاسەتدا بۆ کورد تێدەکۆشێ)).

## ژنانی کورد هۆشداری بە دەوڵەتی ئێران دەدەن



وارڤین – تایبەت: لە کۆنفرانسی ژنی کورد دا کە لە ئامەد و لە ٢٤-٢٥ مانگی نیساندا بەڕێوەچوو، ئەندامانی کۆنفرانسەکە داوای ئازادکردنی دوو ژنە چالاکڤانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین لە ماددەی ١٠.ی ئەنجامنامەی کۆنفرانسەکەدا هاتووە کە ئەو کۆنفرانسە لەسێدارەدان وەک تاوانێکی دژەمرۆڤی پێناسە پەسەند دەکات»کۆنفرانسەکەی ئێمە لەسێدارەدان وەک تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی پەسەند دەکات و بۆ پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی چاوەڕوانی لەسێدارەدان دەکەن دەنگ هەڵدەبڕێت. هەروەها بۆ چارەنووسی زەینەب جەلالیان و شیرین عەلەمهویی کە لەزیندانەکانی ئێراندا شوێنبزر کراون، لەبەرامبەر دەوڵەتی ئێراندا دەکەوێتە هەوڵدانی خێرا و بڕیاری گرنگ رادەگەیەنێت». لەو کۆنفرانسەدا (١٥٠) ژن لەهەر چوارپارچەی کوردستان و ئەورووپاو ئەمریکایش بەشداربوون و بیروبۆچوونی خۆیان لەبارەی کێشەی نەتەوەیی کورد و کێشەکانی ژنەوە خستە بەر باس و لێکدانەوە.



www.netewe.com



www.netewe.com

## وەزیری رۆشنبیری بۆ وارڤین:

# بودجەی خانمان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە

تایبەت

وەزیری رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان د.کاوە مەحمود کە هاوکات گوتەبێژی حکوومەتە، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا باس لەوە دەکات کە بەمنزیکانە کارەکانی ئەنجوومەنی خانمان تەواودەکرێت و بودجەکەیشی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیــرانــەوە دابین دەکرێت.

### ئەنجومەنی خانمان دەست بەکار دەبێت

ماوەیەک لەمەوپێش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم سالح، باسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی بــاڵای خانمانی کــرد، بــەڵام لە پراکتیکدا تائێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی نابینرێت کە ئەو ئەنجومەنە دەست بەکاربووبێت. لەبارەی کاری دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنەوە گوتەبێژی حکوومەت د.کـاوە مەحمود، ئاماژە بەوەدەکات کە رێنماییەکەی دەرچووەو لەئێستادا کار لەسەر پێکهاتەو هەیکەلییەکیە دەکرێت کە بریتی دەبێت لەئەنداما و سـەرۆک و شەش وەزارەتیش هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ئەنجوومەنە دەکات ((هەندێ کەس بۆ وەرگرتنی بەرپرسیاری ئەوئەنجوومەنە ناوەکانیان لای سەرۆکی حکوومەتەو ماوەتەوە برِیاریان لەسەر بدات و پێموایە لەم نزیکانەدا رادەگەندرێت)). هەندێک لەچالاکوانانی بواری پرسەکانی ژن، رەخنە لەوەدەگرن کەلە بودجەی ٢٠١٠دا هیچ بودجەیەک بۆ ئەنجوومەنی خانمان تەرخان نەکراوە، بەڵام د. کاوە، دەڵێ ئەو ئەنجومەنە بەشێکە لەدەزگاکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بودجەکەش لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەردەگرێت. لەبارەی بەکارهێنانی ناوی خانمانیشەوە روونیدەکاتەوە کە ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بروانرێت دەبینرێت کە وشەی خانم، بەهەموو ژنێک یان ئافرەتێک، دەگوترێت: ((راستە ئەو دەستەواژەیە لەقۆناغی دەرەبەگایەتیدا بۆ جیاکردنەوەی جەندەری لەنێوان خودی ژناندا بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە ئەو دەستەواژەیە دوور لەفۆنکسیۆنی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بەکاردێنین)). دەشڵێت کە ئەوان چەمکی ئافرەت و ژن، بەکاردەهێنن و هیچ حەساسیەتێکمان لەوبوارەدا نییەو ئەوەش بەلای وەزیــری رۆشنبیرییەوە نیشانەی دەوڵەمەندی زمانی کوردییەو خانمان لەگەڵ (لەیدی، ئەلسەیدی و مادەم) بەهاوواتا دادەنێت.

### پرسی ژن کوشتن

وەزیری رۆشنبیری، لەبارەی توندتیژی دژبەژنان لەهەرێمی کوردستاندا دەڵێ کە ئەم پرسە دەچێتە خانەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە کە رەشنووسی کۆتایی لەبەردەستی پەرلەماندایەو لـەم نـزیـکـانـەدا دانیشتنی لـەسـەر دەکـات. هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە بەرِێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی لەو بوارەدا کاری باشی کـردووەو دەڵێت ئێمەش بەپێی توانای خۆمان کاری بۆ دەکەین. ((پێویستە راگەیاندن بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەیسانە بکات و نەچێت تەنیا بیورووژێنێت، بەڵکو چارەسەریش بخاتەرِوو. بۆ ئەو مەبەستەش دووحاڵەت هەیە: یەکەم وەک حاڵەتێکی سکانداڵ لەگەڵی هەڵسووکەوت بکەیت و دووهەمیش وەک حاڵەتێکی جەندەری)). بەرِای وەزیری رۆشنبیری، وا باشە کە رۆژنامەنووس وەک حاڵەتی دووهـەم و نایەکسانی جەندەری و مافی مرۆڤ و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی مـرۆڤ لەگەڵ پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان، مامەڵەبکات. هەروەها نموونە بەوەدەهێنێتەوە کە ماوەیەک لەمەوپێش هەفتەنامەیەک بەمانشێتێکی گەورە نووسیبووی ((پیاوێک دەستدرێژی دەکاتە سەر دوو کچەکەی)) و لەوبارەیەوە دەڵێت ئەوە هەڵەیەکی گەورەیەو دەبێ بزانرێت کە قەڵەم بەرپرسیارێتییە.

لەبارەی ستراتیژییەتی وەزارەتــی رۆشنبیری بۆ ئەو توندوتیژییانەی کە رۆژانە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، وەزیری رۆشنبیری دەڵێت: ((ئەوە تەنیا کاری وەزارەتــی ئێمە نییە، بەڵکۆ وەک دەزانن وەزارەتی ناوخۆ بەرِێوەبەرایەتی گشتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەیە، هەروەها وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین شەڵتەری هەیەو کاری بۆ دەکات. من خۆم لەگەڵ وەزیــری کـاروکـاروبـاری کۆمەڵایەتی سەردانی پەناگەکانم کردووە)). وەک باسی دەکات کە کاری وەزارەتی رۆشنبیری لەو بوارەدا تەنیا ئەوە نییە کە بابەتی لەسەر بنووسێت و قسەی لەسەر بکات، بەڵکو کاری ئەوەیە کە لەهەموو چالاکییەکانماندا بەپراکتیکی چەمکی یەکسانی جەندەری بەبنەما وەربگرێت. وەزیری رۆشنبیری، دەڵێت هەفتەیەک لەمەوپێش ١٦ رۆژنامەنووس خەڵات کران کە تەنیا ٢ یان کچ بوون. راستە کارەکە زۆر باش بوو، بەڵام من رەخنەم لێگرتن گوتم دەبوایە رێژەی کچی زیاتری تێدابوایە. ئێمە دەمانەوێت خەڵاتێک هەبێت بۆ رۆژنامەنووسی مێینە، بەڵام بەداخەوە ئێمە نەمانتوانیوە جێبەجێی بکەین. چونکە ئێمە نامانەوێت دەستنیشانی بکەین، دەمانەوێت سەندیکا دەستنیشانی بکات، بەڵام تائێستا نەیکردووە.

### نەورۆزتیڤی تایبەتمەند نەبوو

تەلەڤزیۆنی نەورۆز کە پێشتر لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکـرا، بەبرِیارێکی ئەنجومەنی وەزیــران درایــە وەزارەتــی پــەروەردە. د. کاوە

www.netewe.com

مەحمود، لەوبارەیەوە دەڵێ، نەورۆزتیڤی، وەک تەلەڤزیۆنەکانی دیکەی کوردستان بوو و تایبەتمەند نەبوو، لەجیهانی پەخشدا کەناڵی تایبەت بە رۆشنبیری، پەروەردە، وەرزش، زانست، سەفەر و هەموو بوارەکانی دیکە هەیەو نەورۆزتیڤیش، مۆرکێکی گشتی وەرگرتبوو، بۆیە بیر لەوەکرایەوە کە چۆن بکرێتە پۆبلێک کەناڵ (کەناڵی گشتی)((زەمینە بۆ ئەوە ئامادەنەبوو کە لەبواری هەواڵ و بەدواداچووندا بکرێت بە تەلەڤزیۆنێکی گشتی، بۆیە بڕیاردرا بکرێتە تەلەفزیۆنێکی پەروەردەیی)). ئەوەی کە جێگەی پرسیار بێت ستافی نەورۆزتیڤی، لەگەڵ کەناڵەکە گواستراونەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە، بەڵام وەک دەزانین، ئەو ستافە ئەزموونیان لەبواری پەروەردەیی نییە؟ لەو بارەیەوە وەزیری رۆشنبیری، دەڵێ، ئەو خەڵکانەی لەوێ کار دەکەن، بەشێکیان کارەکەیان تەکنیکییە ((بۆ کامێرامانێک جیاوازی ناکات کە ناوەڕۆکی تیڤییەکە چی بێت، بەڵکو ئەو هەر کاری خۆی دەکات. ئێمە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران راسپێردراوین کە لەگەڵ بەڕێزان وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا کۆببینەوەو نەخشەڕێیەک بۆ ئەو گواستنەوەیە دابنێین. ئەو کادیرانەی نەتوانرێت لەو بوارەدا کەڵکیان لێوەربگیرێت، لەوەزارەتی رۆشنبیری دەتوانین سوودی لێ ببینین. لەهەموو حاڵەتێکدا حکوومەت لەبەرامبەر کارمەندەکانیدا بەرپرسەو مافیان دەپارێزێت)). بەپێی قسەکانی د.کاوە، لەقۆناغی ئێستادا وەزارەتەکەیان هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی نییە کە تیڤییەکی تایبەتیان هەبێت.

## تابلۆکان دەگۆڕێن

ئەگەر بەراوردی پێگەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەرێمانەی کە پێگەیەکی هاوشێوەی ئەم هەرێمەی ئێمەیان هەیە بکەین دەبینرێت کە تابلۆکان هەمووی بە زمانی دایک نووسراون، بەڵام لە کوردستان وا نییەو بەشێکی زۆری تابلۆکان بە زمانی عەرەبی نووسراون. لەو بارەیەوە وەزیری رۆشنبیری گوتی ((پێشتر رێنوێنییەک هەبووە، لەوبوارەدا بەڵام جێبەجێ نەکراوە. بەمنزیکانەش لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاکاندا لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە دەکەین)).

# هەرکەسێک بێت و لەهەر پلەیەکدا بێت، من بەپلەی فەرمانبەری گشتی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەم

## بەپێوەری حزبی هەڵسووکەوت ناکات

هەندێکجار رەخنە لە د.کاوە دەگیردرێت کە ئەو دوو پۆستی لە حکوومەتدا هەیە. لەلایەکەوە وەزیری رۆشنبیرییەو لەلایەکی دیکەشەوە گوتەبێژی حکوومەتەو دەشگوترێت کە بەوهۆیەوە ناتوانێت کارەکان بەسەرکەوتوویی راپەڕێنێت و توانای لابردنی کەسێکیشی نییە کە بەمووچەیەکی زۆرەوە خانەنشین کراوەو پاشان بە مووچەیەکی خەیاڵییەوە گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی. وەزیری رۆشنبیری لەوبارەیەوە دەڵێت: ((سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیەو چاودێری کارەکانم دەکات، ئەگەر بزانێت کەموکورتیم لەکارەکاندا هەیە ئاگادارم دەکاتەوە. با روونتر قسە بکەین. من رێز لەهەموو ئەو بڕیارانە دەگرم کە لەلایەن وەزیرانی پێشترەوە وەرگیراوە. فەرمانبەری گشتی هەیەو منیش لەچوارچێوەی دامەزراوەکاندا هەڵسووکەوت لەگەڵ پرسەکان دەکەم. هەرکەسێک بێت و لەهەر پلەیەکدا بێت، من بەپلەی فەرمانبەری گشتی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەم، من دوژمنایەتیم لەگەڵ کەسدا نییە)). د. کاوە، هەروەها باس لەوەدەکات کە بەپێوەری حزبەکان ناجووڵێتەوەو ئاماژەش بەوەش دەکات کە ئەگەر ململانێیەک لەنێوان حزبێک و حزبێکی دیکە یان خودی حزبێکدا هەبێت رەنگدانەوەی بەسەر کاری ئەودا نابێت.

## سەنتەرەکان داناخرێن

لەدەستپێکی کاری وەزارەتی رۆشنبیریدا لیژنەیەک لەلایەن بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ پێداچوونەوە بەسەنتەر و بڵاوکراوەکانی وەزرارەتدا، دروست بوو کە کاریان پێداچوونەوە بەکاری ئەو سەنتەرانەدا بوو، لەوبارەیەوە وەزیری رۆشنبیری دەڵێ، ((ئێمە بەهیچ شێوەیەک رێ لە هیچ کەسێک ناگرین کە سەنتەر دامەزرێنێت و چالاکی بکات. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێک رێنوێی هەیەو هەرکەسێک بتوانێت ئەو رێنوێنیانەی جێبەجێ بکات دەتوانێت سەنتەر دامەزرێنێت)). وەزیری رۆشنبیری ئەوەش روون دەکاتەوە کە پێداچوونەوەکەی ئەوان بۆ ئەوە بووە کە ئەو سەنتەرانەی چالاکن، مینحەکەیان زیاد بکرێت و ئەوانەشیان کە چالاک نین مینحەکانیان کەم بکرێتەوە. وەک دەڵێت کە یەکێک لەو رێوێنیانەی ئێمە ئەوەیە کە دەبێ لەو سەنتەرانەدا رەچاوی پرسی یەکسانی جەندەری بکرێت. بەجۆرێک کە کۆتایەک هەبێت کە رێژەی ژنان لانیکەم لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت.

## بەرهەمهێنانی کورتە فیلم رانەگیراوە

دوای دەستبەکاربوونی وەزیری رۆشنبیری، دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کە یارمەتی ماددی بۆ دروستکردنی کورتەفیلم لەهەرێمی کوردستان راگیراوە، لەوبارەیەوە وەزیری رۆشنبیری دەڵێت کورتە فیلم رانەگیراوە، بەڵکو لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەی هەیە بۆ ئەو یارمەتییەی کە حکوومەت بۆ بەرهەمهێنانی فیلم تەرخانی کردووە. ((چاوەڕێی بودجە دەکەین، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوەبچێت. چونکە پێشتر ئەم مەلەفە لەبواری سەرفیاتدا زیادڕۆیی تێدا بووە)).

لەکوردستان ژمارەیەکی زۆر کەناڵی لۆکاڵی بەبێ مۆڵەت وەشان دەکەن و وەزیری رۆشنبیری حکوومەتیش ئەوە بۆ نەبوونی یاسای تیڤییەکان و یاسای راگەیاندن دەگەڕێنێتەوە.((مۆڵەتدان تەنیا پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گەیاندنیشەوە هەیە. ئێمە بۆ ماوەی دوو مانگ کۆمەڵێ شتمان راگرتووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک رێنوێی دەربکەین کە هەر کەناڵێک داوای مۆڵەتی کرد ئەو مەرجانەی تێدابێت، تا مۆڵەتی پێ ببەخشرێت. بۆ نموونە ئەگەر فیلمێک توندوتیژی تێدابێت دەبێت پاش کاتژمێر ١٠ شەو بێت و لەسەری بنووسرێت بۆ سەرەوەی ١٨ ساڵ)).

www.metewe.com




# ژنانی کورد:
# ڕێگە نادەین شەڕی براکوژی دووپات ببێتەوە

ئامەد

لە کۆنفرانسی ژنی کورد دا کە لە ئامەد بەڕێوەچوو، دروشمی ((کۆنفرانسی نەتەوەیی دیموکراتیکی کورد)) پەسەند کراو ڕاگەیەندرا، ژن هەرگیز ناهێڵن شەڕی براکوژی دووپات ببێتەوە. ئەنجامەکانی کۆنفرانسی ژنی کورد کە لە ٢٤-٢٥ مانگی نیسان لە ئامەد پێکهات، ئاشکرا بوون. لەو کۆنفرانسەدا (١٥٠) ژن لەهەر چوارپارچەی کوردستان و ئەورووپاو ئەمریکایش بەشداربوون و بیروبۆچوونی خۆیان لەبارەی کێشەی نەتەوەیی کورد و کێشەکانی ژنەوە خستە بەر باس و لێکدانەوە. ئەنجامنامەی کۆنفرانسەکە لەلایەن سیاسەتمەداری کورد لەیلا زاناوە ئاشکرا کرا. ئەنجامنامەکە بە کوردی و تورکی خوێندرایەوە. لەیلا زانا، ڕایگەیاند کە ئەوان لە کۆنفرانسی ژنانی کورد دا باسیان لە کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد کردووەو هەروەها سیاسەتی ئەو وڵاتانەیان کە لەبەرامبەر کورد دا زوڵموزۆریان بەکارهێناوە، هەڵسەنگاندووە. زانا، دەستنیشانی کرد کە ئەوان لەسەر قەدەخەکردنی ناسنامەی زمانی کوردیش وەستاون و لە کۆنفرانسەکەشدا باسیان لەکەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی یەکتر، بەدەستهێنانی پشتگیری نەتەوەیی دیموکراتیکیان شرۆڤە کردووەو چەندین بڕیاری گرنگیان وەرگرتووە.

ئەو بڕیار و ئەنجامانەی کە لەکۆنفرانسەکەدا دەرکەوتوون ئەمانەن:

١. کۆنفرانسەکەی ئێمە، بەتایبەتی لەبەرامبەر سیاسەتی ڕەتکردنەوەو نکۆڵیکردنی ناسنامەی کورد و بەگشتیش لەبەرامبەر هەموو ئەو چاند، ناسنامەو ئایینانەدا کە بەهەر شێوەیەک نکۆڵی لەهەبوونیان دەکرێت و ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، خۆی وەک ڕێگای ئامانجی تێکۆشان دەبینێت.

٢. بۆ ئەوەی کە هەموو ناسنامەو کەلتوورەکان لێکنزیک ببنەوەو هەلومەرجی یەکسانی کۆمەڵایەتی بئافرێنرێت، بانگەوازی نەتەوەیەکی دیموکراتیک، وڵاتێکی دیموکراتیک و ڕوانگەیەکی یاسایی دیموکراتیک دەکات.

٣. لەو دەڤەرانەی کە ئاسیمیلاسیۆن (تواندنەوە) لەسەر کەلتوور و زمانی کوردی درێژەی هەیە، خەباتێکی هاوبەش بەبنەما دەگرێت.

٤. بۆ ئەوەی کە ژن وەک ڕەگەزێک ببینێت و چینێکی بۆ دروست بکات، ڕۆڵی پێشەنگی وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی ئازاد، یەکسان و دادوەر بە ژن دەدات.

٥. چۆن دەبێ بابێت، هەموو جۆرە توندوتیژی لەدژی ژنان، وەک ژن بە ژنە، بەزۆر بەشوودان، فرەژنی، خەتەنەکردن، سەپاندی خۆکوشتن، توندوتیژی ڕەگەزی، کوشتن بەناوی شەرەف، توندوتیژی ناو ماڵ، توندوتیژی دەوڵەت، وەک تاوانی مرۆڤایەتی هەژمار دەکات و تێکۆشانێکی هاوبەش لەدژی ئەنجام دەدات.

٦. کۆنفرانسەکە بۆ چارەسەری کێشەکان»ئۆتۆنۆمی دیموکراتیکی هەرێمی (( بەبنەماو ئامانج دەگرێت.

٧. لەدژی مێردی زاڵ و ژنی کۆیلەیەو بەرێکخستنکردنی ژنی سەربەخۆ، ڕامانی سەربەخۆ، بۆ هێزی چالاکی داهێنەر بەبنەما دەگرێت.

٨. لەدژی ئەو شەڕەی کە لەعەقڵییەتی میلیتاریست و پیاوسالارییەوە ڕوودەدات پەنا بۆ کەلتووری ئاشتی دەبات کە بەرامبەر بە کەلتووری توندوتیژی و زمانی شەڕخوازی دەوەستێتەوەو بۆ چارەسەریش بزووتنەوەی ئاشتی ژن بە بنەما دەگرێت.

٩. بۆ ئەوەی لەداهاتوودا لەناو ئێمەی کورد دا ئاشتییەکی ناوخۆیی و یەکێتییەکی نەتەوەیی دروست ببێت، دەبێ ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕین و هەرگیز ڕێگە نەدەین شەڕی براکوژی دووپات ببێتەوە.

١٠. کۆنفرانسەکەی ئێمە لەسێدارەدان وەک تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی پەسەند دەکات بۆ پشتگیریکردنی ئەو کەسانەی چاوەڕوانی لەسێدارەدان دەکەن دەنگ هەڵدەبڕێت. هەروەها بۆ چارەنووسی زەینەب جەلالیان و شیرین عەلەمهویی کە لەزیندانەکانی ئێراندا شوێنبزر کراون، لەبەرامبەر دەوڵەتی ئێراندا دەکەوێتە هەوڵدانی خێرا و بڕیاری گرنگ ڕادەگەیەنێت.

١١. لەبەرامبەر بێ پێگە بوون و بێ ناسنامەبوون کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەسەر کوردی ڕۆژئاوا قورستر دەبێت، بەپەلە بانگەوازی چالاکی دەکات و هەروەها بۆ تێکۆشانیان ڕۆڵێکی ئەکتیف دادەنێت.

١٢. پشتگیری لەو ژنانە دەکەین کە لەسەر خەباتی دیموکراتیک لەزیندانەکانی تورکیادا گیراون.

١٣. وەک درێژەی ئەم کۆنفرانسە، کۆنفرانسی دووهەم لەهەرێمی فیدراڵی باشووری کوردستاندا دەگیرێت.

١٤. کۆنفرانسەکەمان بۆ ئەوەی کە بۆ هەموو کێشە هاوبەشەکانمان چارەسەرییەک بدۆزێتەوە، بە یەک بڕوا، داوای گرێدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی دیموکراتیکی کورد دەکات.

١٥. بۆ ئەوەی لەمە بەدواوە خەباتی ئێمە بەشێوەیەکی هاوبەش بەردەوام بن، ((کۆمەڵەیەکی هەوڵدان))مان دامەزراند کە لە ١٧ کەس پێکدێت.

www.netewe.com

## ئەرەن کەسکین بۆ وارڤین:

# دەبێ تورکیا ناوی کوردستان بەکاربهێنێت

تایبەت

پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، مافناس ئەرەن کەسکین، دەستنیشانی کرد کە ئەو ناخوازێت لەسەر رووی جیهان یەک دەوڵەتیش بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هەموو کەس دەوڵەتیان هەبێت، پێویستە کوردیش خاوەن دەوڵەتی خۆی بێت. کەسکین لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ وارڤین دا گوتی: ((من دەمەوێت لەم جیهانەدا هیچ دەوڵەت لەسەر گۆی زەوی نەمێنێت. بەڵام راستی ژیان وەها نییە. تا ئەو راستییەی ژیانیش درێژەی هەبێ، منیش ناچارم بڵێم کوردستانێکی سەربەخۆ لەدڵی من دا هەیە. ئەوە خەیاڵی منە)).

پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، مافناس ئەرەن کەسکین کە ماوەیەکی درێژ سەرۆکی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهادە)ی ئەستەنبوڵ بوو، ئەوە ١٣ ساڵە بووەتە پارێزەری ئەو ژنە کوردانەی کە رووبەرووی توندوتیژی رەگەزی و هێزەکانی دەوڵەتی تورک دەبنەوە. ئەرەن کەسکین، کە لەهەموو پانێل و وتووێژەکانی خۆیدا وشەی کوردستان بە ئاشکرا بەکاردێنێت، پێشتر لەسەر ئەو وشەیە ساڵێک زیندانی کرابوو.

وارڤین: بالەرۆژڤی هەرە گەرم، واتە لە کرانەوە دیموکراتیکەوە دەست پێ بکەین. پارتی دادوگەشەپێدان، تورکیا و کورد بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە چ قۆناغێکدان؟ کێ زیاتر لە چارەسەری نزیک بووەتەوە؟

کەسکین: چارەسەرکردنی پرسی کورد هەروەها ئاسان نییە. راستییەکەی ئەوەیە من ناودێرکردنی ((کێشەی کورد)) یان ((کرانەوەی کورد)) بۆ چارەسەرکردن بە کەم دەزانم. ناوی کێشەکە کێشەی کوردستانەو ئەو کێشەیەش کێشەیەکی نێونەتەوەییە. لەبەر ئەوەش چارەسەرکردنی گەلەک زەحمەتە. ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووەو هێزە ئیمپریالەکانی جیهان، تەنیا دەیانەوێت بەشێکی کێشەکە- ئەوان چەندە فەرمان بدەن- چارەسەر بکرێت. پارتی دادوگەشەپێدان لەو بوارەدا خاوەن بۆچوونێکی روون نییەو هەڵوێستێکی ئاشکرایشی نییە. لەنێوان سیاسەتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین و سوپای تورکیا دا عاسێ بووە. لەلایەکەوە باس لە کرانەوە دەکرێت و لەلایەکی دیکەوە سیاسەتمەدار و پارێزەرانی کورد کە بەشێوەیەکی یاسایی کار دەکەن دەگیرێن و دەهاوێژرێنە گرتووخانە. ئایا مرۆڤ چ ناوێک لەم رەوشە بنێت؟

وارڤین: پێگەی هەرێمی فیدراڵی کوردستان لای تۆ چ واتایەکی هەیە؟

کەسکین: پێگەی کورد لەهەرێمی فیدراڵی کوردستان منیش وەک هەموو کوردێک دەخاتە جۆش. ئەوانیش ئازارێکی زۆر گەورەیان چێشت، جێنۆسایدیان لەدژ ئەنجامدرا. هەرچەندە وەک ئەوەی چاوەروان دەکرێت پێشکەوتن نەبێت، بەڵام رەوشی ئەوان لە رۆژی ئەمرۆدا زۆر گرنگە. بەڵام بەداخەوە هەموو رەوشی جیهان لەلایەن هێزە ئیمپریالەکانەوە دەستنیشان دەکرێت. دەوڵەت یان هێزە بچووکەکان لەناو ئەو سیاسەتانەدا بەدوای باشترین عاقڵانیترین رێگەدا دەگەرێن. ئەوە رای منە لەسەر ستاتۆی باشووری کوردستان.

وارڤین: رات لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا چییە؟

کەسکین: من پارێزەرێکی مافەکانی مرۆڤم. لەبەر ئەوە خوازیاری ئەوەم پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا پێناسەکراو و بە ((شەخسییەت))تر بێت. من لەو بروایەدام کە ئەوان لەقەیرانێکی گەورەدان، بەڵام سەرەرای ئەوەش هەوڵدەدەن بەرێزانەتر هەڵسووکەوت بکەن.

وارڤین: بەرای تۆ کورد دەتوانن لەناو خۆیاندا یەکێتییەکی نەتەوەیی دامەزرێنن؟ ئایا هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ ئەوە ئامادەن؟

کەسکین: بەرای من شتی هەرەباش بۆ کورد یەکێتی هەر چوار پارچەی کوردستانە. هەرچەندە لەئێستاداو لەئەرزی واقیعدا وانەبێت، بەڵام هەرچی بەرەوپێش دەچین ئەو یەکێتییە لەناو دڵاندا بەهێزتر دەبێت. بەرای من بۆ پێکهێنانی ئەو یەکێتییە ئەرکێکی قورسی زیاتر دەکەوێتە سەر شانی باشووری کوردستان.

وارڤین: بەرای تۆ لەبواری چارەسەرکردنی پرسی کورد دا هێڵە سوورەکان کامانەن؟

کەسکین: لەو بوارەدا من هەرگیز ناتوانم دەست لە چەمکی کوردستان هەڵبگرم. چونکە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو چەمکەوە من کەوتمە زیندان و ساڵێکیش لەپارێزەری دوورخرامەوەو هێشتاش گەلەک داوام لەسەرە. من لەوە دڵنیام و باش دەیزانم کە تا مردن دەست لە چەمکی کوردستان هەڵناگرم و هەمیشە ناوی دێنم.

وارڤین: بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی ئەمرۆ لەلایەکەوە و دڵی ئەرەن کەسکینیش لەلایەکی دیکەوە. لەدڵی ئەرەن کەسکین دا چ ستاتۆیەک بۆ کورد هەیە؟ تۆ بۆ کورد دوای چی دەکەیت؟

کەسکین: من خوازیاری ئەوەم کە هیچ دەوڵەتێک لەسەر گۆی زەوی نەمێنێت. بەڵام راستی ژیان وەها نییە. تا ئەو راستییەی ژیانیش درێژەی هەبێت، منیش ناچارم بڵێم لەدڵمدا کوردستانێکی سەربەخۆ هەیە. ئەوە خەیاڵی منە.

وارڤین: وەک دەزانن بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەدژی ژنان گەلەک تێکۆشان هەیە. تۆ وەک ژنێک هەرگیز رووبەرووی توندوتیژی بوویتەوە؟

www.netewe.com




کەسکین: من ١٣ ساڵە پارێزڤانی لەو ژنانە دەکەم کە لەلایەن دەوڵەتەوە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە. توندوتیژی هەرەگەورەش کە مرۆڤ ناتوانێت ئاشکرای بکات، لەماڵ پێکدێت. ژن بە بیانووی جۆر بەجۆر نایانەوێت پیاوە زۆر نزیکەکانی خۆیان بدەنە دەست. ئەم وڵاتە باوکسالار، میلیتار و فیۆداڵەدا، منیش وەک گەلەک ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوومەتەوە. توندوتیژی جەستەیی و هەستیاریش. هەم لەژیانی کار و هەمیش لەژیانی هاوسەرێتی خۆمدا ڕووبەڕووی توندوتیژی بوومەتەوە.

وارڤین: شێوەی جلووبەرگ لەبەرکردنت تۆ لەهەندێک ژنانی تر جیا دەکاتەوە. تۆ خۆت چۆن ناودێر دەکەی؟

کەسکین: من چەندین ساڵە بەپێی ((ڕوانگەی ژن)) کە ((بزووتنەوەی چەپ)) پێماندەدات جلووبەرگ لەبەر دەکەم. بەڵام کە هاتمە زانکۆ دەستم بە پرسیار و لێکدانەوە بۆ ئەو پرسە کرد. مرۆڤ دەتوانێت هەم چەپگەر، هەم کورد و هەمیش ((ڕێکوپێک)) بێت. من ئەو شێوازەی خۆمم خۆشدەوێت. دڵم چۆنی بوێت وا دەکەم. ئەوەش خۆشحاڵم دەکات.

وارڤین: ئەو ژنە کوردە سیاسییانە کە بەبەردەوامی لە خۆپیشاندان و لێدوانە چاپەمەنییەکاندا بەشداری دەکەن. ئایا دەتوانن ئەوەندەش تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتی ببن؟

کەسکین: لەڕاستیدا ژنی کورد لە قۆناغی شەڕدا لە کوردستان زۆر سیاسی بوون. دەتوانم بڵێم کە بەشێکیان ئازادبوون. بەڵام بەها کۆمەڵایەتییە فیۆداڵ، میلیتار و باوکسارەکان بەشێوەیەک دەوروبەری ئێمەیان تەنیوە وادەکات کە ئەو پیاوانەی شانبەشانی ژنان لەخۆپیشاندانە سیاسییەکاندا بەشداری دەکەن، لەماڵەوە بەشێوازێکی جیا مامەڵە بکەن. پیاو نە دەیەوێت دەست لە دەسەڵاتداری خۆی هەڵبگرێت و نە دەهێڵن کەس لەوبارەیەوە پرسیاریان لێ بکات. لەبەر ئەوەش تێکۆشانی ژنان تێکۆشانێکی بەردەوام و درێژخایەنە.

وارڤین: پەیوەندی نێوان شەڕ و ژن چۆن دەبینیت؟

کەسکین: بەبڕوای من شەڕ لەدژی سروشتی ژنانە. ژن کاتێک کە بۆ دەستبەرکردنی مافەکانیان تێدەکۆشن، دەتوانن هەموو شتێک لەبەرچاو بگرن. هەندێک بیری لێ بکەینەوە. لەکۆمەڵگایەکدا کە هەستی دایکبوون ئەوەندە پیرۆز دەکرێت، ئایا دەبێ ژنانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکان دەست لە منداڵەکانیان هەڵبگرن؟ نەیانهێشت منداڵەکانیان بچنە چیا؟ بەڵام دیسان دەتوانین بەمشێوەیە فورمولەی بکەین: ئەو ژنانەی تێدەکۆشن دەتوانن ئازاد ببن!

وارڤین: لەناو کورد دا قارەمانێک هەیە کە تۆ وەک ڕێبەر و پێشەنگی خۆت ببینیت؟

کەسکین: هەموو ئەو ژنانەی کە لەدژی سیاسەتگەلی نکۆڵی، سڕینەوە و جینۆسایدی دەوڵەتی تورک لە کوردستان شەڕیان کرد و هێشتا شەڕیش دەکەن، بۆ من قارەمان و پێشەنگن.

وارڤین: چ پەیامێکت بۆ ژنانی باشوور هەیە؟

کەسکین: لەگەڵ ئەوەدا کە لەباشووری کوردستان فیۆدالیتە زیان بە ژن دەگەیەنێت، بەڵام ئاگادارم کە ڕێکخراوەکانی ژن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێت. ئەوە تێکۆشانێکی زۆر درێژخایەنە. بۆیە هەموومان پێویستمان پێیەتی. من خوازیاری ئەوەم کە لەنێوان ژنانی باشوور و باکووردا ڕوانگەیەکی هاوبەش دروست ببێت، ئەوە لەلای من گەلەک گرنگە.



دیلار سەوڵەدار

www.netewe.com



لالەش ٢٠١٠ ژنێکی ئێزیدی لە بۆنەیەکی ئاییینیدا

فۆتۆ: رەفیق شوکری

www.netewe.com



# ئێزدییەکان چۆن هاوسەرگیری دەکەن؟

سلێمانی

کوڕان و کچانی ئێزدی، چۆن هاوسەرگیری دەکەن. ئایا کوڕێکی ئێزدی دەتوانێت کچێک لـەدەرەوەی بازنەی ئەو ئایینەدا بخوازێت؟ نەختی هاوسەرگیری چۆنەو ئایینی ئەوان، چۆن ڕێگە بەهاوسەرگیری دەدات؟ ئایا کارئاسانی بۆ هاوسەرگیریان دەکرێت.

ئێـزدی، ئایینێکی ڕەسـەنـی کوردستانەو پاشماوەی ئایینی میترائییە. ئەو ئایینە نـزیـکـەی ٤٥٠٠ پ.ز، لـە هیندستانەوە تا ئـەورووپـای گـرتـووەتـەوە. ڕێـوڕەسـم و دابوونەریتەکانی زۆر لەمیترائییەکانەوە نزیکە. دوای لێکۆڵینەوەو بەراوردی نێوان ئەو دوو ئایینە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە، دەرکەوت کە ئێزدایەتی پاشماوەی میترائیزمە. ئایینی ئێزدی، لەگەڵ قۆناغە جیاوازەکاندا بوونی هەبووەو لەدەرکەوتنی ئایینی نوێ و ململانێی نێوان ئایینەکانیشدا بـەردەوامـی هەبووە. لەکۆندا کە ئایینی زەردەشتی پەیدابووە، بـاوەڕدارانـی ئایینە جیاوازەکان، ناکۆکی کەوتووەتە نێوانیان و پارچەپارچە بوون. بەڵام ئێزدییەکان بەردەوام لەسەر ڕێوڕەسمی ئایینی خۆیان بەردەوامبوون.

بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لـەوەزارەتـی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خێری بۆزانی، باس لەمێژووی ئایینەکەیان دەکات و دەڵێت ئەگەر بەوردی لـەمـێـژووی ئـێـزدیـان، بـڕوانـیـن، تووشی سەرسوڕمان دەبین. بەدرێژایی مێژوویاندا ٧٢ جار ڕووبەڕووی جینۆساید بووینەتەوە. خێری، دەڵێ کە مێژووی ئێزدی مێژوویەکی خوێناوییەو باس لەوەش دەکات کە ئێزدییەکان بڕوایان بەپیرۆزی ( (مەلەک تاوس)) هەیە.

ئایینی ئێزدی، خاڵێکی تەواو جیاوازی لەگەڵ ئایینەکانی تـردا هەیە کە دەبێ لەلایەن پەیڕەوانی ئەو ئایینە پەیڕەو بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ( (بەهیچ شێوەیەک بانگەشەکردن بۆ هاتنەنێو ئایینی ئێزدی، لەلایەن ئێزدییەکانەوە قبوڵ ناکرێت و ڕێگەی پێنادرێت. هەربۆیەش مرۆڤێکی پەیڕەوکاری ئایینێکی تر، بۆی نییە ببێتە ئێزدی)). بەپێچەوانەوە ئایینەکانیتر بـەردەوام بانگەشە بۆ زیادبوونی ڕێژەی پەیڕەوانیان دەکـەن. ئیسلام، یەکێک لەو ئایینانەیە کە بەدرێژایی مێژوو، بانگەشەی کـردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئایینی ئێزدی، ڕێز لەهەموو پەیامبەران و ئایینەکانی دیکە لەئادەمەوە، تا پەیامبەری ئیسلام موحەممەد دەگـرێـت. سـەبـارەت بەگەورەپیاوانی ئایینەکەیان خەیری بۆزانی، گوتی، ئێزدییەکان ڕێز لەپیاوی ئایینی خۆیان وەک، شێخ هادی و ئەوانی دوای ئەویش هاتوون، دەگرن. ئاماژەبەوەش دەدات کە ئێزدییەکان، تاساڵی ١٩٩١، بۆیان نەبوو گوزارشت لەبوونی خۆیان بکەن. لەگەڵ دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، توانیانییان هەناسەی دیموکراتی هـەڵـمـژن ( (دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێم، ئێزدییەکان بەئازادی گشت ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان بەفەرمی و پەیڕەو دەکەن. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە، دامەزراندنی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالشە کە لە ١٩٩٣/٥/١٢، لەڕێگەی ئەم بنکەیەوە دەنگی ئێزدییەکان بەجیهان گەیشت. لەساڵی ١٩٩٦، بـڕیـاردرا کە ئایینی ئێزدی بەشێوەیەکی فەرمی بناسرێت و لەپڕۆگرامەکانی خوێندندا، لەناوچە ئێزدینیشینەکان، هەر لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی، تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی، دابنرێت)).

ڕەوش و دابوونەریتی کۆمەڵایەتی ئێزدییەکان، هەرلەدابەشبوونی چینەکانیان، تا پەیوەندی نێوانیان تارادەیەک جیاوازە. کۆمەڵگای ئـێـزدی بـەسـەر سـێ چینی جـیـاوازدا دابەشدەبێت کە بریتین لە، پیر، مرید، شێخ و هەروەها هاوسەرگیریان لەگەڵ ئایینەکانیتردا قەدەغەیە. هەر هاوسەرگیرییەکیش کە لەنێو ئێزدییەکاندا بکرێت، تەنیا لەنێو هەمان چینندایە. واتە کەسێکی سەر بەچینێکی جیاواز نابێت لەگەڵا چینێکی خوارتر، یان سەرووتر هاوسەگیری بکات. بەپێی قسەی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف، لەبەرئەوەی نەریتی خەرجی زۆر و نەخت، لەنێو ئێزدییەکاندا باوبوو، ماوەیەک هاوسەرگیری لەنێوان گەنجانیاندا کەمبووتەوە. هەندێ لەگەنجان هـزری هاوسەرگیرییان لەمێشکی خۆیان دەرهـێـنـاوە. بۆیە ئەنجومەنی ڕۆحانی ئـێـزدیـیـەکـان، بڕیارێکی گـونـجـاوی بۆ هاوسەرگیری گەنجان، دەرکردووەو بەپێی ئەو بڕیارە نەختی کچان تەنیا بە ٧٥ گرام زێڕ و بەبەهای ئەوەندە پارە دەبێت، ئەم هەنگاوەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوسەرگیری لەڕووی مادییەوە گرنگ بووە.

ئێزدییەکان، ٦جەژنیان هەیە. جەژنی چلەی هاوین، چلەی زستان، جەژنی جەما، ڕۆژوو، چوارشەمما سۆر و بێلندێ. مەراسیمی سێ جەژنی یەکەم، لە پەرستگای لالش، کە تاکە پەرستگای ئێزدییەکانە لەهەموو جیهان دەکرێتەوە.

ڕەوشی ژیانی ئێزدییەکان، وەک ژیانی هەر کوردێکی تری کوردستان، ساڵانە ڕووبەڕووی بێکاری و هەڕەشەی تیرۆرستان، بووەتەوەو بۆیەش بە لێشاو ڕوویـان لە هەندەران دەکرد، بەڵام ئێستا ڕێژەی کۆچی گەنجان، لەنێو ئێزدییەکان کەمبووتەوە.

هێژا شێخ مەمی

# تەڵاق و جیابوونــــەوە لەهەڵکشاندان



هەرکۆمەڵگایەک بەدۆخی وەرچەرخاندا تێپەڕێت، چڕنووکی بێسەروبەری ئیداری و ئابووری، تەواو سەروسیمای هەڵپاچێ، بێگومان دووچاری زۆرێک لەئاریشە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت. چونکە پەرەسەندنی دیاردە قێزەونەکان، دەبنەهۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆر لەسەرمایە ماددی و مەعنەوی و مرۆییەکانی کۆمەڵگا. تەڵاق، کە ئەنتی پرۆسەی هاوسەرگیرییەو هێمایە بۆ ڕوخان، کۆڵەکەی پتەوی خێزان دەڕووخێنێت و لێکترازان لەشوێنی یەکگرتن دادەنێت. کاریگەری نەرێنی بەسەر تاکەکانەوە جێدێڵێت و پەرتەوازەبوونی ژن و مێرد، ماکی کوشندەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها پێشبینی پڕۆژەی خۆکوژی لێدەکرێت. ڕەنگە دزی و بەرەڵابوون و لادانی منداڵی لێ مەیسەر بێت. ڕەنگە لەشفرۆشی یان لەشکرینی بەدوادابێت کە هیچیان لەوی دیکەیان کەمتر نییە. لەوانەیە گەدایی سەرشەقام و نێو کۆڵانە بێبەزەییەکان لەگەڵ خۆیدا بێنێت. پێدەچێت زەمینەخۆشکەربێت کە یەکێ لەو هاوسەرانە (تەڵاقدراوەکان) ببنە ئالوودەی مادده هۆشبەرەکان!.

تا کۆتایی سەدەی نۆزدەش، تەڵاق، لە ئەورووپادا قەدەغەبووە، چونکە کڵێسا دژ بەکرداری جیابوونەوە بوو، بەڵام دوای شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕێژەی تەڵاق، ڕوو لەبەرزبوونەوەیە. ئامارەکان وادەریدەخەن کە لەدوای پەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە، ئەم پەتایە چارەکی خێزانەکانی هەریەک لەئەمەریکا، بەریتانیا، سوید و فەرەنسای گرتبووەوە. بەبۆچوونی شارەزایانی کۆمەڵناسی، یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق، ئازادبوونی ئابووری ژنان و چوونەدەرەوەو کارکردنی ژنە شانبەشانی پیاو. سەربەخۆبوونی ئابووری و کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی خێزاندا، هەڵگەڕانەوەیەتی لەدابونەریتی کۆمەڵگاو گوێنەدانیەتی بەنەریتە هەڵەکانی کۆمەڵگەوە. کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵدا یەکەمین هەنگاوی ژن لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا بۆ وەلانانی نۆرمی کۆمەڵایەتی بوو. هەروەها گوێنەدانی ژنی ڕۆژئاوا بوو بەچەمکەکانی وەک (ژنی تەڵاقدراو) یان (بێوەژن) یان نەسڵەمینەوەیەتی لەوشەی (تەڵاق و جیابوونەوە).

دواجار ئەم ڕەفتارەی ژنی ڕۆژئاوا، بیرکردنەوەو هزری خەڵکی سەبارەت بەوشەگەلێکی زۆر و لەوانەش چەمکی تەڵاق کاڵتر کردووەتەوە. بەئاسایی وەرگرتنی تەڵاق و جیابوونەوەو چەمکی ژنی تەڵاقدراو و بێوەژن لەلایەن کەسووکارو کۆمەڵگای ڕۆژئاواوە هۆکارێک بووە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا. نەترسانی ژن، لەوەی ئیدی چۆن بژیوی ڕۆژانەیان پەیدا بکەن و نەبنە مشەخۆر بەسەر کەسووکاریانەوە، هۆکارێکی ترە بۆ قبووڵکردنی دیاردەی تەڵاق. هەروەها کەمبوونەوەی سەبرو تەحەموول لەنێوان ژن و مێردی نەوەی ئەمڕۆدا (بەتایبەت ئەوانەی کار دەکەن) هۆکارێکی دیکەیە بۆ دەرکەوتنی دیاردەی تەڵاق. بیرمان نەچێت لەزۆر دادگای جیهانیدا (تەڵاق) بەڕێگەچارەیەک دادەنرێت بۆ کەمکردنەوەی کێشە زۆرەکانی نێوخێزانی مۆدێرن. ئەمڕۆ تەڵاق، وەک لەمپەرێک بەکاردێت بۆ ڕێگرتن لەڕوودانی توندوتیژی و کوشتن، بەتایبەت لەو خێزانانەدا کە بێبەرنامە مەیسەر بووەو ڕوویداوەو ژن و مێردەکە لەیەکتری نەگەیشتوون وەک دوو تەن و جەستەی نامۆ ئاوێتەی یەکتر نەبوون، کە ئەمەش لە کۆمەڵگاکەماندا، بەئاسانی لەزۆر خێزانی نوێدا دەبینرێت. مۆدێلێکی نوێ لە کچانی جوان و دەوڵەمەند هاتووەتە ئاراوە کە داخوازی و داواکارییان لە کوڕانی زاوا زۆرەو لەبن نایەت. جاری وا هەیە دوای مانگی هەنگوینی لێکترازاون و تاڵی و شەڕوشۆڕ، جێی شیرینی و خۆشەویستی و ئاسوودەیی گرتووەتەوە. هۆکارێکی دیکەی تەڵاق، گوزەرانی نێو شار و گوندە، ژیانی ناو شارەکان و جەنجاڵی و زۆری داخوازی و خەرجییەکانی جودایە لەژیانی

www.netewe.com

نێو دێهاتەکان. پێش جەنگی عێراق و ئێران، ڕێـژەی پرۆسەی هاوسەرگیری بەرادەیەکی زۆر لـەئـارادا بـووەو تەڵاق دانسقە بووە. دوای ئەو جەنگە پرۆسەی خێزان دروستکردن بەتەواوی وەستاوەو ڕێژەی تەڵاق ڕووی لەبەرزبوونەوە بووە. بەتایبەت لەشارەکاندا کە گرفتی ئابووری و ناهەمواری سیاسی و پەرتەوازەیی و مردن و کوژران و هەڵاتن، لەئارادا بووە. هەروەها دووری پیاو لەژنەکەی، دیاردەی لەشفرۆشی و خیانەتی بەدوای خۆیدا هێناوە. پاش ئەو جەنگە، جەنگێکی دژوارتر هەڵگیرساو پاشان کۆڕەوە میلیۆنیەکەی کوردستانی بـەدواداهـات کە بەتەواوەتی پرەنسیپ و ڕێساو قاڵبی خێزان و پەیوەندی و سۆز و خۆشەویستی لەنێو تاکەکان و ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگای کوردستاندا سەرەونخون کردەوە. لە کوردستاندا تەڵاق لەدێهاتەکاندا نەبووەو کەلتووری سەردەست ڕێگەی بەجیابوونەوەو تـەڵاق نەداوە، بەڵام دوای ڕاگواستن و وێرانکردنیان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ شارەکاندا ئەوانیش لێکترازان و تەڵاق یەخەی گرتوون، بەڵام ڕێژەکەی لەشارنشینەکان کەمترە.



ڕێـژەی بـەرزی تـەڵاق، لەنێو لاوانـدا زۆر بـەربڵاوە، خێزانی نوێ داواکـارن ماڵی جیایان هەبێت کە هەقی خۆیانە، بەڵام گرفتی دەسـتـەبـەر کــردووە، نەبوونی خانووی سەربەخۆ و گرانی خانوو بۆ کـرێ، یـان پێشەکییەکی خەیاڵی کە درزێـک نەخاتەنێو دڵـی خۆشەویستی و ئاسوودەیی ئەو خێزانانەوە. چونکە کێشەی کرێ و پەیوەندی خراپی نێوان خاوەن خانوو لەگەڵ کرێچیدا زۆر لاواز و خراپە. گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونـی فەراهەمدەکات و گوشاری دەروونی و ئابووری دروستدەکات کە دواجار تـەڵاق و جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە. هۆکارێکی دیکە هەبوونی مۆبایل و ناپاکی هاوسەرگیری و پێداویستی مـاددی و جێگرتنەوەی پارە لەشوێنی خۆشەویستی و ڕێـزدا. هەروەها کەمبوونەوەی بڕوا و ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و نەمانی باوەڕ و ئارامگرتن و زیادبوونی تووڕەیی و خۆپەرستی لای خەڵکی بەگشتی، هۆکاری دیکەی گرنگن لەم بوارەدا. ماڵی جیای هاوسەرگیرانی گەنج، لەدڵی گەرم و ئامۆژگاری دایـک و باوکانی هەردوو هاوسەرەکە بێبەش دەکات کە لە گرفتی ڕۆژانـەدا وەک دادوەر و خەمرەوێن دێنە نێوانیانەوەو بڕیاری تەڵاق دوا دەخەن، یان لەمێشکی هەردوولادا لایدەبەن. بۆیە بڕیاری تـەڵاق، بەدەست زاوای گەنج و تەنیاوە داڕووخان بەدەستی خۆی دروست دەکات. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ژن و مێردی گەنج، بـۆی هەیە کە کەسی سێهەم (کوڕ بێ یان کچ) لەبەر جوانی یان دەوڵەمەندی بێتە نـاوەوەو هەرەس بەهاوسەرێتیەکە بهێنێت، واتـە هەست بەبەرپرسیارێتی نەکردن و کەمبوونەوەی ویـژدان و لێکدانەوە لای خەڵکی ئەمڕۆ وایکردووە کە حەزکردن لەپیاوی ژندار یان لەژنی مێرددار ئاسایی بێت. لەئامارێکی یەکێک لەرۆژنامەکانی کوردستان ساڵی (٢٠٠٩)دا ئەوەم بەرچاوکەوت کە لەساڵی (٢٠٠٩)دا، نزیکەی یانزە (١١)هەزار پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدراوەو هەر لەو ساڵەشدا نزیکەی (٣) سێ هەزار تـەڵاق و جیابوونەوە هەبووە. جگە لە کەوتنی (یەک تەڵاق) و چاککردنەوەی لەلایەن مـەلاو مامۆستا ئاینییەکانەوە کە لەئاکامی تووڕەیی و سوێندخواردن بەتەڵاق، هاتووەتە ئاراوە.

**توێژەری کۆمەڵایەتی: تارا ئەحمەد غەفوور**



# شەوی پەردە خوێنی نەبوو خوێنیان ڕژاند

# دابوونەریت و دادگا کوشتیان

ئامەد

((تازە هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کە خوێن لەپەردەی کچێنی نەهاتووە، کوژرا. کێشەکە بەدادگا گەیندرا، بەڵام دادگاش رادەستی نەریت بوو و چاوپۆشی کرد)). کەسووکاری ئەو کچە بەنیازن کە هانا بۆ دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا، بەرن.

دیلبەر ئۆزەر، کیژۆڵەیەکی شاری سێرتی باکووری کوردستان بوو. لەبەر ئەوەی لەشەوی یەکەمی کچێنیدا خوێن لەپەردەی کچێنی (پەردەیەک کە لەمنداڵیشدا ئەگەر دڕانی هەیە) نەهاتبوو، لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا. ئەو، لەتەمەنی ١٦ ساڵیدا بوو کە لەدۆستێکی براکەی بەناوی (موراد کیزلیکان) مارەکرا. لەبەرئەوەی تەمەنی کەمبوو دادگا مارەی نەکرد، بەڵام مەلا مارەی کرد. ئەو لەماڵی خەزووری دەستی بەژیانێکی نوێ کرد. بەڵام پاش تێپەڕبوونی ٥-٦ مانگ لەشووکردنەکەی، لەژوورەکەی خۆیدا لەماڵی خەزووری بەبریندارى دۆزرایەوە. بەشێوەیەک کە دوو گوللەی لەلای چەپی سەری درابوو. ئەو شەوە کە براکەی لەوێ میوان بوو، بردبوویە نەخۆشخانە، بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو و لەرێگەی نەخۆشخانە گیانی لەدەست دابوو. ماوەیەکی کەم پاش رووداوەکە بەفەرمانی دۆزگەری کۆماری سێرت، موراد کیزلیکانی مێردی دیلبەر، براکەی حوسنو کیزلیکان و خەسووی زوبەیدە کیزلیکان دەستگیر کران. بەڵام هەر سێکیان بەبیانووی ئەوەی کەبەڵگە بۆ دەستگیرکردنیان لاوازە، ئازادکرابوون. بەڵام موراد کیزلیکان و دایکی و براکەی جارێکی دیکە لەسەر داواکاری دۆزگەر بەتۆمەتی ((کوشتنی بەمەبەست)) لەلایەن دادگای سزای سێرتەوە دەستگیر کرانەوە. هەر سێ تۆمەتبار، پاش تێپەڕبوونی ساڵێک لەبەر ((کەمی بەڵگە)) جارێکی دی ئازادکران. دادگا، بەتاوانی ((توندوتیژی لەدژی هاوسەرەکەی)) بەکارهێناوە سزای ساڵێک و ١٠ مانگ زیندانی بۆ موراد کیزلیکان بڕییەوە.

بەڵگەکان دەڵێن کوژراوە

ئەوەی لەدۆسیەکەدا سەرنجی مرۆڤ رادەکێشا هەڵوێستی دوو دادگەری ژن، بوو. دادگەری پیاو رەخنەی لەبێتاوانی تۆمەتباران گرت، بەڵام دوو دادگەرە ژنەکە رایانگەیاند کە تۆمەتباران تاوانبار نین و داوای ئازادکردنیان کردن. لەگەڵ ئەوەیدا کە بەدەیان بەڵگە هەبوون کە دەیانسەلماند توندوتیژی لەدژی دیلبەر ئەنجامدراوە بەتاوانی ((خوێننەهاتن لەپەردەی کچێنی)) رووبەرووی ئەو توندوتیژییانە بووەتەوە. دوو دادگەرە ژنەکە، راستییەکانیان قبووڵ نەکرد و دەیانگوت خۆی کوشتووە. چەند بەڵگە بەئاشکرا روونیان دەکردەوە کە دیلبەر کوژراوە. دیلبەر خۆی چەپدەست بوو، بەڵام گوللەکە بەلای راستی سەریەوە نرابوو. دوو رۆژ بەرلەوەی بمرێت، سەردانی ماڵی باوکی کردبوو و پێیگوتبوون کە هاوسەرەکەی (موراد کیزلیکان)بەردەوام لێیدەدات و قسەگەلی وەهای پێگوتبوو: (ئەگەر جارێکی دیکە لێت بدەمەوە دەبێت یان ئیفلیجت بکەم، یان هەردوو پێت بشکێنم)). دیلبەر، لەو هەرەشانە ترسابوو و نەیوێرابوو بچێت سکاڵا لەدژی مێردەکەی تۆمار بکات. موراد کیزلیکان و بنەماڵەکەی پێیان لەسەر ئەوە





دادەگرت کە دیلبەر خۆی، خۆی کوشتووە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی دادپزیشکی، هیچ ئاسەوارێکی باروت لەدەستیدا نەبوو. بنەماڵەی کیزلیکان، دەیانگوت: ((کاتێک گوللەکەی بەخۆیەوەنا، ئێمە گوتمان بێهۆش بووە، بۆیە دەستمان شوشت)). دادگاش بەرگرییەکەی ئەوانی قبووڵ کرد. لە تەپڵەکێکی جگەرەی ژووری دیلبەردا چەند پاکەت و سووتووی جگەرە دۆزرایەوە کە تێیدا مووی برای مێردەکەی دیلبەر، واتە حوسنوو کیزلیکان دەبینرا. هەروەها سەلمێندرا کە دیلبەر، بەر لەوەی بکوژرێت، لێیدراوە و جلەکانیشی دڕاوە و هەندێک بەشی جلەکەی لێبووەتەوە و گوللەی دەمانچەکەش لەدوورەوە پێوەی نراوە. سەرەڕای ئەو هەموو بەڵگانەش لیژنەی دادگا، بڕوای نەکرد کە کوژرابێت.

## دادگا و دابوونەریت کوشتیان

دادگای سزادانی شاری سێرت، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بڕیاری بێتاوان ناساندنی موراد، حوسنو و زوبەیدە کیزلیکانی دا، لەوەرگرتنی وەها بڕیارێکدا پشتی بەهەندی شت بەست کە مرۆڤ ناتوانێت قبووڵیان بکات. لەو بڕیارەدا ئاماژە بەوەکرا سەرەڕای ئەوەی موراد و دیلبەر، چەندینجار سێکسیان کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دیلبەر ((خوێنی لێنەهاتووە)) نەتوانراوە بسەلمێنرێت کە کچە. دادگا لەدرێژەی بیانووەکانی خۆیدا رایگەیاندووە کە بەپێی دابوونەریتی هەرێمەکە دەبوایە موراد، دیلبەری بۆ ماڵی باوکی رەوانە کردبا، بەڵام لەبەر ئەوەی دیلبەری خۆشویستووە، نەینارددووەتەوە. دادگا بەو شێوەیە دەیەوێت بڵێت کە مێردی دیلبەر، موراد کیزلیکان، دەبوایە بەپێی دابوونەریت بووکی، بناردبایەتەوە بۆ ماڵی باوکی و نەناردنەوەی بووک بۆ ماڵی باوکی وەک سەلماندنی ((بێتاوانی و بێگوناهی)) لەقەڵەم دەدات. بنەماڵەی بووک نازانن چی لەو بڕیارەی دادگا بکەن و چۆن لەگەڵی مامەڵە بکەن.

((بۆ بەر لەمردنی سکاڵای تۆمار نەکردووە؟))

لەگەڵ ئەوەدا کە سەردۆزگەری کۆماری دادگای باڵا هەموو بەڵگەکانی لەبارەی (موراد کیزلیکان، زوبەیدە و حوسنو) بڕیاری دادگای سزا قورسەکانی سێرتی پشتڕاست کردەوە، بەجێی ئەوەی سزای هەتاهەتایی بەسەریاندا بسەپێنێت، زۆری نەمابوو کە خەڵاتیان بکات. چونکە لێکۆڵەرەوەی دادی داوای ئەوەی کردبوو کە ئەو سزایەی ساڵ و ١٠ مانگەش کە بەتاوانی بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژی دیلبەر بەسەر مورادا سەپێنرابوو، بەتاڵ بکرێتەوە. بیانووی لێکۆڵەر بۆ سەلماندنی داواکارییەکەی ئەوە بوو: ((ئەگەر دیلبەر ئۆزەر، لێیدرابایەو توندوتیژی بەرامبەری کرابا، بەرلەمردنی خۆی سکاڵای لەدژی مێردەکەی تۆمار دەکرد، بەڵام نەیکردووە)).

## ئەو بنەماڵە چیتر بڕوا بە یەکسانی ناکات

پارێزەری بنەماڵەی دیلبەر ئۆزەر، لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند: ((بنەماڵەی دیلبەر، زۆر لەسەر دۆسیەکە وەستان، تا دوایین چرکە پشتگیری منیان کردو داوایان کرد کە لەداواکە سەرکەوتوو بین و تاوانباران سزا بدرێن. لەهەموو دانیشتنەکاندا ئامادەبوون، بەدوای هەموو دانیشتنەکاندا چوون. باوکی ئاگای لەرووداوەکە نییە. دیلبەر، دوو رۆژ بەر لەکوژرانی بەدایکی خۆیی گوتبوو کە مێردەکەی لێیدەدات. بنەماڵەی ئۆزەر، تا دوایین چرکە بڕوایان بە عەدالەت بوو. بەڵام پاش ئەو بڕیارەی دادگا، چیتر نایانەوێت هیچ پەیوەندییەکیان بەو داوایەوە هەبێت. لەبەر ئەوەی بنەماڵەیەکی ئیماندارن، هەموو شتێک حەواڵەی خودا دەکەن. ئێمە بەهیواین کە ئەو بڕیارە هەڵبوەشێتەوەو چاوەڕوان دەکەین، تا لە دادگای باڵا بگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو بڕیارە بەتاڵ نەکرێتەوە، دووبارە داوا لەدادگا دەکەین کە پێداچوونەوەی بۆ بکات. ئەگەر دادگا قبووڵی نەکات، داواکە بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا رەوانە دەکەین)).

www.netewe.com

# تووڕەیی منداڵ؟



دهۆک

ئەو تێڕوانینەی باوکان، زۆر هەڵەیە کە هەستدەکەن ناکۆکی و ئـاژاوەی ئەوان لەنێوماڵدا کاریگەری بۆ سەر منداڵەکە نابێت، بەپێچەوانەوە یەکەم هۆکاری بێزاری و ناڕەحەتی منداڵ، لـەوەوە سەرچاوەی گرتووەو کاریگەری خراپی بەسەر تووڕەیی منداڵەوە دەبێت.

دەرکەوتنی هەر حاڵەت و دۆخێکی نائاسایی لەمنداڵدا بۆ هەبوونی نەخۆشی ئەندامی، یاخود نەخۆشی دەروونـی وەک خەمۆکی و دڵتەنگی و پەستی دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەری گواستنەوەی نەخۆشی لەدایک یان باوکەوە بۆ منداڵەکان بەزۆری لەئارادایە. منداڵ، دیاردەی تووڕەیی و وەڕسـی لەدایکەوە وەردەگـرێ و دووچاری جۆرێک لەدەمارگرژی دەبێت، لەڕێی گواستنەوەی هەستی تووڕەیی و بێزاری دایکەوە منداڵەکە وایلێدێت کە تووشی سەغڵەتی و بێزاری و دوودڵی و ڕاڕایی و خەمۆکی ببێت. ژینگەی کۆمەڵایەتی ناو خێزانی منداڵ دەبێتە فاکتەرو پاڵنەرێکی ڕاستەوخۆ بۆ تووڕەبوونی بەردەوامی. لێرەدا پێویستە بەوردی هۆکارە سەرەکییەکانی تـووڕەبـوونـی مـنـداڵ، بەپێی دووا تۆژینەوەی دەروونناسان و پزیشکانی منداڵان دەستنیشان بکەین کە ئەمانەن:

- ناکۆکی و ئـاژاوەی بـەردەوام لەنێوان دایک و باوکدا.
- بایەخنەدان، یان گوێنەدانی تەواو لەلایەن

باوک، خوشک و برا، یان هاوڕێیانی.

- دروستکردنی ژینگەو کەشوهەوایەک کە وا لەمنداڵەکە بکات، هەست بەکردنی کردارێکی تاوانئامێز، یان خۆبەکەمزانین و بەدەبەنگزانین، بکات.

دەربڕینی حاڵەتی تووڕەیی لای منداڵ، لەگەڵ دایک و گەورەکان جیاوازە، بەوەی کە هەمیشە ناڕەحەت و دەمارگرژو کەللەڕەق دەبێت، ئارەزووی خواردنی نا مێنێت ، یاری و شتومەکی دەوروبەری خۆی دەشکێنێت. کزو گۆشەگیر دەبێت و حەز بەهاوڕێیەتی کەس نابێت. لەتەمەنی مێردمنداڵی و لەنێوان (١٢-١٥) ساڵیدا بەشێوەی ڕەفتاری چـەوت و کردەوەی هەڵە دەریدەبڕێت، یان لەشەڕکردن و توندوتیژیدا نومایشی دەکاتەوەو ڕەنگە بگاتە ئاستی درۆکردن و دزیکردنیش.

ناو ماڵ و خێزان کە گرنگترین و سەرەکیترین شوێنە بۆ منداڵ، ئەگەر هێمنی و ئارامی تێدا نەبوو، ئەوا لە بێبەشبوونیدا بۆدڵنیایی و ئاسوودەیی هەست بەبێزاری دەکـات، هەروەها لەهەبوونی ئاژاوەو شەڕوشۆڕی نێوان دایک و باوکیشدا منداڵ هەست بـەتـووڕەبـوون دەکـات. ڕێنوێنی و ئامۆژگاری پسپۆڕانی دەروونناسی بۆ نەهێشتنی حاڵەتی تووڕەیی بریتییەلەوەی کە باوک ناکۆکی و ئاژاوەی نێوان خۆیان لەبەردەم منداڵەکانیاندا نومایش نەکەن. هەروەها بۆ باسکردنی هەڵەو چەوتی و چارەسەری ئاریشەو دەمەقاڵی، بچنە ژوورێکی دیکەو دەنگی بەرزو قیژەو هەرا دروست نەکەن، هەوڵبدەن لە لێدان و هەڕەشەو تۆقاندنی منداڵەکانیان خۆ بەدوور بگرن.

ئامۆژگاریمان بۆ باوکان، بەشێوەیەکی گشتی بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت: لـەگـەڵ تـووڕەبـوونـی منداڵەکەتدا دانبەخۆتاندا بگرن، بەتایبەت ئەگەر لەدەرەوەی ماڵدا بوو، شەرم نەتانگرێ و لێیمەدەن، هەوڵبدەن باسی ئەو بابەتە مەکەن کە وڕکی بۆ گرتووەو بیری بـەرنـەوەو باسەکە بگۆڕن. ئەگەر تووڕەبوونەکەی هاوارکردنی لەگەڵدا بـوو، ئێوە ئـارام بن و خۆتان بەشتێکی دیکەوە خەریک بـکـەن و بـەشـێـوەیـەکـی کاتی پشتگوێی بخەن، چونکە ئەگەر باوک تووڕەتر بێت ئەوا منداڵ کەللەڕەقتر دەبێت. هەوڵبدەن بزانن هۆی تووڕەبوون و هاوارکردنی منداڵەتان چییە، ئەو هۆکارە دووبارە مەکەنەوە. هەوڵبدەن داوای هەر شتێکی کرد یەکسەر بۆی مەکڕن و بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵی بکەن و سەرنجی بۆ شوێنێکیتر ڕابکێشن، ئاوەهاش هۆکاری تووڕەبوونەکەی بیر دەچێتەوە.

ئا: ئاشتی عەبدوڵڵا

سەرچاوەکانی ئەم باسە:

طفلك من ٣سنوات الى ٦ سنوات. ان باخوس. بيروت. دار الفراشه ١٩٩٨

www.hetewe.com



# گریانی ساوا بەریتمی زمانی دایکە

لە فەرەنسییەوە: ئارام عوسمان

www.netewe.com

ساوایانی ئەڵمانی بەئەڵمانی دەگرین و فەرەنسی بە فەرەنسی، توێژەرانیش لەوبڕوایەدان کە ساوایان، پێش لەدایکبوونیان لەسەر ریتم و میلۆدی زمانی دایکیان دەگرین. دایکان و باوکان، دوای هاتنە ژیانی کۆرپەکانیان گوێبستی ئەمە دەبن.

ساوایانی ئەڵمانی جیاوازتر لە ساوایانی فەرەنسی بەزمانی دایکی خۆیان دەگرین. بەتایبەت میلۆدی و ریتمی هاوارکردنی جیاوازی تێدا دەبیسترێت، هەروەک «Kathleen Wermke» و هاوەڵەکانی لەسەر ڕووپەری گۆڤاری «Current Biology»دا نووسیویانە کە ساوایان هەر لە سکی دایکیانەوە زمانی دایک و باوکیان وەردەگرن. لەمبارەیەوە توێژەران لەنەخۆشخانەی فێرکاری «Würzburg» لە ئەڵمانیا دەڵێن: ((ساوایان شێوازی میلۆدی زمانی دایکیان وەردەگرن.))

توێژەرانی ئەڵمانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر قیژەو گریانی ٦٠ ساوای ئەڵمانی و فەرەنسی کرد. توێژەران لەرەی ساواکانیان لەڕۆژی یەکەمی لەدایکبوونەوە تا پێنج ڕۆژی تەمەنیان وەرگرت. توێژەران لەڕێگای مایکرۆفۆنەوە گریانی کوڕان و کچانیان وەردەگرت و بەیارمەتی کۆمپیتەرێک شەبەنگی شەپۆلەکان، میلۆدی و بەرزی دەنگیان شیکارکرد. دەرئەنجام بۆ توێژەران دەرکەوت کە گریانی ساوایانی فەرەنسی لە شەپۆلێکی نزمەوە بۆ بەرز دەڕوات. لەکاتێکدا ساوایانی ئەڵمانی لەسەرەتادا بڵند دەگرین و دواتر بڵندتر، دواتر دەنگیان نزم دەبێتەوەو ئینجا زیاتر نزم دەبێتەوە. ئەگەر ساوایان لەفەرەنسا بانگی بابە بکەن، جەختی سولابی (Syllable) دووەم دەکەن- هاوکات ساوایانی ئەڵمانی جەخت لە یەکەم دەکەنەوە. دەمێکە دەزانرێت کە کۆرپە هەر لەسکی دایکیانەوە دەنگی دایک و باوکیان دەناسنەوە.

# ئەو خێزانەی مەرگ چاوەڕوانیان دەکات





قامیشلۆ ٢٠١٠ وێنەی تیشکی خێزانێکی کورد کە بەدەست نەخۆشی بۆرت دەناڵێنن

قامیشلۆ

خەمی ڕۆژانەیان کۆکردەوەو خێزانێک بەرەو گۆڕستانی شار بەشێوەیەکی زنجیرەیی بەرێکەوتن. ئەوان بۆ سەردانی نەسرینی کچیان ناچن کە پێش دوو ساڵ لێرەدا بەخاک سپێردراوە، بەڵکو سەردانەکەیان بۆ ئەوەیە لەم گۆڕستانەدا دوای ئەوەی دەمرن ببنە خاوەنی مەترێک زەوی و پێشتر کە زیندوو بوون لەم دنیایەدا خاوەنی ماڵ و زەوی خۆیان نەبوون.

کامە چارەنووس چاوەڕێیان دەکات و کامە مەترە زەوی دەبێتە بەشیان و کامە پەیامە لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ نەسرین و پەروەردگار سەبارەت بەرەوشی مرۆڤەکان و جیاوازی هەڵوێستەکان، ئەو دایکەی بەمردنی نەسرین جەرگی سووتاوەو چاوەڕوانی مردنی منداڵەکانیتری دەکات.

عائیشە، چاوەڕێی کردم، پێیانڕاگەیاندبوو کە من بەروونی چیرۆکی مەرگەساتی ئەم خێزانە بە ئێوە دەگەیەنم. عائیشە دایکێکە وەک هەموو دایکەکانی تر و یەک پارچە سۆز و خۆشەویستییە، خەونی ئەوە دەبینێت کە لێدانی دڵەکانی بۆ جگەرگۆشەکانی بێت، دەستەوەستان لەبەرامبەر قەدەر وەستاوە، تەنیا دەتوانێت فرمێسک بڕێژێت.

لەگەڵ چاوەڕوانی هیوایەک کە دێت یان نایەت، بە عائیشەم گوت: ((بڕوای تەواوت بە پەروەردگار هەبێت، متمانەی تەواوت بەمرۆڤی ئەم سەردەمە هەبێت)). فرمێسکەکانی سڕی بە شەرمەوە، بەدەنگێک کە وەک خوێن لێچۆڕانی دڵی بێت و بەئازاری لەدەستدانی نەسرین، کە تەمەنی ١٨ بەهار بوو لەگەڵ ئەو خەون و ئاواتانەی لەگەڵ خۆی بردیە ژێر گڵەوە، هاواری دەکرد ئای نەسرین گیان! کێ لە ئێمە یەکەم کەس دەبێت بگاتە تۆ؟ ئای نەسرین گیان! باوکە پەککەوتەکەت بۆ پەیداکردنی پارووییەکی ڕۆژانە لە شەقامی هیلالیەی قامیشلۆ عەرەبانە ڕادەکێشێت. قامیشلۆ، بۆ نەسرین خەمبارە، زیاتریش بۆ خێزانەکەی ئێمە خەمبارە.

نەسرین گیان! باوکت زۆر ماندووە ناتوانێت ڕۆژانە نان و کۆلێرەی گەرم بێنێتەوە، ناتوانێت لەگەڵ دەستی خۆی دیاری بۆ براو خوشکەکانت بێنێتەوە، چونکە تەنیا و تەنیا دەرمان دیاری خێزانەکەمانە. زۆر هەوڵمدا تۆزێک لە ئازارەکانی کەم بکەمەوە، بەڵام هەوڵەکانم بێسوود بوو، ڕاستە من شکستم هێنا، بەڵام بێهیوا نەبووم. عائیشە، گوتی: ((کچەکەم لە نوێژەکانتدا داوا لە پەروەردگار بکە بەزەیی پێمدا بێتەوەو گیانی من پێش منداڵەکانم وەربگرێتەوە، کچەکەم توانایی ئەوەم نییە کە منداڵەکانم لە گۆڕستان بە بەرچاومەوە بنێژن)).

هەوڵمدا ئەم باسە بگۆڕم و لەگەڵ (شڤان)ی کوڕی تەمەن ١٦ساڵی قسە بکەم، بەڵام وەڵامی نەبوو، سەیری منی کرد و بە ڕوانینەکانی دەیویست شتێ بە من بڵێت، بەڵام تەنیا چاوێکی مابوو و چاوەکەیتری بە نەخۆشی لەدەستدا بوو، بەبێدەنگی هاواری دەکرد: ((ڕزگارمان بکەن، کەس هەیە فریامان بکەوێت و کەس هەیە وەڵاممان بداتەوە)). هەوڵەکانم بۆ گۆڕینی قسەکان بەفیڕۆ چوو، چونکە (شڤان) یش دووچاری ئەو نەخۆشیە بوو کە (نەسرین) یش بەهەمان نەخۆشی گیانی لەدەستدا بوو. ناوی ئەو نەخۆشیە* ((بۆرت))ە. شڤان لەئەنجامی ئەم نەخۆشیە هەردوو گورچیلەی لاواز بوون ئەمەش وایکردووە هەستی بیستن و یەکێک لەچاوەکانی

www.netewe.com



خێزانی عائیشه

فۆتۆ: وارڤین

لەدەستبدات.

سەیری چاوەکانی (بەشار)م کرد کە منداڵێکی ٩ ساڵانەو تەماشای چاوی (سەبریە)م کرد کە کیژۆڵەیەکی تەمەن ١٢ ساڵانە، زۆر بەخەمباری سەیری (شڤان)ی برایی دەکرد و خەم و ئازاری (نەسرین)ی خوشکیان لەدڵدا بوو. سەرباری ئەوەی تەمەنیان کەمەو منداڵن، بەڵام دەزانن ئەوانیش دەبێ ڕێگای (نەسرین و شڤان) بگرنەبەر. (بەشار) دەستە بچووکەکانی لەسەر چاوی دانابوو.

ئایا بۆ ئەوەیە کە خەمی شڤان و دایکی نەبینێت یان هەستی بەمەترسی نەخۆشی ((بۆرت)) کردووە، تەنیا چەکی دەستی ئەوەیە چاوی بگرێت بۆ ئەوەی ئەو چارەنووسە ڕەشەی چاوەڕێی دەکات لەبەر چاوی نەمێنێت. پرسیارم لە (عائیشە)ی دایکیان کرد، هەرچەندە دەمزانی پرسیارکردن ئازارەکانیان زیاتر دەکات. گوتم، ئەم نەخۆشیە چییە تووشی ئێوە بووە، چارەسەری چییە؟ گوتی: ((ئەم نەخۆشیە (بۆرت)ەو وردەکاری نەخۆشییەکەی بۆ باسکردین،. هەرچەندە ژنێکی سادە بوو، بەڵام چونکە لەگەڵ نەخۆشیەکەدا ژیاوە هەموو لایەنێکی دەزانی، ئەم نەخۆشییە منداڵەکانی بەمەرگ دروێنە دەکات، لەقسەکانی عائیشەوە لەوە گەیشتم کە ئەم نەخۆشییە هەموو هەستەکانی مرۆڤ ورد دەکات، کەڕی و کوێری و لەدەستدانی گورچیلەکان و پاشان مەرگ بێئاگادار کردنەوە دێتە لایان.

دامەزراوەو دەزگاحکوومییەکان بێتوانا لەبەردەم ئەم نەخۆشیە دەستەوەستان ماونەتەوە، بێئەوەی هیوا بۆ ئەو مرۆڤانە بگەڕێننەوە.

پێش ئەوەی لەناو ئەم خەم و ئازارە بچمە دەرەوە لە شارێکی لەبیرکراو و لەپارچەیەک کە وەکو شارەکانی خەون دەبینێت، چوومە ناخی سەبریەو بەشار و عائیشەی دایک گوتی: ((بۆ هەموو کەسێک وێنەی ئەم ژیانەو خەموئازارەکانمان بگەیەنە، داوای لێبوردن لەهەموو لایەک دەکەم، تەنیا ئازارم هەیە کە وەک پەیامێک بینێرم، خۆزگە پەیامی خەندەو خۆشیم بۆ هەموو کوردستانیان هەناردبایە)).

منیش بە عائیشەم گوت، بەو هیوایەی ئازارەکانی کەمبکەمەوە، پەروەردگار کەسانێکی بەسۆز و وەڵامدەر و باشی دروستکردووە، وێنەی ئەم ڕەوشە مەرگەسات و پڕ ئازارەی ئێوە دەگەیەنمە کەسانی جوامێر و چاک و خێرخواز، بەو هیوایەی بەهاناتانەوە بێن و ئازارەکانتان کەم بکەنەوە. چۆن تۆ چاوەڕێی ئەوە دەکەیت مەرگ دروێنەی منداڵەکانت بکات ئاوا چاوەڕێی کەسانی دڵسۆز و بەسۆز بکە فریاتان بکەون و چارەسەری منداڵەکانتان بکەن. چاوەڕێی کەسانی خاوەن هەڵوێستی مرۆڤانە بکەن.

* بۆرت چییە؟

نەخۆشییەکی بۆماوەییە بەزۆری دووچاری ڕەگەزی نێرینە دەبێت، لەو نەخۆشییەدا سەرەتا هەستی بینین و بیستنی تووشبوو لاواز دەبێت و پاشان لەناکاو مەرگ دەبێتە میوانی. دەبێ هەر لەدەستپێکەوە چارەسەری نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە بکرێت کە هەندێکیان بریتین لە: کەمخوێنی و گوشاری خوێن. پزیشکەکان بۆ چارەسەری هەمیشەیی ئەم نەخۆشییە پەنا دەبەنە بەر چاندنی گورچیلەکان، چونکە ئەوەی تووشی ئەم نەخۆشییە بێت، گۆشتی گورچیلەکانی لەیەکتر جیادەبنەوە. ئەم خێزانەش پێویستیان بە چاندنی گورچیلەیە بۆ ڕزگاربوون لەو نەخۆشییە، بەڵام لەبەر کێشەی ماددی ڕەنگە مەرگ میوانیان بێت.



لاڤە خالید



www.netewe.com

# لەچکەکەی کۆتایی بە ژیانی هێنا

رانیە

((چوومە ژووریَ کەسی لیَ نەبوو، بەس دایە عاسمە لەویَ بوو، بە قادرمەکانەوە خۆی هەڵواسی بوو، چاوی زەق ببوو، ملیشی بۆ پشتەوە سوورڕابوو. منیش ترسام و بەڕاکردن چوومە لای مامم لەدوکان و ئاگادارم کردەوە)). ئەمە گوتەی منداڵێکی ١٠ساڵە، کاتیَ رووداوی خۆهەڵواسینی عاسمە، بەلەچکەوە لەماڵدا دەبینێت.

عاسمە رەسول خدر، ژنی ماڵەوە بوو. لە گەڕەکی بناری شارۆچکەی رانیە دادەنیشت و تەمەنی ٧٠ ساڵ بوو. لەبەرواری ١٦- ٤- ٢٠١٠ لەپیرەمەگرون، لەماڵی کوڕەکەی بەلەچکەکەی خۆی خنکاند. ١٥ ساڵ لەمەوپێش مێردەکەی بەنەخۆشی مردووە. دووکوڕ و کچێکی هەیە. بەپی زانیارییەکان، ماوەی ٤ساڵە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە. پێشتر نەخۆشی دڵی هەبووەو بەهۆی قەستەرەی دڵەوە دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. بەپێی قسەی هەمین عەبدوڵڵا، کچی عاسمە کە جلێکی سادەی رەشی لەبەردابوو، بەدەم گریانەوە دەیگووت، دایەگیان بۆ وات لەخۆت کرد.((ئەو رووداوە دەستی کەسی تێدا نەبوو. ماوەی سیَ چوار ساڵە باری دەروونـی تێکچووە. نەدەبوایە هیچکات بەتەنیا جێی بهێڵین، چونکە هەر تەنیا بوایە دەستی دەکرد بەگریان و خۆڕنینەوە)). بەپێی قسەکانی هەمین، یەکەمجار نەبووە کە دایکی هەوڵی خۆکوشتن، دەدات، بەڵکو چەندینجاریتر، چەقۆ وشقارتەیان لەدەست دەرهێناوە، ئەو بـەردەوام گلەیی ئەوەی لە گـەردوون کـردووە کە ((نامرم. بۆیە دەبیَ خۆم بکوژم)). هەمین، ئەوەش دەخاتەڕوو کە دایکی ژنێکی لەخودا ترس بووەو چەندجارێک بردوویانەتەلای مەلا و مەلاش گوتوویەتی بەهۆی کاریگەری ئایینەوە تێکچووە. وەک دەیڵێت جارێک براژنەکەم چەقۆی لێسەندووەو چەندجاریش هەوڵی خۆسووتاندنی داوە، بەڵام نەیانهێشتووە. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە پێشتر بردوویانەتە لای پزیشک، ئەویش گوتوویەتی تووشی نەخۆشی دەروونی بووەو مێشکی زۆر لەقەبارەی خۆی بچووکتر بووەتەوە. فاتمە حەمەد، خزمی پورە عاسمە، باس لە کاریگەری ئایین دەکـات کە تا چ رادەیـەک رۆڵی هەبووە لە تێکچوونی باری دەروونی عاسمە ((باری دەروونی تەواو نەبوو و هەر لەخۆیەوە وای لێهات، بەڵام زۆر بەدین بوو، چەندین شێخ و مەلایان پێکردو چەندجار بردیانە لای پزیشک، هەر چاک نەبوو. بەردەوام خۆی دەشوشت و دەیگوت لەشم پیسە نوێژم قبوڵنابێت، زۆر جار سەربەخۆ دەستی دەکرد بەخۆڕنینەوەو لەخۆی دەدا. ژنێکی زۆر ڕێکوپێک بوو)). ڕووناک کە بووکی عاسمەیە، سەبارەت بەچۆنیەتی رووداوەکە بە وارڤینی راگەیاند، دوو رۆژ بەرلەخۆکوشتنی خەسووم سەردانی ماڵی کوڕەکەی کردووە.((لەرۆژی رووداوەکەدا من و دایکم چووینە پرسەی ژنێکی ئەنفال کە لەرۆژی یادکردنەوەی ئەنفالدا دڵی وەستابوو، سەرەتا ئەویش ویستی لەگەڵمان بێت، بەڵام دوایی پەشیمان بووەوەو گوتی تۆ بڕۆ من لای کوڕەکەت دەبم )).

وەک ڕووناک دەیگێڕێتەوە دوای ئەوەی لە پرسەکە دەگەڕێنەوە (کاتژمێر ٤ی ئێوارە) دەبینێت خەسووی لە هۆڵەکەیاندا پاڵخراوەو بێئەوەی هیچ جووڵەیەک بکات، دوای ئەوەی پزیشک دەگاتە سەری یەکراست رەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێت لەبەشی ئینعاش تاکو کاتژمێر ٥:٢٥ی بەیانی دەمێنێتەوەو دواتر گیانی لەدەستدەدات و روونکردنەوش دەخاتە روو.

((کوڕەکەم لەوکاتەدا رۆیشتبووە دەرەوە تا شت بکرێت، جا نازانم ئەو ناردبووی، یان نا؟ کوڕێکی دراوسێمان چووبووە ژووریَ کە ئەوەی بینیبوو بۆ لای مامی رایکردبوو و دراوسێکانیشی ئاگادار نەکردبووە یەکسەر چـووبـوو بـەمـامـی گـوتـبـوو کـە هاتمەوە ئەوانی لەسەر بوو)). دڵخواز، کە خزمێکی نزیکیەتی سەبارەت بەباری دەروونی عاسمە دەڵێت: ((ماوەی سیَ چوار ساڵ بوو، باری دەروونـــی تێکچوو بـوو. زۆرجـــار دەیگوت بەخودا من نامرم هەردەبیَ خۆم، خۆم بکوژم، چەندجاری دیکەش هەوڵی ئەوەیداوە خۆی بسووتێنێت، بەڵام فریای کەوتوون. دەستی کەسی تێدا نییە، بۆ خۆی وای لەخۆی کردووە، چونکە ئەوماڵە بەردەوام دەبوایە پاسەوانی لیَ بکەن. نـەدەبـوو هیچ کاتێک بەتەنیا بێت)). نەزیرە، بووکێکیتری عاسمەیە، باس لەوەدەکات کەخەسووی حاڵەتی دەروونی تەواو نەبوو. دەبوایە شەو و رۆژ چاودێری بکەن. شەوانە دەبوایە هەموو دەرگاکان دابخەین نەوەک شتێک لەخۆی بکات، چونکە زۆر جاریتریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، ئاگرو نەوت و چەقۆمان، لەدەست دەرهێناوە.

((سیَ رۆژ پێش ڕووداوەکـە لای من بوو، چوو لەسەربانەوە خۆی هەڵدایە خواریَ،

www.netewe.com



فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

پیاوەکەم فریایکەوت گرتیەوە، تەنانەت قۆڵیشی دەرچوو، دوای دوو ڕۆژ چووبوو بۆ پیرەمەگرون بۆ ماڵی شووبراکەم، لەوێش ئاوای لەخۆی کرد)).

ڕێکار، تەمەن ١٠ ساڵان ئەو منداڵەبوو کە یەکەم کەس بووە چووەتە سەر ڕووداوەکە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکە بۆ وارڤین دواو گوتی: ((چوومە ژوورێ کەسی لێ نەبوو، بەس دایە عاسی لەوێ بوو بەقادرمەکانەوە خۆی هەڵواسی بوو، چاوی زەق ببوو، ملیشی بۆ پشتەوە سووڕابوو، منیش ترسام و بەڕاکردن چوومە لای مامم لەدوکان و پێمگوت، ئەویش هاتە سەرێ و بردی بۆ نەخۆشخانە)).

پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د. توانا عەبدولڕەحمان، خوێندنەوەی بۆ ئەو ڕووداوە ئەوەبوو کە کاتێک عاسمە، لە ئایین قووڵبووەتەوە ڕەنگە وایلێهاتبێت کە تووشی نەخۆشی سایکۆس: (نەخۆشییەکە وادەکات مرۆڤ لە واقیع دووربکەوێتەوەو بچێتە وەهمەوە)، بووبێت. وەک باسی کرد کە لەنیشانە دیارەکانی ئەو نەخۆشییە، پەنابردنی کەسی تووشبووە بەهەوڵدان بۆ خۆکوشتن. هەوڵدانی عاسمەش کە بەرلەوەی خۆی بکوژێت، پەنای بۆ خۆکوشتن لەرێگەی چەقۆوە بردووە، ئەمە نیشانەیەکی دیاری نەخۆشی سایکۆسە.

د.توانا، باس لەوەش دەکات کە سەرووی ١٠٪ـی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی سایکۆس دەبن، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن. هەروەها دەڵێت: ((ئەوانەی کە لە ئایین قووڵ دەبنەوە، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە بەتەمەن بێت، بەدەگمەن هەیە پەنا بباتەبەر خۆکوشتن)). بەڵام وەک ئاماژەیدا کە ئەو حاڵەتەی عاسمە، پێشتر تووشی نەخۆشی سایکۆس بووە، دواتر لەو ڕێگەیەوە وایلێهاتووە کە پەنا بەرێتە بەر خۆکوشتن.

د. توانا، ئەوەیشی خستەڕوو گۆڕان لە هۆرمۆنەکان، نەمانی توانای سێکسی و بێئومێدی، وا لەو کەسانە دەکات کە تووشی نەخۆشی سایکۆس بوون، بیر لە خۆکوشتن بکەنەوە.

www.netewe.com

# نوکتە
## گەنجی و

## باوی نوکتەی سێکسییە

هەولێر

((کچێک سواری پاس دەبێت بەرلەوەی دابنیشێت پاسەکە دەجولێت و دەکەوێتە باوەشی پیرەمێردێک، دەڵێت، عەفوو مامە، پیرەمێردەکەش دەڵێت عەفووی چی مامەت خەنی کرد)).

نوکتە، جۆرێک لەجۆرەکانی جەنگی دەروونییەو بەمەبەست لەلایەن کەسێکەوە بۆ چینێکی کۆمەڵگە، یان عەشیرەتێک و نەتەوەیەک، دروستدەکرێت. ئەگەر جاران لەدانیشتنی کۆڕو مەجلیسەکاندا نوکتە دەگوترا، ئێستا لەڕێی پەیامی مۆبایلەوە، بەخێراترین کات دەگەیەنرێت. هاوکات رێژەیەکی زۆر لە گەنجان، لەجیاتی نوکتە لەسەر عەشیرەت و نەتەوە، نوکتەی سێکسی بۆ یەکتر دەنێرن. قوتابییەکی ٢٥ساڵ، لە کۆلیژی کارگێری و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین دەڵێ، رۆژانە لەزانکۆ، لەگەڵ هاوڕێکانیدا چەندین نوکتەی سێکسی دەگۆڕنەوە. نەهرۆ حاجی، بەپێکەنینەوە دەڵێت: ((باوی شیعر گۆڕینەوە نەماوە))ئاشکراشی دەکات، زۆرکات خۆی نوکتە لەسەر جەستەی کچان دروستدەکات و بۆ هاوڕێکانی دەنێرێت. هاوکات دان بەوەدادەنێت کە ئەو نوکتە سێکسیە، جگە لە پێکەنین((چێژی تایبەتی هەیە)). هۆکارەکەشی بۆ ئەو حەزە شاراوەیەی گەنجان دەگەڕێنێتەوە کە بەکپکراوی ماوەتەوە. نەهرۆ دەڵێت: ((چێژ لەناوهێنانی ئەندامەکانی جەستەی رەگەزی بەرامبە، وەردەگرم)).

### نوکتەو بەتاڵکردنەوەی حەزەکان

((کچێک سواری پاس دەبێت بەرلەوەی دابنیشێت پاسەکە دەجوولێت و دەکەوێتە باوەشی پیرەمێردێک، دەڵێت، عەفوو مامە، پیرەمێردەکەش دەڵێت عەفووی چی مامەت خەنی کرد)). ئەوە نوکتەی هێژا، کچێکی گەنجەو قوتابی کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدیینە، بەپێکەنینەوە دەڵێت، نوکتەی زۆر خۆشترم پێیە بەڵام ((سێکسین)) ناگوترێن. توێژەری کۆمەڵایەتی فەرهاد عوسمان، پێیوایە، ئەو نوکتانە گوزراشت لەحەزە شاراوەو کپکراوەکان دەکەن. یاخود هەر وشەیەک، یا بابەتێک نەتوانرا راستەوخۆ بۆ بەرامبەرەکەت دەربببڕیت، یا گوتنی شیاو نەبێت، پەنا بۆ نوکتە دەبردرێت. باس لەوەش دەکات هەندێجار گوتنی ئەو نوکتە سێکسییانە، بۆ نوێکردنەوەی نوکتەکەیە، ئەوانەی نوکتە دەکەن حەزییان لێیە زۆرترین گوێگرو زۆرترین کەس بخەنە پێکەنین و گاڵتەوە.((کەپتی سێکسی، هۆکاری سەرەکی پەنابردنەبەر نوکتەیە بەبەکارهێنانی ئەندامە سێکسییەکانی جەستە)). ئەو هەروەها دەست بەتاڵی و بێبەرنامەیی تاک، لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەیەکێک لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو جۆرە نوکتانە دەگەڕێنێتەوە. بەڕای فەرهاد عوسمان، ئەگەرچی نوکتە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەشێکی پێکەنیناوی، بەڵام کاریگەرییە نەرێنیشی هەیە. چونکە هەندێجار نوکتە بەمەبەستی توانجلێدان و لەکەدارکردنی کەسێکی دیاریکراو بەکاردێت. ئەو نوکتانە لەرێگەی مۆبایلەوە گەشەی کردووە. سەبارەت بەو کەسانەی زۆرترین نوکتە دەگێڕنەوە ئەو توێژەرە دەڵێ: ((بۆشاییان لە ژیان زۆرە، دەیانەوێت بەو جۆرە نوکتانە حەزەکانیان بەتاڵ بکەنەوە، بەڵام دامرکاندنەوەی حەزەکانیان کاتییە. هەروەها بوونی خەیاڵی سەیرو سەمەرەو وەهمی و نەبوونی کەشی راستەقینە کەسەکان، تووشی ئاڵۆزی دەروونی دەکات)).

### نەهی لێکراون

شارەزایانی ئایینی، گاڵتەوگەپ و زیادەڕۆیی لە گاڵتەکردندا، بەناشەرعی وەسف دەکەن و پێیانوایە ئەوانەی بۆ سەرنجراکێشان و پێکەنینی زۆر پەنا بۆ قسەو باسی دوور لەراستی دەبەن ئیمانیان لاوازەو نەهی لێکراون. مامۆستا مەغدید، شارەزا لە ئایینی ئیسلام کە دانیشتووی شاری هەولێرە. گۆڕینەوەی نوکتەی سێکسی، بەکردارێکی ((هەڵە)) دەزانێت و دەڵێ، ئەوە دوورە لە رەفتاری کەسی تەندروست و رەوشت بەرز((ئیسلام خۆشەویستی قەدەغە نەکردووە، بەڵام پێویستە کوڕان بۆ نزیکبوونەوە لە کچان رێگای شەرعی بگرنەبەر)). هاوکات پسپۆڕی دەروونناسی د.سیروان عەبدوڵڵا، دەڵێت نوکتە شێوەیەکە لەشێوەکانی جەنگی دەروونی، خێرا بڵاو دەبێتەوە، بەمەبەستی تایبەت و بۆ پێکانی ئامانجێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت. یەکێک لە سوودەکانی نوکتە ئەوەیە دەبێتە سەرچاوە بۆ نوکتەیەکیتر، هیچکەس ناتوانێت رێی لێ بگرێت و لەمێشک جێگیر دەبێت و کاریگەری بەردەوامە. هاوکات نوکتە، سووکایەتی بەبەهای هۆزایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی دەکات و خەڵکیش قبووڵیەتی. سامان کەریم، ٢٣ساڵ، کۆگایەکی فرۆشتنی جلوبەرگی ژنی، لەنێو بازاری گەورەی هەولێردا هەیە. سامان، ئاماژە



www.netewe.com





بەوە دەکات، کە نوکتەی سێکسی جێی بەنوکتەی عەشیرەت و ناوچەگەریتی، لێژکردووە ((جاران نوکتە هەوڵی شکاندنی کەس و شوێنە پیرۆزەکانی دەدا، یان لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو دەگوترا. بەڵام ئێستا نوکتەی سێکسییە باوە )). هۆکارەکانی پەرەسەندنی نوکتەی سێکسی بەبڕوای سامان، ئەوەیە کە هەموونوکتە سێکسییەکان، ئاماژەیە بۆ حەزە سێکسییەکانی کوڕان، ئەگەر بە کچێک نەگەم، لەڕێی نووکتەیەکەوە بۆی دەردەبڕم، خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ باسی ئەندامەکانی جەستەی کەسی بەرامبەر بکەم، دڵنیام کاردانەوەیەکی توندی دەبێت ((بۆیە لەڕێی نوکتەوە، حەزەکانم دەهێنمە جێ)).

## لەبری شەوباش نوکتەی بۆ ناردم

نەرمین، نـاوی خـوازراوی کچە فەرمانبەرێکە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، ئەوە دەخاتەڕوو کە بەشێکی زۆری کوڕان، پاش ماوەیەکی کەم لەناسینی کچ پەنا بۆ نوکتەی سێکسی دەبەن ((بە نوکتەی سێکسی ناوەند دەستپێدەکەن، بە داواکردنی کرداری سێکسی کۆتایی پێدێت)). ئەو کچە خۆی بەنموونە باس دەکات، ماوەیەکی زۆر کوڕەکەی هاوڕێی شەوانە نوکتەی سێکسی بۆ نـاردووە، داواشـی لێکردووە کە ئەویش بە نوکتەیەکی هاوشێوەی خۆی وەڵامی بداتـەوە. ((دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم داوای سێکسی لێکردم)). نەرمین، هۆشداری دەداتە کچان، کە نوکتەی سێکسی لەگەڵ کوڕان نەگۆڕنەوە، چونکە نوکتە، سەرەتایەکی هێواشە بۆ داواکردنی کرداری سێکسی لەلایەن کوڕانەوە. ئاماژە بـەوەش دەدات ((لەبری سڵاو و شەوباش، کوڕان شەوانە نوکتەی سێکسی بۆ کچان دەنێرن)).

## تووشی کێشەیان کردم

((مۆبایلەکەم لەسەر مێزی نانخواردن جێهێشتبوو، دەنگی نامەیەک هات، گوێم پێنەدا، براکەم مۆبایلەی بۆ هێنام و لەڕێگادا نامەکەی خوێندبووەوە، هاواری کرد ئەوە چ ((بێڕەوشتێک)) ئەو نامەییەی ناردووە؟ کە خوێندمەوە نوکتەیەکی سێکسی بـوو، منیش سەرمسوورما، بـەڵام ژمارەکـەم نـەدەنـاسـی، ئەو نامەیە متمانەی منی لـەلای خێزانەکەم نەهێشت. سیمکارتەکەیان پێ گۆڕیم. زۆر پەشۆکام و خەمم خـوارد)). سۆنیا ئەمیر، کچێکی ئەسمەری باڵا مام نـاوەنـدە، تەمەنی ٢١سـاڵـە، قوتابی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدینە، کاتێک کە قسەم لەگەڵ دەکرد، سەیری ئەولائەولای دەکرد، بەهێواشییەوە گوتی: ((ئێستا سەردەمی نوکتەی سێکسییەو لەنێو قوتابیانی زانکۆدا لەهەموو شوێنێک زیاتر بڵاوە)). سۆنیا گوتیشی، بەشێک لە قوتابیان، لەسەر نوێترین نوکتەی سێکسی، کێبڕکێ دەکەن. ((لەنێو قوتابیانی زانکۆدا، بەنوکتەی سێکسی دەڵێن، نوکتەی خێزانی)).

## زۆر خۆشە

چاوان، کچێکی گەنجەو پیشەی فەرمانبەرە. نایشارێتەوە کە ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا نوکتە دەگۆڕێتەوە ((زیاتر نوکتەی سێکسی)) هەرچەندە ئەو دەڵێت، لەگەڵ کوڕاندا ئەو جۆرە نوکتانە ناگۆڕێتەوە بەڵام لەگەڵ هاوڕێ کچەکانیدا بێپەردە جۆرەها نوکتە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. چاوان، ڕەتیدەکاتەوە کە نوکتە گێڕینەوە کاریگەری نەرێنی هەبێت، چونکە بۆ پێکەنین و دڵخۆشییە.



**ئاڤان فارس جاف**

# کچێک بەهۆی دەستدرێژی سێکسی خۆی سووتاند

دهۆک

( (کاتژمێر ١٠ـی بەیانی، بینیمان ئاگر لەماڵی براکەم بەرزبووەتەوە کە چووین (ش)ـی خووشکم بوو، ئاگری لەجەستەی خۆی بەردابوو. کاتێک بۆ نەخۆشخانەم برد، دکتۆر پێیگووتین، دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو بەوهۆیەوە خۆی سوتاندووە)). ئەمە گوتەی برای (ش)، بوو کە بەو جۆرە باس لەخۆسووتاندنی خوشکەکەی دەکات، بەڵام دادگا بڕیارێکی تری هەبوو.

بەپێی راپۆرتێکی شیکاری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ رێژەی سووتان (١٥١) کەس بووەو لەساڵی ٢٠٠٨ رێژەی سووتانی ژنان (١٦١) حاڵەت بووە. لەکاتێکدا لەسلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، رێژەی سووتان زیادی کردووە کە (١٨٨) حاڵەتی سووتان هەبووە، ئەو رێژەیە لەساڵی ٢٠٠٨ کەمبووە کە تەنیا (١٦١) حاڵەت بووە. سەبارەت بەپارێزگای دهۆک، لەساڵی ٢٠٠٩، بەهەمانشێوەی سلێمانی و گەرمیان رێژەی سووتان زیادیکردووەو گەیشتووەتە (٧٥) حاڵەت، لەکاتێکدا ئەو ژمارەیە لەساڵی ٢٠٠٨ دا تەنیا (٥٨) حاڵەت بووە. خۆسووتاندنی (ش) لە شارەدێی کەلەکچی سەربە قەزای شێخان، نموونەیەکی تری قوربانی خۆسووتاندنە کە وەک براکەی دەڵێ،»پزیشک گوتوویەتی ئەو ژنە بەهۆی دەستدرێژی سێکسییەوە خۆی سووتاندووە».

ئەو کێشەیە وایکرد خوشکی (ش) لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە.(ت) برای کچەکە کە یەکێ لەداواکارانی دۆسیەی ئەو تاوانەیە، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند:»رۆژی ١٣-٦- ٢٠٠٩، کاتژمێر ١٠ی بەیانی بینیمان ئاگر لەماڵی براکەم بەرزبووەتەوە کە چووین (ش)ـی خوشکم بوو ئاگری لەجەستەی خۆی بەردابوو. کاتێک بۆ نەخۆشخانەمان برد، پزیشک پێیگوتین، دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەرو بەوهۆیەوە خۆی سووتاندووە)). رۆژی ١٣-٤- ٢٠١٠، دوادانیشتنی دادگای دهۆک، لەسەر ئەو تاوانە بوو. بەپێی گوتەی خوشکی کچە سوتاوەکە بەناوی (ا.ی)، شەوی ١٢- ٦- ٢٠٠٩ هاوسەرەکەی بەناوی (ج) کە تەمەنی ٢٨ ساڵانە دەستدرێژی سێکسی کردووەتەسەر خوشکەکەی و ئەوەش بووەت هۆی ئەوەی کە خوشکەکەی خۆی بسووتێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی (ا.ی)، تەنیا شایەتی رووداوەکە بوو، شایەتییەکەی لەلایەن دادگاوە رەتکرایەوە. هاوکات تۆمەتبار، لەبەردەم دادگا، تۆمەتەکانی رەتکردەوەو گوتی: ((لەگەڵ هاوسەرەکەم کێشەم هەیە، چەندینجار ویستوومانە جیاببینەوە)). لەکۆتاییدا دادگا بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبارو داخستنی دۆسیەکە دەدات. ئەو بڕیارە لەکاتێکدا درا کە (ا.ی) لەگوتەکانیدا بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە سوێندی خواردووە کە بەچاوی خۆی بینیویەتی هاوسەرەکەی دەستدرێژی کردووەتە سەر خوشکەکەی»من شایەتی دەدەم کە (ج)ی هاوسەرم دەستدرێژی کردووەتەسەر خوشکەکەم. (ج)خۆی کەسێکی بەدڕەوشتە)).

تۆمەتبار (ج) لەوەڵامی پرسیاری وارڤیندا گوتی: ((ئەم قسانە هیچ بنەماو راستییان تێدا نییە. رۆژی رووداوەکە خەسووم نەشتەرگەری بۆدەکرا، لەگەڵا ئەو لە هەولێر بووم. کاتژمێر ١١:٣٠ـی شەو گەڕاینەوە، لەگەڵا هاوسەرەکەمدا نزیکی یەک کاتژمێر لەماڵی خەسووم ماینەوە. دواتر بەیەکەوە گەڕاینەوە ماڵی خۆمان. دوای دوو رۆژ برای خێزانەکەم تەلەفۆنی بۆکردم و داوای لێکردم کە بەهاوسەرەکەم بڵێم تەندورستی دایکی باشە، ئەو رۆژە هاوسەرەکەم بردە ماڵی دایکی و بۆ خۆم چوومە سەر کارەکەم. ئێوارە گەڕامەوە ماڵی خەزوورم و لەوێ میوان بووم و دوای نانخواردن گەڕامەوە سەر کاری خۆم. دواتر لە ١١:٣٠ی شەو گەڕامەوە ماڵی خەزوورم، تا هاوسەرەکەم لەگەڵا خۆم ببەمەوە ماڵ، خەزوورم لێم توڕە بوو و پێیخۆشبوو کچەکەی ئەو شەوە لەلامان بمینێتەوە، بەو هۆیەوە ئەم تۆمەتەیان خستەسەرمن، گوایە من دەستدرێژم کردووەتەسەر (ش) ئەوە تاوانێکی گەورەیەو دەزانم تا هاوسەرەکەم لە ژیاندابێ خوشکەکەی ئەو، وەک خوشکی من وایە)).

پارێزەری (ج) بەناوی شنۆ رەسوڵ، لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند کە بەپێی سکاڵاکانی لایەنی داواکار، داواکراو بەدوو تۆمەت تاوانبار کرابوو، دەبوایە تۆمەتبار بەهەردوو ماددەی، تاوانی یەکەم بەپێی مادەی ٣٩٦ لەیاسای سزا و تایبەت بە گێچەڵکردن و تاوانی دووەمیش بەپێی مادەی ٤٠٨ لەیاسای سزاو تایبەت بەهاندان و هۆکاری خۆسووتاندن سزابدرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی بەڵگەو پشتبەستن بەگومان، داواکارەکان نەتوانرا تۆمەتەکان پشتڕاست بکرێتەوە، بۆیە تۆمەتبار ئازادکرا)). بەپێی قسەی ئەو پارێزەرە « پێشتریش کێشە لەنێوان، (ج) و (ا.ی) دا هەبووە. چەندینجار گەیشتوونەتە حاڵەتی جیابوونەوە. بەو هۆیەوە تۆمەتیان خستووەتە پاڵ (ج). پارێزەرەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دوای ئازادبوونی (ج) دۆسیەی جیابوونەوەی ج و (ا.ی) کراوەتەوەو ئەوانیش بڕیاری جیابوونەوەیان داوە.

**هێژا شێخ مەمی**

# بە تەمەنەکانیش خۆیان دەسووتێن

زاخۆ

دوای ئـەوەی ژنێک خـۆی سووتاند، هـۆکـاری خۆسووتاندنەکەی لەلایەن کەسووکارییەوە شاردراوەتەوەو ئەمەش وایکردووە کە چەند بۆچوونێکی جیاواز لـەبـارەی خـۆسـووتـانـدنـەکـەوە باسی بکرێت.

خۆکوشتن و کوژرانی ژن، بەسووتان لەهەرێمی کوردستاندا، بڵاوترین جۆری کوشتن و خۆکوشتنە. تەنیا لەماوەی یەک مانگی رابـردوودا، ٨ ژن لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بـەسـووتـان گیانیان لەدەستداوە. رێکەوتی٦- ٤- ٢٠١٠ لەشارۆچکەی زاخۆ، ژنێکی ٥٤ ساڵ، بەناوی مریەم عومەر، خـۆی سووتاند. لـەبـەرئـەوەی رێژەی سووتانەکەی ١٠٠٪بـوو، لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. وەک دراوسێکانی ماڵی مریەم، باسی رۆژی رووداوەکەیان بۆ وارڤین گێڕایەوە، دوای نانخواردنی بـەیـانـی، گوێبیستی دەنـگـی قیژەی بـووک و کچەکانی مـریـەم، بـوون کە چوونەتە دەرەوەو بینیویانە، مریەم، لەنهۆمی دووەمـــی مـاڵـەوەیـان نەوتی بەخۆیدا کردووە، تا دراوسێکان دەچن و دەیانەوێت، فریای بکەون ئاگر بەردەداتە خۆی و هەموو جەستەی دەسووتێت. کەسێکی نزیک لەماڵی مـریـەم، کە نەیویست نـاوی بهێنین، بە وارڤینی راگەیاند: ((کە تەلەفۆنیان بۆکردم، گوتیان مریەم، خۆی سووتاندووە بڕوام نەکرد، چونکە ژنێکی بەتەمەنە، بەڵام کاتێ بینیم، هەموو جەستەی سووتاوە)). کەسێکیتر کە لەکاتی خۆسووتاندنی ئـەو ژنـەدا ویستوویەتی ئاگرەکەی بکوژێنێتەوە، دەڵێت: ((نەمانتوانی یارمەتی بدەین، لەبەرئەوەی نەوتی زۆری بەخۆیدا کردبوو و ئاگر هەموو جـەسـتـەی گـرتـبـوو، بـەڵام ئێمەیش هەموومان شڵەژابووین نەماندەزانی چۆن ئاگرەکە بکوژێنینەوە)). سەرچاوەیەک لەنەخۆشخانەی گشتی زاخۆ بەوارڤینی راگەیاند، کە مریەم، بەهۆی زۆری رێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەستداوە ((رێژەی سووتانەکەی ١٠٠٪ بوو، بۆیە هەر زوو لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا)).

بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکایەتی تەندورستی زاخـۆ، عیماد بـەرواری، سەبارەت بەحاڵەتی مریەم، لەنەخۆشخانە گوتی: ((ئەوەی پێویست بوو بۆ ئەو ژنە کرا، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک گیانی لەدەستدا، نەمانتوانی رەوانەی نەخۆشخانەی دهۆکی، بکەین)).

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وارڤین کەوتووە، مریەم، بەهۆی بوونی کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، خۆی سووتاندووە. لەگەڵ ئەوەشدا خێزانی مریەم، داوای ئەوە دەکەن کە نابێت باس لەهۆکاری خۆسووتاندنی مریەم، بکرێت: ((باسەکە گەورە نەکرێت))، بۆیە تائێستاش هۆکاری خۆسووتاندنەکەی بەنهێنی ماوەتەوە. هەندێک لە دراوسێکان دەڵێن کە حاڵەتی دەروونی تەواو نەبووە، هەندێکی دیکەش دەڵێن، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی کێشەی هەبووە. سەرچاوەیەکی تر، گوتی: ((مریەم، جارێکی تریش هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بـەڵام سەرکەوتوو نـەبـووە)). بـەڕێـوەبـەری نووسینگەی بـەدواداچـوونـی توندوتیژی دژی ژنان لەزاخۆ، ملازم نیهاد عەلی، لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ئێمە زوو گەیشتینە شوێنی رووداوەکـــەو ژنـەکـەمـان بینی، پێش ئەوەی گیان لەدەستبدات و پێمانگوت سکاڵات لەسەر کێ هەیە؟ لەوەڵامدا گوتی، سکاڵام لە کـەس نییەو خۆم وامکردووە)). گەنجێکی رۆژنامەنووس، بەناوی (م.س)، دەڵێ: ((کێشەی ژنی زاخـۆ، دوو ئەوەندەی کێشەکانی ژنی ناوچەکانیتری کوردستانە، چونکە لێرە هێشتا ژن ناتوانن بەتەنیا سەردانی نەخۆشخانەو نۆرینگەی پزیشکان بکەن)) و دەڵـێـت: ((مـریـەم، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی سووتاندووە)). توێژەرێکی کۆمەڵایەتی، بەناوی (ر.ج) لەوبارەیەوە گوتی: ((ئەو ژنە دەیویست خۆی لە کێشە نەبڕاوەکانی ماڵ، مێرد، منداڵ و بووک رزگـار بکات. دیاردەی خۆسووتاندن لـەلای ژن بـاوە. رەنگە حاڵەتی دەروونـــی بـەو رادەیـــە خراپ نەبووبێت کە خۆی بسووتێنێت، بەڵام بۆ ئەوەی خۆی لەو ژیانە رزگاربکات، پەنای بۆ خۆسووتاندن بردووە)).

ئـــەوەی جێی سەرنجە، زۆربـــەی ئەو ژنانەی کە تائێستا خۆیان دەسووتێنن، یان خۆیان دەکوژن بە تەمەن گەنج یان مامناوەندین، بەڵام لەهەفتەی رابردوودا دوو ژنی بەتەمەن کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. یەکێک لەو ژنانە لەشارۆچکەی رانیەیەو تەمەنی ٧٠ ساڵ و مریەمیش، لەزاخۆ، تەمەنی ٥٤ ساڵانە.

تێبینی: بەهۆی هەستیاربوونی بابەتەکە ناوی چەند کەسمان نەهێنا کە بۆ وارڤین قسەیان کردبوو.

www.netewe.com



هەولێر ٢٠١٠ پیشەسازی باشوور

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

# شاری بێوەژنان



کاتێک ڕاپۆرتی تایبەتیم سەبارەت بەم بابەتە خوێندەوە، خوێن لەدەمارەکانمدا مەیی. بەجۆرێک شەرمم لەخۆم کرد، وەک من هۆکاری مەرگەساتی ئەو بێوەژنانە بم. ڕاپۆرتەکە زۆر فراوانەو ڕەوشی بێوەژنانی هیندی لەهەموو لایەکەوە دەخاتە بەر دیدە. شارێکی گەورە، پڕ لەو بێوەژنانەی لەلایەن ماڵبات و کەسانی خۆیانەوە دەرکراون. شارەکە ١٥٠ کلم لە شاری دەلهییەوە دوورە. ناوی شارەکە ڤریندافاڵن-ە. ئەو ژنانەیش کە مێردەکانیان مردووە یان دەمرن، ڕوو لەو شارە دەکەن. تەنیا شارێکە کە ئەوان لەئامێز دەگرێت. هەندێک لەو ژنانە لەسەرەتای تەمەنی خۆیان دان، هەندێکیان لەنێوەڕاستی تەمەن و ئەوانی تریش پیر و بەساڵاچوون. بەڵام هەموویان لەچارەنووسدا هاوبەشن. تاوانی ئەوان ئەوەیە کە لەوڵاتێکی وەکو هیندستان بێوەژن کەوتوون. من دەزانم لە کۆمەڵگای ئێمەدا باری بێوەژن گرانە، بەڵام نەمدەزانی بێوەژنێتی تاوانە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، لەهیندستان و لەناوی باوەڕمەندانی ئاینی هیندوسدا بێوەژنان وەکو مۆتەکە دەبیندرێن. کە بوون بەبێوەژن ئیتر کۆتایی لە ژیانی کۆمەڵایەتیان دێت. تەنها شوێنێک بۆ ئەوان شاری ڤریندافاڵنەو پاش ئەو شارە کەس بێوەژنی ناوێت.

دەڵێن، پاش ئاوابوونی ڕۆژ، کە دنیا تەواو تاریک دادێ، کاتێکی کەس ناتوانێ بیانبینێت، ڕوو لەپەرستگەی گەورە دەکەن. بەرێپێوانێکی سست، وەک ئەوەی لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا داوای لێبوردن لە ژیان بکەن، بە ڕێگەدا دەڕۆن و تەنیا سەگەلی کۆڵانەکان شایەتی ئەو ڕەوشەن و دەیانبینن.

ڕێدەکەن هەتا دەگەنە پەرستگەی هیندو، ئەو پەرستگەیەی کە بە سەدان ژنی وەک ئەوان لەوێن و بەهیوای پارووەیەک نانن. هەموو شەوێ بەر لەوەی سەر بخەنە سەر سەرین و بخەون، لە خودا دەپاڕێنەوە کە سبەینێ بەخەبەر نەیەن.

عەودالی دوای مردنن، بەڵام دەستیان ناکەوێت.

ئەو ژنانە، لەگەڵ لەدەستدانی مێردەکانیان، هەموو مافی کۆمەڵایەتییان لەدەستداوە. کەس نایەوێت لێیان نزیک بێتەوە. لەبەر ئەوەی شوومیان دەبینن. دەڵێن: »ئەوان سەری مێردی خۆیان خواردووەو دەبێ پاداشتیان ئێش و ئازاری بێت«.

بەپێی نەریتی هیندو، ئەو ژنەی مێردەکەی بمرێت، دەبێ هەموو ژیان ڕەشپۆش بێت و هەموو قژی خۆی ببرێت، بۆ ئەوەی بۆ پیاوێکی تر سەرنجڕاکێش نەبێت. هەروەها دەبێ خواردنیشی زۆر سووک، بێ گۆشت و بێ بەهارات بێ، بۆ ئەوەی ویستی سێکسی لە کن زۆر نەبێت. خەڵک دەریان دەکەن، لەبەر ئەوەی سێبەریشیان شوومەو لەوانەیە بەڵایەک بەسەر مرۆڤدا بهێنێت. ئەو ژنانە تاوانبارن لە سۆنگەی مردنی مێردەکانیانەوە.

بەپێی یاسا، حکوومەتی هیندستان مووچەیەکی زۆر کەم (مانگی دە دۆلار) بەو بێوەژنانە دەدات. بەڵام زۆریان ئاگاداری ئەو یاسایەو مووچەکەیش نین. بەشێوەیەکی گشتی کاری ژنان لە هیندستان کەمە، ئینجا نەخوازە بۆ ئەو بێوەژنانە، بێگومان هەرگیز بوونی نییە.

کەس لەگەڵ بێوەژنێکدا هاوسەرێتی ناکات. هەندێک لەو ژنانە هێشتا تەمەنیان ١٧ ساڵانە. بەڵام دەزانن ئەو ڕۆژەی مێردەکانیان مرد، ژیان بۆ ئەوان کۆتایی هات. ڕاپۆرتەکە باس لە ڕێکخراوێکی چالاکی مەدەنی دەکات، کە لەسەر ڕەوشی بێوەژنان کار کردووەو دەیەوێ دەرفەتی ژیانیان لەبەردەم دا بکاتەوە. بەرپرسیاری ڕێکخستنەکە، مۆهینی گیری، ئاشکرای دەکات، کە ڕۆژێک ڕێی دەکەوێتە شاری ڤریندافاڵن دەبینێ کە سەگەلی کۆڵانەکان بەربوونەتە لاشەی ژنێک، بەڵام کەس نایەوێ ئەو لاشەیە هەڵبگرێت و بیشارێتەوە. لەبەر ئەوەی لاشەی بێوەژنێکە. ئەو دیمەنە وا لە خاتوو گیری دەکات، نەوایەک بۆ ئەو بێوەژنانە بکاتەوە بۆ ئەو کێشەیە دەست بەکار بێت.

ئێستا ١٢٠ بێوەژن لەو نەوایە دەمێننەوە. ڕۆژی سێ جاران خواردن دەخۆن. نەخۆش بن چارەسەر دەکرێن و وەک مرۆڤ تەماشا دەکرێن.

بەپێی لێدوانەکان، ٣٣ ملیۆن بێوەژن لەهیندستان هەن، زۆربەیشیان لەکۆڵانەکاندا و لەڕەوشێکی زۆر خراپدا ژیان بەسەر دەبەن.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەرچەندە کێشەی ئابووریش هەبێت، بەڵام ڕێزی بێوەژنان دەگرن و بەهەموو شێوەیەک وەکو مرۆڤێکی ئاسایی تەماشا دەکرێت. ئەو ژنەی پاش مردنی هاوسەری لەسەر ماڵی خۆی بمێنێتەوەو منداڵ گەورە بکات، ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرێت. بەتایبەتیش ئەو دەڤەرەی من چاوم لێی کردۆتەوە. باوەڕ ناکەم لەهیچ دەڤەرێکی کوردستان بەچاوی سووک تەماشای بێوەژن بکرێت.

لەکۆتاییدا دەتوانم تەنیا ئەوە بڵێم: خودا هیچ ژنێک لە هیندستان بێوەژن نەخات. ئامین...

هێڤیدار زانا

www.netewe.com



# سەرچاوەی دارایی بۆ کچان لەنێوان گەشبینی و نارەزاییدا

بەمەبەستی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ کچان، پرۆژەیاسایەک پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کراوە، تا لەو رێگەیەوە چارەسەری پێشوەختەی دوانەکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری کچ بکرێت، بەڵام هەندێک لەپەرلەمانتاران ئەو پرۆژەیاسایە رەتدەکەنەوەو ئەو کچانەی کە لەهاوسەرگیری دواکەوتوون دڵیان پێیخۆشە.

وارڤین — هەولێر: رێکخراوی ئەندازیاری ئاشتی بۆ لاوان لە ٢٨ /٣/ ٢٠١٠، پرۆژەیاسایەکیان پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووەو تێیدا داوای یاسایەک بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی کچان دەکەن. ناوەرۆکی پرۆژەکە بریتییەلە هاوکاریکردنی ئەو کچانەی کە دەیانەوێت شوو بکەن، یاخود ئەوانەی لەدەستپێکی پرۆسەی هاوسەرگیریدان. هاوکات ئەو کچانەش دەگرێتەوە کە باری ئابوورییان لاوازە. بەرپرسی بەشی پرۆژەکان و پرسە سیاسییەکان لەرێکخراوەکە کاڵێ فەقێ وسوو، لەبارەی ئەو پرۆژەیەوە باسی لەوەکرد کە دوای ئەوەی رێکخراوەکەیان لەرێگەی ئەنجامدانی راپرسییەکی سەرتاسەری لەهەرێمی کوردستاندا بۆی دەرکەوتووە کە رێژەی٦٨٪ـی کچان لەپێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری دواکەوتوون و تەمەنیان لەنێوان ٣٠تا ٤٠ ساڵە، دەرەنجامی راپرسییەکەیان لەرێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕی بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆکارەکان، کردووەتە پرۆژەیەک بەناونیشانی»بەڵێ بۆ سەرچاوەی دارایی کچان» و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە. وەک کاڵێ، دەڵێت، مەبەست لەو پرۆژەیە، یارمەتیدانی ئەو کچانەیە کە باری ئابووریان لاوازەو چۆنیەتی یارمەتیدانەکەش لەرێگەی پێدانی هاوکاریی دارایی، یان بەشێوەی پێدانی قەرز دەبێت.

## ئامانج

رێکخراوی ئەندازیاری ئاشتی بۆ لاوان، لەساڵی ٢٠٠٨دامەزراوەو وەک لەپێناسەکەیدا هاتووە، رێکخراوێکی سەربەخۆی خۆبەخشەو بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکات. لەو پرۆژەیەدا کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، هاتووە کە ئامانجی سەرەکییان، پاڵپشتیکردنی کچانە لەلایەنی دارایی و ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییەو دەیانەوێت لەو رێگەیەوە خزمەت بە کچانی کوردستان بکرێت. هەروەها دڵنیاکردنەوەی کچان لەوەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتییان دەکات. کەمکردنەوەی رێژەی ئەو کچانەی، کەبەهۆی لاوازی باری دارایی هەلی شووکردنیان بۆ نەرەخساوە. هەروەها ئامانجێکی تری پرۆژەکە، هاندانی کچانە بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی سەربەخۆ کە لەو رێگەیەوە پشت بەداهاتی خۆیان ببەستن. بەرپرسی پرۆژەکانی ئەو رێکخراوە کاڵێ، ئەوەدەخاتەڕوو کە زۆر لەو کچانەی شوویان نەکردووە، هۆکارەکەیان بەوە دەستنیشانکردووە کە ئەوان سەرچاوەی دارایی خێزانەکانیانن.

## کچان دڵخۆشن

«سەرچاوەی داراییت لەدەست هەرکەسێک بوو، ئەوا ناچاری لەژێر فەرمانەکانی ئەودا بیت». ئەمە قسەی تارا رەحیم، ٣٢ ساڵەو کچی ماڵەوەیە. تارا، دڵخۆشی خۆی بۆ پرۆژەکە دەربری و گوتی: ((پرۆژەیەکی زۆر باشەو لەو رێگایەوە کچان دەتوانن پشت بەدارایی، خۆیان ببەستن)). ئەو کچە، لاوازی ئابووری کچان، بۆ ئەو توندوتیژییە دەگەڕێنێتەوەکە لەهەرێمی کوردستاندا رووبەڕووی کچان دەبێتەوەو لەو رێگەیەوە دەسەڵاتی ئابووریان بەهۆی پیاوسالارییەوە لێ زەوت کراوە ((پیاو هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی دارایی دەدات، تا ژن کۆنترۆڵ بکات)). لەبارەی ئەو پرسیارەی کەئایا پرۆژەیەکی لەو جۆرە، کاریگەری لەسەر تەمبەڵکردنی ژنان هەیە؟ تارا گوتی: ((من داواناکەم، حکوومەت پارەم پێبدات، بێئەوەی هیچ کارێک بکەم. داوا دەکەم حکوومەت هەلی کارم بۆدابینبکات)). سەروین یادگار (٣٦) کارمەندی دەزگایەکی حکوومییەو هاوسەرگیری نەکردووە، سەروین، هۆکاری شوونەکردنی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سەرچاوەی بژێوی ژیانی، ئەندامانی خێزانەکەیەتی ((باوکم مردووە. مووچەکەشم لەگەڵ ئەوەی کەمە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، بژێوی خێزانەکەمی پێ دابیندەکەم)). بۆیە پرۆژەیەکی ئاوا بەباش دەزانێت، چونکە چەندین داواکاری بەو هۆکارە رەتکردووەتەوە (( ئەگەر بڕێک پارە، بەقەرزیش بێت وەربگرم، ئەوا دەتوانم هەردوو کار ئەنجام بدەم)).




## کاریگەری نەرێنی هەیە

ویڕای ئەوەی کچان، ئەو پرۆژەیە بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانن. بەڵام هەندێ لەئەندام پەرلەمان و چالاکوانەکانی بواری ژنان، وەک ئەوەی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر سەر رەوشی ژنان، لەکوردستان دابنێت لێکی دەدەنەوە. سەرۆکی لیژنەی خێزان و ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان، عەبدولسەلام بەرواری، دەرکردنی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی، بەگونجاوتر لەو پرۆژەیاسایە دەزانێت و دەڵێ، لەسەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە. سەبارەت بەدۆزینەوەی سەرچاوەی دارایی بۆکچان کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، عەبدولسەلام، دەڵێ، ((دۆزینەوەی سەرچاوەی درایی بۆکچان، ئەوە نییە کە یەکجار پێشینەیان بۆ دابین بکرێت. پێویستە ئەو سەرچاوەیە بەردەوام و مانگانە بێت)). هەروەها دانانی پرۆژەیەکی لەو شێوەیە، بەهۆکاری دروستبوونی قورسایی باری دارایی حکوومەت و جیاوازی لەنێوان کوڕ و کچدا دەزانێت. سەبارەت بەخاڵێکی تری پرۆژەیاساکە، کە لاوازی باری دارایی کچان، کاریگەری لەسەر چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هەبێت، عەبدولسەلام بەرواری، ئەوە بەپێچەوانە دەزانێت چونکە ((دابینکردنی پێداویستییەکانی چوونەنێو پرۆسەی هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، لەئەستۆی پیاوە نەک ژن)). سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، کوێستان محەممەد، لەبارەی پرۆژەی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی کچان و هەبوونی خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو پرۆژەیاسایەو پرۆژەی بیمەی کۆمەڵایەتی، کە لەلایەن لیستی گۆڕانەوە پێشکەشی پەرلەمان کراوە، دەڵێ: (( ئەگەر زانیمان لێکچوونی زۆر لەنێوان ئەم پرۆژەیاسایەو پرۆژە یاساکەی ئێمەدا هەیە، هەوڵدەدەین بیخەینە ناو پرۆژەکەی خۆمان)). راشیگەیاند کە ئەوان بەهەموو جۆرێک پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەن.

## جیاکاری دروستدەکات

بەرپرسی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، سۆزان عارف، ئاشکرای کرد کە ئەو لەگەڵ بیرۆکەیەکی وەهادا نییە، لەبەرئەوەی بەبڕوای سۆزان، لەکاتێکدا ئەوان لەهەوڵی هاتنەدەرەوەی ژن بۆ نێو کایەکانی دەسەڵات و کارن، یاسایەکی وەها ژنان دەباتەوە ماڵ (( ئەگەر یاسایەکی لەوجۆرە دەربچێت، ئەوا ئافرەت لەجیاتی درێژەدان، بەخوێندن و خۆپێگەیاندن، دەرواتەوە ماڵ)). سەبارەت بەو راپرسییەی کە رێکخراوی ئەندازیاری ئاشتی لاوان، ئەنجامیداوە تێیدا دەرکەوتووە کە ٦٨٪ی کچانی هەرێمی کوردستان نەچوونەتەنێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. یەکێک لەهۆکارەکانی زۆری ئەو رێژەیە، بۆ لاوازی سەرچاوەی دارایی کچان، دەگەڕێتەوە. سۆزان عارف دەڵێت: ((تائێستا گوێم لێنەبووە، کە ئافرەتێک وادەی شووکردنی بەهۆی لاوازی سەرچاوەی داراییەوە تێپەڕیبووبێت)). چالاکوانی بواری ژنان، هودا سابیر، پێیوایە کە ئەو پرۆژەیاسایە پرۆژەیەکی سادەیەو بەشێوازێکی زانستی کاری لەسەر نەکراوە. ((کۆمەڵە گەنجێکن دەیانەوێت کار، بۆ توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بکەن. هەرکەس پرۆژەکە بخوێنێتەوە، هەستدەکات کە بەشێوەیەکی وورد کاری لەسەر نەکراوە. پاساویش بۆ دارشتنی ئەم پرۆژە یاسایە، ئەو راپرسییەیە کە ئەنجامیان داوە. کە جارێکیتر نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر پرۆژەکە، چونکە ئامادەکردنی پێداویستییەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە ئەستۆی کچدا نییە، بەڵام ئەوان لاوازی دارایی کچانیان بەهۆکاری درەنگ شووکردنی کچان، وەسفکردووە)).


**بۆکان هیوا**
Bokan.hawler@yahoo.com


www.netewe.com

# ئەو قەرزەی کە پیاو دەبێ بە ژنی بداتەوە

دهۆک



دانانی ماڵی شەرعی، یەکێک لەمافە بنەڕەتییەکانی ژن لەسەر پیاوەو بەپێی یاساش پیاو پێوەی پابەندە، هەرچەندە لەیاساکەدا بەشداریکردنی ژن، لەبنیاتنانی ماڵ بەقەرز لەسەر پیاو دادەنرێت، بەڵام بەڕای هەندێ ژن، چونکە ئەو یاسایە لەبەرژەوەندی ژندایە، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت.

لەبڕگەیەکی ماددەی ٢٥ـی یاسای هەموارکراوی باری کەسێتیدا هاتووە، مێرد لەگەڵ لقی میراتگری ژنەکەی چواریەکی دەکەوێت، ئەگەر نەیبێ، ئەوا نیوەی دەکەوێت. بەڵام ژن، لەگەڵ بوونی لقی میراتگر، هەشت یەک دەگرێ و لەکاتی نەبوونیشی چواریەک دەگرێ، لەدوای دەرهێنانی بەشەکەی خۆی کە بەشداریکردووە لەبەیەکەوەنانی میراتەکە)). مامۆستای پسپۆڕ لەیاسای باری کەسێتی، د. موسا ڕەشید، لەبارەی ئەو بڕگەیەی یاسای باری کەسێتی دەڵێت: ((ئەو هەموارکردنەی لەهەرێمی کوردستان کراوە، زیادکردنی پشکی ژنە بەتایبەت لەدەستەواژەی بەشداری ژن لەبنیاتنانی ماڵدا کە بەشێکە لەمیرات و مەبەست لێی ئەوەیە پشکی ژن ٤/١ یان ١/ ٨/، بدرێت، دوای دەرکردنی بەشداری ژن لە بنیاتنانی ماڵدا)). هەروەها ئەوەدەخاتەڕوو کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، ژن بەشدارییەکی گەورە لەبنیاتنان و کۆکردنەوەی سامانی خێزاندا دەکات و لەکۆتایشدا لێی بێبەش دەبێت.((بەپێی یاسای کۆنی عێراقی، ئەم لایەنە لەبەر چاونەگیراوە. بەم هۆیەشەوە کاتێک پیاوەکان خانوو، یان هەر موڵکێک دەکڕن، بەناوی خۆیان یان براو کوڕەکانیانییەوە دەکەن و هیچ بیریان لەبەشداریکردنی دایک، یان هەر ژنێکی تری بنەماڵە نەکردووەتەوە)). د.موسا، ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێک پیاو دەمرێت، بەشداریکردنی ژن، لە بنیاتنانی ئەو سەرمایەدا فەرامۆش دەکرێت و تەنیا یەک لەسەر چوار، یان یەک لەسەر هەشتی میراتی پێدەدرێت. ئەوەیتر هەمووی بۆ منداڵەکان دەگەڕێتەوە. بەوە ژن، ڕووبەڕووی زوڵمێکی زۆر دەبێتەوەو خەبات و ماندووبوونی بەفیڕۆ دەچێت. بەڵام بەپێی ئەم هەموارکردنە گشت بەشداریکردنی ژنان لە کۆکردنەوەی سەرمایەو بنیاتنانی ماڵدا، دەبێتە قەرز لەسەر پیاو و پێویستە پێش دابەشکردنی میرات ئەوە لەبەرچاو بگیرێت.

لەبارەی چۆنیەتی ژمارکردنی ئەم بەشداریکردنەی ژنان، لەبنیاتنانی ماڵدا، د. موسا ڕوونیدەکاتەوە: ((هەموو جۆرە بەشداریکردنێکی ژن، هەتا ئەگەر لەگوندەکان و لەبواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریشدا بەشداریکردبێت و لەئەنجامی ئەو بەشدارییەدا میرات و سامان کۆکرابێتەوە، ئەوە هەمووی دەژمێردەرێ و پێش دابەشکردنی میرات بە ژنان دەدرێتەوە)). یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی دهۆک، د. ئسماعیل بامەڕنی، لەوبارەیەوە ژنان ئاگادار دەکاتەوە کە ((دانانی ماڵی شەرعی، یەکێکە لەمافەکانی ژنان، پێویستە پیاو، پێوەی پابەندبێت. بەڵام لەسەر ژن پێویست نییە، بەشداری لە بنیاتنانی ماڵدا بکات، بەڵام بۆی هەیە، پێش دابەشکردنی میراتیش داوای ئەو بەشداریکردنەی خۆی لە پیاو بکات. بەمەرجێک بەشداریکردنەکە پێشتر بەشێوەی

www.netewe.com

بەخشین نەبووبێت، چونکە ئەگەر هەر کەسێک لەهەر شتێک بەخشرا، بەپێی نەریت و یاسا نابێت داوای لێ بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەشێوەی بەخشین نەبووبێت و پیاو و ژن ڕێککەوتن لەنێوانیان هەبووبێت، ئەوا ژن، مافی هەیە داوای بکاتەوە، ئەگەر لەمبارەیەوە ناکۆکی پەیدابوو، ئەوە پێویستە کێشەکە لەلای دادوەر یەکلایی بکرێتەوە.

هاوکات د. موسا، ڕەخنە لەهەموارکردنەکە دەگرێت و دەڵێت: ((پێویست بوو ئەم هەموارکردنە بەشێوەیەکی دیکە بوایە، چونکە هێشتا ژنان، لەهەموارکردنەکە تێنەگەیشتوون و بەوهۆیەوە مافیان دەخورێت. دەبوایە بەر لەهاتنی دۆسیەی میرات بۆ دادگا، پشکی بەشداریکردنی ژن لە بنیاتنانی ماڵدا دەربهێنرێت و دەقی هەموارکردنەکە بەم شێوەیە بوایە: دوای دەرهێنانی ماف و قەرزی ژن لە ماڵدا، میرات دابەش دەکرێت. حاجی فاتمیە (٦٠) دانیشتووی شاری دهۆکەو ژنێکی بەساڵاچووە، نموونەی ئەو ژنانەیە کە لەماڵ و سامانی ماڵەکەی خۆی بێبەشکراوە ((بەشدارییەکی زۆرم لە بنیاتنانی ئەو ماڵەدا کردبوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەیەکەوە تێیدا ژیاین، بەڵام دوای ئەوەی هاوسەرەکەم ژنێکی دیکەی هێنا، گەڕامەوە ماڵی براکەم، هاوسەرەکەم هیچی لەماڵ و سەروەت، پێنەدام و هەمووی بە موڵکی خۆی دانا. ئێستا من بەبێ هیچ داهات و سەرچاوەیەکی بژێوی ژیان، لەماڵی براکەم دەژیم)). م.سۆزان شەهان (٣٢) ئاماژە بەوەدەکات کە لە مووچە





مانگانەکەی خۆی بۆ کرینی خانوو هاوکاری هاوسەرەکەی کردووە. بەڵام دوای ئەوەی بەهۆی چەند کێشەیەکەو لەهاوسەرەکەی جیادەبێتەوە، خانوو سامانەکە هەمووی بۆ پیاوەکە دەمێن و ئەو لێی بێبەش دەکرێت ((پێویست نیوەی ئەو موڵک و خانووە بۆ من بو بەڵام دوای جیابوونەوەمان هیچم بەرنەکە ئێستا پیاوەکەم و هاوسەرە نوێیەکەی دەژین)). هەر لەبەدواداچوونی بێبەشکرد ژنان، لەبیناتنانی ماڵدا، وارڤین، ڕوو پرسیاری ئاراستەی س. یاسین، هاوسەر سۆزان، کرد لە وەڵامدا گوتی: ((لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەرچی لە ماڵدا هەبێت موڵکی پیاوە، ژن هیچ پشکێکی تێدا نییە. ئەوە تەنیا من نیم کە وامکردووە. باوک و باپیرانی ئێمە بەمشێوەیە بوون، ئێمەش بەمشێوەیە دەبین. دابوونەریتی ئێمە ئەوە قبووڵ دەکات)). پارێزەر عیسمەت عارف، سەبارەت



بەمافەکانی ژنان لەماڵ و میراتدا، دەڵێت، لە شەریعەتدا ٨/١ ی ماڵ و سامان و پاشینەی مارەیی کە ١٩,٥ میسقال زێڕە، بۆ ژنە، ((ئەم مافە بەتەواوەتی بە ژنان نادرێت و لەم بابەتەدا شەریعەت و یاساش جێبەجێ ناکرێت)). هاوکات کێشەیەکی خستەڕوو کە بەهۆی پێکهاتنی عەشایەری ژنێک تێیدا، لە بەشە شەرعییەکەی ماڵەکەی بێبەشکراوە ((ژنێک لە پیاوەکەی جیابووەوە کە بەپێی بەیاسا و شەریعەت، دەبوایە بەشێک لەماڵەکە بۆ ئەو بوایە. بەڵام سەرۆکی عەشیرەتەکە هاتە نێو کێشەکەو ژنەکەی لەمافی خۆی بێبەشکرد)).

**هێژا شێخ مەمی**

www.nnetewe.com




گرتەیەک لە
ماراسۆنی
لەندەن ٢٥ـی
نیسانی ٢٠١٠

www.nefelweb.com

# کچانی پایسکلسواری یانەی نەورۆز یەکەم بوون

لە پاڵەوانیەتیی پایسکلسواریی یانەکانی کوردستان، تیپی کچانی پایسکلسواریی یانەی نەورۆز پلەی یەکەمیان بەدەست هێنا و بوونە پاڵەوان.
لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێم، پاڵەوانیەتیی پایسکلسواریی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، کە تێیدا کچانی پایسکلسواریی یانەی نەورۆزی شار سلێمانی توانیان لەسەر ئاستی کچاندا پلەی یەکەم بەدەست بهێنن.
لەم بارەوە سیروان سامی ڕاهێنەری تیپی پایسکلسواریی کچانی یانەکە بە سایتی یانەکەی ڕاگەیاندووە کە لە پێشبڕکێی تیپ، پلەی یەکەم و لە ئاستی تاکیشدا پلەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمیان بەدەست هێناوە.
هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە بە ئەنجامی کۆتایی توانیان پلەی یەکەم بەدەست بهێنن و ببنە پاڵەوان.
لە درێژەی لێدوانەکەیدا ڕاهێنەری تیپی کچانی پایسکلسواریی یانەی نەورۆز ئاماژەی بەوەداوە کە سوود لەو پاڵەوانیەتییە وەردەگرن و وەکو ئامادەکارییەک بۆ بەشداریکردن لە قۆناغی دووەمی پاڵەوانیەتیی پایسکلسواریی عێراقدا بەشدارییان کردووە.
گوتیشی «لە ڕێی ئەم پاڵەوانیەتییەوە بە باشی خۆمان بۆ قۆناغی دووەمی پاڵەوانیەتیی عێراق ئامادە دەکەین، کە بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەڕێوە بچێت.»
تیپی پایسکلسواریی یانەی نەورۆز یەکێکە لە باشترین تیپەکانی پایسکلواریی لە کوردستان و عێراقدا و تا ئێستا چەندین نازناویان بەدەست هێنا و خاوەنی چەندین یاریزانی ئاستبەرزن، هاوکات یانەکەش گرنگییەکی باش بەو تیپە دەدات.



# ((شۆبۆخۆڤا)) یەکەمە

کچەیاریزانی رووسی یلینا شۆبۆخۆڤا توانی ببێتە پاڵەوانی ماراسۆنی لەندەن، کە ڕۆژی ٢٥ی نیسان ئەنجام درا و تێیدا زیاتر لە ٣٦ هەزار کچ و کوڕ بەشدارییان تێدا کرد.
یلینا شۆبۆخۆڤا توانی ماوەی ماراسۆنەکە (٤٢, ١٩٥) کیلۆمەتر بە ماوەی ٢ کاتژمێر و ٢١ خوەک و ٥٩ چرکە بڕی. بەمەیش توانی باشترین کات لە ئەم ساڵدا تۆمار بکات.
هەروەها لە پلەی دووەم کچەیاریزانێکی دیکەی ڕووسی هات، کە ئەویش ئینگا ئەبیتۆڤا بوو، کە ئەویش ماوەکەی بە ٢ کاتژمێر و ٢٢ خولەک و ١٩ چرکە بڕی.
لە پلەی سێیەمیش کچەیاریزانی ئەسیوپی ئەسیلیفچ مێرگیا هات.
یلینا شۆبۆخۆڤا بۆ جاری سێیەم بوو لە ڕێچکەی ژیانی وەرزشیی خۆیدا، کە بەشداریی لە ماراسۆنی ساڵانەی لەندەن بکات، ساڵی ڕابردووش توانی پلەی سێیەم بباتەوە. هەروەها هەر لە ساڵی ڕابردوودا نازناوی ماراسۆنی شیکاگۆی لە ئەمەریکا بەدەست هێنا.



www.munfarewe.com

# وەرزش زیان لە پەردەی کچێنی دەدات؟

هەولێر

هەموو خولیام ئەوەیە ئامادەیی تەواو بکەم و بڕۆمە پەیمانگە، یان کۆلێژی وەرزش، بەڵام دوای ئەوەی کە دایکم بیستوویەتی، گوایە وەرزشکردن بۆی هەیە زیان لە پەردەی کچێنی بدات، لە ئێستاوە ئاگاداری کردوومەوە کە ئەوە لە خەیاڵی خۆم دەربێنم. ئەوە قسەی ((هاوژین))ی، تەمەن ١٦ساڵە، کە قوتابی ئامادەییە و وا لە بارەی وەرزشکردنەوە تێگەیندراوە.

دابوونەریتی رووسوری ((پەردە)) لە کوردستاندا، لەو نەریتە کۆنانەیە کە تا ئێستاش، ژنی لەسەر دەکوژرێت. ئەگەرچی بە پێی قسەی پسپۆڕان، سێ جۆر پەردە هەیە و جۆر هەیە لە بنەڕەتدا خوێنی لێنایەت، بەڵام وەرزش کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەری نییە. کچانی کوردستان، لە زۆر بوار بێبەشکراون، وەرزش یەکێک لەو بوارانەیە کە وێڕای ئەوەی تائێستا بە ((عەیبە)) بۆ کچ وەسف دەکرێت، هاوکات زۆر لە خێزانەکان، بە هۆکاری لەدەستدانی پەردەی کچێنی دەزانن، بۆیە رێگە نادەن کچەکانیان بڕۆنە کۆلێژ و پەیمانگەی وەرزشی، یاخود هەر وەرزش بکەن.

کچێکی باڵابەرزی چاوسەوزە و ١٩ ساڵە، ئارەزووی خۆی بۆ وەرزش و رێگەنەدانی لە لایەن خێزانەکەیەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن دایکی بووەتە هۆی کوشتنی حەزەکانی ((هەموو ئاواتم ئەوەیە، رێگە بدەن لە یانەیەکی وەرزشیدا بەشداربم، بەڵام ماڵەوەمان رێگەنادەن، بە تایبەتیش دایکم کە پێیوایە زیان لە پەردەی کچێنیم دەدات)). هاژە، بە نیگەرانییەوە دەڵێت ((پەردەی کچێنی ئارەزووەکانی کوشتووم)).



فۆتۆ: وارڤین

## کاریگەری هەیە

د.نــەوال ســەعداوی، لە کتێبی ئـافـرەت و سێکسدا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پەردەی کچێنی سێ جۆری هەیە. جۆری یەکەمیان، زۆر تەنکە. لە کاتی دڕانیدا تەنیا ئاوێکی ڕوونی لێدێت. جۆرێکی دووەمیان، ئاساییە و خوێنی لێدێت. جۆری سێیەم، مەتاتییە. واتە بە سێکسکردنیش نادڕێت، بۆ ئەم جۆرە دەبێت کچەکە ســەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکات. ئاماژەش بەوە دەکات کە زۆرجار بە هۆی وەرزشێکی سەخت، یاخود پایسکلسواری و ئەسپسوارییەوە، پــەردەی کچێنی درز دەخـوات، بەم شێوەیە لە شەوی بوکێنیدا خوێنی لێنایەت. زۆرجاریش ئەوەبووەتە هۆی لە کەداربوونی کەسایەتیی کچێک، تا کوشتن، یان هەوڵدان بۆ کوشتنی لێکەوتووەتەوە. هەر لەو کتێبەدا نـەوال سەعداوی، ئاماژەی بۆ هەندێ کەس کردووە کە بەو هۆیەوە سەردانی تۆرینگەکەیان کردووە و ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، پێوەری کەسایەتی کچ، بەو پەردەیە دەکرێت.

## وەرزش پەردە نادڕێنێ

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون، ((د.ڕووناک ئیبراهیم))، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دڕانی پەردەی کچێنی، ئاوا ئاسان نییە کە باس دەکرێت. بە ڕای د.ڕوونـاک: ((ئەگەر شتێک بە داوێنی کچدا نەڕواتە خوارەوە و گوشارێک دروست نەبێت، پەردە نادڕێت)). هاوکات ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ((زۆرکچ، بە هۆی ڕووداوێکەوە تووشی لەدەستدانی پەردە دەبێت. بەڵام کچ هاتووەتە لام گوتویەتی کەوتوومە خوارەوە، یان شەقیان لە میزەڵدانم هەڵداوە، وایزانیووە پەردەی کچێنی نەماوە، بەڵام کە پشکنینم بۆی کردووە دەرکەوتووە کە پەردەی نەدڕاوە)).

د. ڕووناک، باس لە شێوازی پەردە دەکات، کە هەیە وەکو، حەلەقەیە. جۆریش هەیە وەک بێژینگ وایە و چەند کونێکی تێدایە. هەردوو لای پەردەی کچێنی، نزیکەی ٣سم لە ڕووی دەرەوەی لەشی کچەوە دوورە. بۆیە پێویستە کچان، لەو ڕاڕاییە دووربکـەونـەوە. ئەگەر پەردە بەهەر هۆکارێک بدڕێت، ئەوا لە کاتی پشکنینی دکتۆردا دەردەکەوێت.

## بۆچوونێکی لاوازە

مامۆستای وەرزش لە ئامادەیی سەرچنار، سەرگوڵ ئەحمەد، پێی وایـە، کاریگەریی وەرزش، لەسەر پەردەی کچێنی بۆچوونێکی لاوازە. مامۆستا سەرگوڵ، ئاماژە بە ئەزموونی ١٢ ساڵەی خۆی لە بواری وەرزشدا دەکات ((ماوەی ١٢ ساڵە وەرزشوانم. زۆرترین یارییە وەرزشییەکانم کردووە. زۆربەی قوتابییەکانیشم، لە ئاستێکی باشدان. تائێستا نەمبیستوە کە ڕۆژێک کچێک بەهۆی وەرزشـــەوە، پەردەی کچێنی لـەدەسـت دابـێـت)). بـە بۆچوونی سەرگوڵ ((ئەو قسانە بۆ دووخستنەوەی کچانە، لـەوەرزشـکـردن)). لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت کە زۆرجار قوتابییەکانی، بەو قسانە تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، بەڵام ((ئەوەی ڕۆحییەتی وەرزشـی هەبێت، بەو قسانە لە وەرزشکردن دوورناکەوێتەوە)).

## تەڵاق بۆ وەرزش

بەرپرسی یانەی وەرزشی ئافرەتان لە هەولێر، کافیە ڕەئووف، بە نیگەرانییەوە دەڵێت: ((ئەو قسانە کۆنن. ناکرێت کچان بەو هۆیەوە لە وەرزش دووربکەونەوە، لەبەرئەوەی کاریگەریی ئەرێنی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە. ئەزموونێکی زۆرم هەیە لە نێو وەرزش هەرگیز نەمدیوە ڕۆژێک کچێک بێت بڵێت وەرزش، جەستەی تێکداوم)). کافیە دەشڵێت، بە پێچەوانەوە وەرزشکاران، تەندروستن و منداڵی جوانیشیان دەبێت. ئەو ژنە وەرزشوانە، تیشک دەخاتە سەر کێشەی زۆر لە کچە وەرزشوانەکان کە خێزانەکانیان لە بەردەم ئارەزووەکانیان بۆ ڕووکردنە یانە وەرزشییەکان ڕێگرن

ئەو دەڵێت: ((کچمان هەیە، لە وەرزش دوورکـەوتـووەتـەوە، چونکە باوکی تەڵاقی خواردووە کە نابێت بێتەوە یانەی وەرزشی)).

هۆکارێکی دیکەی بەشدارنەبوونی کچان لە وەرزش بە ڕای کافیە، سازنەدانی قارەمانێتییە بۆ یانەکانی کچان، ئـەوەش بەرپرسانی وەرزشی لێی بەرپرسیارن، چونکە ئەنجامدانی قارەمانێتی کاریگەریی زۆری لەسەر زیادبوونی ڕێژەی کچان، لە وەرزشدا هەیە.

## بە وەرزش خۆشحاڵم

ناز محەممەد، ٢٤ساڵە و قوتابی کۆلێژی پـەروەردەی وەرزشییە. بە ئـارەزووی خۆی هاتووەتە ئەو بەشە، ئێستا کە وەرزش دەکات لەو کاتە خۆشحاڵترە کە ئارەزووی بووە ((کە وەرزشـت کـرد، هەست بە خۆشحاڵییەکی زیاتر دەکەیت. هەموو ئەو پروپاگەندانەش لەبیردەکەیت کە ئاراستەی کچانی وەرزشوان دەکرێت)). بە بڕوای ناز، وەرزش کاریگەری ئەرێنی هەیە، بۆیە ناکرێت بە هۆی بۆچوونێکی کۆنەوە، کچان لە وەرزش دووربکەونەوە.

## کوڕان حەز لە کچی وەرزشوان دەکەن

پسپۆڕی بواری جومناستیکی میوزیکی کچان، (ڕوونـاک ڕەشـیـد))، بـاس لـەوەدەکـات کە وەرزشکردن لەسەر پەردەی کچێنی کاریگەریی نییە و ئەو بۆچوونە بە بۆچوونێکی لاوازی کەلتووری ناو دەبات. ئەوەش دەخاتەڕوو کە ١٧ ساڵە لە بواری وەرزشدا وانە دەڵێتەوە، خـۆشـی وەرزشـوانـە، بـە تـایـبـەت بـواری پسپۆڕییەکەی خـۆی، یەکێکە لە وەرزشە هەرە پڕ جووڵەکان. کەچی هیچ شتێکی وای بەسەر نەهاتووە کە پەردەی کچێنی لەدەست بدات. مامۆستا ڕووناک، ئەوە بۆ کچان ڕوون دەکاتەوە کە ((وەرزشکردن، نابێتە هۆی زیانگەیاندن بە هیچ کوێیەکی جەستەیان و بە پێچەوانەوە. ئەو بۆچوونە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە)). سەبارەت بە پڕکردنەوەی فۆرمی وەرگرتنی قوتابیانی کچ لە پەیمانگە و کۆلێژە وەرزشییەکان، مامۆستا ڕووناک دەڵێت: ((ئەو بەڵێننامەیە بۆ ئەو کچانەیە کە شوو دەکەن، چونکە قوتابییەکە لە کاتی دووگیانیدا مۆڵەت وەردەگرێت. چونکە هەر کچێک، لە کاتی وەرزشکردندا، هەر زیانێکی جەستەیی پێبگات، ئەوا لەسەر خۆیەتی)).

خەندە ئیبراهیم، قوتابی قۆناغی دووەمی وەرزشییە. دەڵێت، ئەو بۆچوونانە ڕاڕایی لای کچانی وەرزشـوان دروست دەکەن ((بەڵام من ڕاڕانـیـم. بـڕوام بـەوە نییە کە وەرزش زیانم پێبگەیەنێت)). خەندە بە پێکەنینەوە گوتیشی: ((کچانی وەرزشوان، خاوەنی سیما و بەژن و باڵایەکی ڕێکن، کوڕان زیاتر حەز لە کچی وەرزشوان دەکەن)).

**ئاڤان فارس جاف**

www.netewe.com



کەرکووک ٢٠١٠ ژنێکی کورد ئەوها دەژی

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

www.netewe.com



**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

# پزیشکی وارڤین

**ئایا جگەرەکێشان کاردەکاتە سەر کۆرپەلەی ناو سکی دایک. چۆن؟**

د.عەتیە حەمەسەعید: جگەرەکێشان هەموو کاتێک، بۆ هەموو بەشەکانی لەش زیانی هەیە، بەڵام لەکاتی سکپڕیدا، زیانی بۆ کۆرپەلە زیاترە، چونکە ماددەی نیکۆتین ئەو بۆرییانەی خوێن، کرژدەکاتەوە کە بۆ منداڵدان دەچن. بەمەش وێلاشەکە بچووک دەبێتەوە. کە وێلاشەکە بچووک بووە، خوێنی کەمتر بە منداڵ، دەگەیەنرێت و بەمەش کۆرپەکە قەبارەی بچووک دەبێت و هەناسەی تەنگ و ئۆکسجینی کەمتر دەبێت. ئەگەر جگەرەکێشانەکە زۆر بێ، واتە ڕۆژانە جگەرەی زیاتر بکێشرێت، لەکاتی لەدایکبوونیدا کۆرپەکە هەناسەی تەنگ دەبێت.

**ئەوانەی کە قەڵەون تا چەند ئەگەری تووشبوونیان بەنەخۆشی زیاترە؟**

پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو ودڵ، د. یوسف بەهائەدین: کۆنیشانی زیندەپاڵ، هەموو ئەو نەخۆشییانەیە کە ئێستا وەک پەتایەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەلای ئێمە بڵاو بوونەتەوە، بریتییە لەهەبوونی پاڵەپەستۆی خوێن، شەکرە، دڵ و زیادبوونی ڕێژەی چەوری لە لەشدا. زۆرجار ئەوانە بەیەکەوە ڕوودەدەن. یاخود لەوانەیە مرۆڤ، دووان لەو نەخۆشییانەیان بەیەکەوە تووشبێت کە دەستپێکیان بریتیە لە قەڵەوی. دواتر تووشی نەخۆشی دڵ، یان پاڵەپەستۆی خوێن دەبن. کە واتە قەڵەوی بەرێژەیەکی بەرز هۆکارە بۆ تووشبوون بەنەخۆشی درێژخایەن.

**ڕێگاکانی خۆپاراستن لەشێرپەنجەی ملی منداڵدان؟**

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون، د. سامیە عەبدولکریم: چارەسەری ڕێکوپێک بۆ هەوکردن و نەخۆشییە سێکسییەکان کە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوازرێتەوە، خۆپارێزییەکی چاک دروستدەکات. بەو پێیەی کە ئەو هەوکردنانە لەپەیدابوونی گەشەی نائاسایی خانەکاندا یارمەتیدەرن، دەبێ بزانین شێرپەنجەی ملی منداڵدان، تاکە شێر پەنجەیە کە بەر لەپەیدابوونی، چاوەڕوانی بۆ دەکرێت. ئەویش لەرێگەی پەیدابوونی گەشەی نائاسایی خانەکانەوەیە. لێنۆڕینی ساڵانەی خولی بۆ توێژاڵەکانی منداڵدان، باشترین چارەسەرە. بەڵێ دەتوانرێت بەم لێنۆڕینە، چارەسەر و خۆپارێزی دژی سێرپەنجەی ملی منداڵدان بکرێت.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813

ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

www.metewe.com

# کاریگەری دژەزیندەییەکان ئەنتی بایۆتیک (ANTIBIOTIC) لەسەر مرۆڤ

هەولێر

دژەزیندەییەکان، لەچەند جۆرێک پێکدێت کە لەرێگەی کیمیایی، دەرزی، حەب و شروب، دروستدەکرێت و کاری ناچالاککردنی بەکتریایە لەنێو لەشی مرۆڤ. پسپۆڕێکی ئەو بوارە باس لەوە دەکات کە نابێت ئەنتی بایۆتیک، راستەوخۆ بەنەخۆش بدرێت، چونکە کاریگەری لاوەکی لەسەر نەخۆش هەیەو دەبێتە هۆی ژانی گەدە، یاخود حەساسیە دروستدەکات و زۆرجاریش بەوهۆیەوە نەخۆشەکە دەمرێت.

## دژەزیندەییەکان(ئەنتی بایۆتیک) چین؟

بریتین لەکۆمەڵێک دەرمان و بەوەناسراون کە دەبنە هۆی لەناوبردن، یان سستکردنی کاری بەکتریاکان. هەموو جۆرەکانی ئەنتی بایۆتیک، کاریگەری لەسەر میکرۆب هەیەو بەرێگای کیمیایی، بەشێوەی دەرزی، حەب و شروب، دەستدەکەوێت کە بەکتریا ناچالاک دەکات، یان دەیکوژێت.

## جۆرەکانی

پسپۆڕی بـواری دڵ و هەناو و رۆماتیزم د.دەشتی عەباس، جۆرەکانی ئەنتی بایۆتیک، روون دەکاتەوە دەڵێ، چەندین جۆریان هەیە وەک، کۆمەڵەی پەنسلینەکان، ئەنتی بایۆتیکی تتراسایکلین، تۆکسیسایکلین، گارامایسین و سلفا، فیوسیدین، لینکۆمایسین و کەفەلێکس. هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە ئەنتی بایۆتیکی نوێ، بەردەوام لەدۆزینەوەدایە.

## گرنگترین کارەکانی

– رێگە لەدەرکردنی ئەنزیمی دیواری بەکتریاکان دەگرێت.
– دەبێتە هۆی برینداربوون و تێکدانی پەردەی سایتۆ پلازما.
– رێگە لەدەردانی پرۆتینی بەکتریا دەگرێت.
– رێگە لەناوکە ئەسیدە دروستکراوەکان، دەگرێت.
– رێگە نادات بەکتریاکان زیاد بکەن و گەورە ببن.

پێویستە لەکاتی بەکارهێناندا، رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێن:

تەمەنی نـەخـۆش رەچـاوکـردنـی تەمەنی نەخۆش کە ئایا بچووکە یان گەورەیە. ئەگەر نەخۆشەکە ژن بێت، پێویستە لەبارەی سکپڕییەوە پرسیاری لێ بکرێت.

کێشی نەخۆش: پێویستە رەچاوی کێشی نەخۆش بکرێت، ئایا بەرگەی ئەو چارەسەرە دەگرێت.

فەرمانی گورچیلە: دەبێت لەوە دڵنیابین کە گورچیلەکانی بەئاسایی کاددەکات، میزکردنی نەخۆش ئاساییە.

– جیاکردنەوەو ناسینەوەی میکرۆبەکە لە خوێن لەشلەی مێشک و پەتکە دەمار، لەبۆری هەرس و لەنێو میزدا.
– پێویستە پزیشک بۆی روون ببێتەوە کە کام جۆری دەرمانەکە بەکتریاکە دەکوژێت و لەناوی دەبات.

نابێت جورعەی زۆر بەمنداڵ بدرێت، بەڵکو دەبێت بەپێی کێشی منداڵەکە بێ و نەگاتە رادەی کاریگەر، چونکە تووشی ژەهراوییوونی دەکات.

## ئەنتی بایۆتیک بەرگری بەکتریاکانی ریخۆڵە زیاددەکات

لەتوێژینەوەیەکی نوێدا کە لەشاری ئۆپسالای سویدلەسەرئەونەخۆشانەکراوەکەلەماوەی یەک هەفتەدا دەرمـانـی (KLARITROMYCIN) (KLACID) بەمەبەستی چارەسەرکردنی بـەکـتـریـای ریـخـۆڵـە، بـەکـارهـێـنـاوە. لەوتوێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە دەرمانی ناوبراو بەکتریاکانی ریخۆڵە لەناو دەبات. بەڵام هەندێک جۆری بەکتریای تر لەناو ریخۆڵە بەرگری بەرامبەر دەرمانەکە پەیدادەکەن. مەترسییەکە لەوەدایە کە بەکتریاکانی نێو ریخۆڵە، کاردەکەنە سەر دەرمانەکە. لەوبارەشدا ئەو نەخۆشانەی کە ناتوانن پەنسلین وەربگرن، بەهۆی بەرگری بەکتریاکەوە سوود لەدەرمانی ناوبراو وەرناگرن.

## ئەنتی بایۆتیک و تووشبووانی نەخۆشی دڵ

ئەنتی بایۆتیک، مەترسی مردنی کتوپڕ بـەدڵ دووجـار زیـاد دەکـات، چونکە بەپێی توێژینەوەیەکی فـراوانـی گۆڤاری (NEW ENGLAND JOURNAL OF MEDICIN) دا کە ١,٢٥ مـلـیـۆن کەس بـەشـداریـیـان تـێـداکـردبـوو، تەنیا ١٤٧٦ نەخۆش کتوپڕ دڵیان لە لێدان وەستاوە. توێژەرەوەکان، ئاماژەیان بەو راستییە کرد کە ئەو کەسانەی دەرمانی (ئێریترۆمایسین) یان بەکارهێناوە مەترسی مردنی کتوپڕی دڵیان دووجـار زیـاتـرە، لـەو کەسانەی کە هیچ دەرمانێک بەکارناهێنن. مەترسییەکە کاتێک زیاد دەکات کە نەخۆش ئەو دەرمانانە بەکاردەهێنێت کە ئەنزیمی (CYP٣A٤) ی تێدایە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو رێژە بەرزەی (ئیرۆترۆمایسین) لەنێو لەشدا زیندە پاڵ نەکرێت، چونکە بەبڕوای توێژەران، نابێت ئە و دەرمان وئەنزیمە، تێکەڵبکرێت.

www.newewe.com

بهێنێت. چونکە کاریگەری لاوەکی لەسەر نەخۆش هەیەو دەبێتە هۆی ژانی گەدە یاخود حەساسیە دروستدەکات. زۆرجار ئەو حەساسیە دەبێتە هۆی مردنی نەخۆش.

## بنەماکانی چارەسەرکردن

١.پێویستە نەخۆشەکە، بێ هەڵە پشکنینی بۆ بکرێت و جۆری نەخۆشییەکەی دەستنیشان بکرێت.

٢.پێویستە بڕیار لەسەر چارەسەرکردن بدرێت.

٣.هەڵبژاردنی ئەنتی بایۆتیک، دەبێت بەپێی جۆری نەخۆشییەکە بێت کە ئایا توندە، مامناوەندییە، هێواشە یان درێژخایەنە. تادەتوانرێت دەبێت یەک دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش هەڵبژێردرێت. لەکاتی پێویستدا بۆ زیادکردنی کاری دەرمانەکە، دەتوانرێت دوو یان سێ جۆری دەرمانەکە تێکەڵبکرێت.

بەپێی شوێنی نەخۆشییەکە، تەشەنەکردنی بەکتریا، پیسبوونی خوێن، ناوپۆشە سۆی دڵ، ڕێڕەوی نەخۆشییەکە، ئەنجامی تێستی تاقیگەیی، هەریەکەیان بەجیا سەیردەکرێت و پاشان دەرمان بەکاردەهێنرێت.

پێویستە چاودێری دەرمانەکە بکرێت و بزانرێت، ئایا ئەو دەرمانە بۆ نەخۆشەکە دەگونجێت.

## ماوەی کاریگەری ئەنتی بایۆتیک بۆچارەسەرکردن

سەبارەت بەماوەی چارەسەرکردن، د.دەشتی پێیوایە، ماوەی چارەسەرکردن، بەرادەی کاری دەرمانەکەو کاتی ژەمەکان و خێرایی خواردنی دەرمان و حەبەکانەوە بەندە. دەبێت نەخۆش لەکاتی پێویستدا، بەنەشتەرگەری چارەسەربکرێت، هەروەها پێویستە بەپێی پلان، دەرمان بەنەخۆش بدرێت.

بەکارنەهێنانی دەرمان وەک خۆپاراستن، بۆماوەیەکی درێژ، لەهەندێک حاڵەتدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکتریایەکە بەرگری پەیدا بکات.



**شیلان یاسین**




## بەدەرمان تووشبووم

بۆتان سەعدی (٢٥)ساڵ دانیشتووی شاری هەولێرەو قوتابی زانکۆیە. ئاماژە بەوەدەکات کە بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان لەلایەن یاریدەدەرێکی پزیشکییەوە، تووشی حەساسیە بووە ((نەخۆش بووم چوومەلای یاریدەدەرێکی پزیشکی گەڕەکەکەمان، دەرزییەکی گاراماسینی لێمداو حەبی کەفلێکسی پێدام. دوای نیو کاتژمێر تووشی حەساسیە بووم و هەموو لەشم سور هەڵگەڕاو تووشی خوران و ئازارێکی زۆربووم. چاوم نەیدەبینی تەواو بێتاقەت بووم، تا توانای ڕۆیشتنم نەما کە چومەوە لای یاریدەدەری پزیشکەکە گوتی، تۆ حەساسیەت بەو دەرزییە هەیەو دەرزییەکی تری لێدام)). بۆتان دەڵێت، لەوکاتەوە لەترسی دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتە ناوێرم دەرزی لەخۆم بدەم. فاتمە عەبدوڵڵا (٦٠) دانیشتووی شاری هەولێرە. بە بەکارهێنانی دەرمان، بەبێ ڕاوێژی پزیشک، نەخۆش کەوتووە ((ئێستا بزانم نارەحەتم، سەردانی پزیشکی پسپۆڕ دەکەم)). فاتمە، داوا لەخەڵک دەکات کە بەبێ ڕاوێژی پزیشک، دەرمان بەکارنەهێنن، بەتایبەتیش لای یاریدەدەری پزیشکی، چونکە بەکارهێنانی هەندێ دەرمان، مرۆڤ تووشی نەخۆشی ترسناکتر دەکات.

## ڕێنمایی پزیشک

سەبارەت بەڕێنماییەکانی نەخۆش د. دەشتی عباس، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: نابێ ئەنتی بایۆتیک، ڕاستەوخۆ بەنەخۆش بدرێت، بەڵکو دەبێت نەخۆش، لەژێر ڕێنمایی پزیشک بەکاری

www.netewe.com



# حەبی ئەسپرین و چەند زانیارییەکی پێویست

هەولێر

ئەسپرین، بەشێوەی حەبی دەنک سپی، لەڕێگەی دەمەوە، یان بە شاف لەڕێگەی کۆمەوە RECTAL SUPPOSITORIES، یان بەشێوەی دەرزی ئەسپیجیک ASPEGIC، لەڕێگەی ماسولکەو خوێنهێنەرەوە بەکاردەهێنرێت و بەپێی توێژینەوەیەکیش دەرکەوتووە کە ٣٠٪ی ڕێژەی تووشبوون بەشێرپەنجەی مەمک لەژنان، بەرێگەی بەکارهێنانی ئەسپرین، کەمبووەتەوە.

ئەسپرین، یەکێکە لەو دەرمانانەی کە زۆر لەمێژە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت و سوودی لێوەردەگرێت. ئەسپرین، چەندین ناوی بازرگانی وەک، RASPERINE’ ASIAPIRINE’A.S.A.) هەیە، بەڵام ناوە زانستییەکەی ئەسیتایل سالیسیلیک ئەسیدا: سالیسیلەیت. (ASPIRIN= ACETYLSALICYLIC ACID: SALICYLATES)

## پێشینەی بەکارهێنان

نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ، لەمەوبەر هیپۆکراتی گریکی، جۆرە شلەیەکی لە ڕووەکێک دەرهێناوە وەک دەرمان دژی ئازار و تا، بەکاریهێناوە. لەساڵی ١٨٩٧ کیمیازانی ئەڵمانی، فێلیکس هۆفمان، دەرمانی ئەسپرینی دروست کرد. لەساڵی ١٨٩٩ لەهەموو جیهان بڵاو بووەوە. لەساڵی ١٩٨٢ توێژەری ئینگلیز JOHN VANE، کاریگەرییەکانی ئەسپرینی بۆ لەشی مرۆڤ، ڕوونکردەوە. لە ١٩٩٤ ئەنجام و ئاماری توێژینەوەکان، ئەوەیان خستەڕوو کە ئەسپرین، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن، لەو کەسانەدا کە شێرپەنجەی گەروو، یان گەدەیان هەیە.

## شێوازی بەکارهێنان

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ د. مزەفەر بارزانی دەڵێت، ئەسپرین بەشێوەی حەبی دەنک سپی، لەڕێگەی دەمەوە، یان بە شاف لەڕێ کۆمەوە RECTAL SUPPOSITORIES، یان بەشێوەی دەرزی ئەسپیجیک ASPEGIC، لەڕێگەی ماسولکەو خوێنهێنەرەوە بەکاردەهێنرێت.

ئەسپرین و کاریگەری لەبیرچوونەوە

دەرمانی ئەسپرین، بۆ تاقیکردنەوە لەبواریتردا بەکارهێنراوەو ئەنجامی باشی بەدەستەوە داوە. ئەو کەسانەی بەرێکی ئەسپرینیان وەرگرتووە، ڕێژەی تووشبوونیان بەگیروگرفتی لەبیرچوونەوە، یان نەخۆشی (ALZHEIMER) ئەلزهایمەر زۆر کەمبووەتەوە. لەمرۆڤی بەتەمەنیشدا ڕێژەی شت بیرچوونەوە، زۆر باشبووە.

## ئەسپرین و شەکرە

ئەسپرین، کاریگەری ئەرێنی لەسەر تووشبووانی شەکرە هەیە، چونکە خوێن، شل دەکاتەوەو نایەڵێت بمەیێت. زۆرجار خوێنی شەکرەدار، ڕێژەیەکی زۆر ماددەی ترۆمبۆکسانی مەیینی خوێنی تێدایە. ئەسپرین، نایەڵێت خوێن بمەیێت.

## ئەسپرین و شێرپەنجە

چەندین توێژینەوەی ئەمریکی دەریانخستووە کە ئەسپرین، بۆ خۆپاراستن دژی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە، کاریگەری باشی هەیە. بەتایبەت دژی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە ئەستورەیە. هەروەها ٣٠٪ی ڕێژەی تووشبوون بەشێرپەنجەی مەمک لە ژناندا کەم دەکاتەوە.

## ئەسپرین و ژنی دووگیان

نابێت ژنی سکپڕ ئەسپرین بەکاربهێنێت، چونکە دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی دایک و کۆرپەو کەمبوونەوەی کێشی کۆرپەلە. هەروەها بۆ ژنی شیردەریش کاریگەریی خراپی هەیە، چونکە لەڕێگەی شیرەوە کار دەکاتە

www.netewe.com



سەر کۆرپەلە. نابێ بەبێ ڕێنمایی پزیشک ئەسپرین، بەو منداڵ و تازە پێگەیشتووانە بدرێت کە تایان لێبێت ( تادارین) دەبێ لەو حاڵەتەدا پاراسیتامۆڵ، بەکاربهێنرێت.

## کاریگەرییە باشەکانی

– کاریگەری دژی سووربوونەوەوسوورهەڵگەرانی شوێنی ئازار INFLAMMATION هەیە.

– ئازارشکێن وەک ئـازاری ڕۆماتیزم، تا، سووڕی مانگانە، ژانەسەر و ددان ئێشان. ئازاری جومگە، ئازاری گورچیلە.

– دژی خوێن مەیینە: زۆر لەمێژە ئەسپرین ڕۆڵـی تایبەتی، لەخۆپاراستن لە مەیینی خوێنی دڵ و مێشکدا هەبووە.

## کاریگەرییە خراپەکانی

وێـڕای کاریگەرییە باشەکانی ئەسپرین، د.مزەفەر، ئاماژە بە کاریگەرییە خراپەکانی ئەسپرین دەکات و دەڵێ کە نیشانەی لاوەکی و کاریگەری خراپیشی هەیە. پێویستە نەخۆش لەبەکارهێنانیدا وریا بێت، چونکە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا مەترسی هەیە بۆ:

– دروستبوونی برینی نێوپۆشی ڕیخۆڵە، گەدەو خوێنبەربوون.

– دەبـێـتـە هـۆی زیـادبـوونـی مەترسی خوێنبەربوون.

– دەبێتە هۆی تووشبوون بەتەنگەنەفەسی، لەو کەسانەی کە گۆشتی زیادە لەلووتیاندا دا هەیە، یان تووشی هەوکردنی لووت، هاتوون.

– گۆڕانکاری پێست و هەڵامەت.

– دەبێتە هۆی دروستبوونی ئازاری گەدەو دڵەکزێ.

– کەمبوونی ئـارەزووی خۆراک. هەندێکجار دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی گەدەو ڕیخۆڵە. هەروەها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی پەڵەو لیری پێست و کێشەی بینین دروستدەکات. بۆیە دەبـێ ئەسپرین، لەگەڵ شیر، یان برێکی زۆر ئـاودا، بخورێت. ئەوانەی مەی خۆرن، ئەسپرین، کێشەی زیاتریان لـەگـەدەدا بۆ دروست دەکات.

## ئەسپرین و کاریگەری مردن لەسەر تووشبوانی جەڵتەی دڵ

لەساڵی ١٩٩٨، ڕێـکـخـراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، لەهەڵمەتێکدا هەوڵیدا زانستیانە سـوود لە ئەسپرین وەربگرێت، چونکە ساڵانە نزیکەی ٣٢ ملیۆن کەس لەجیهاندا، تووشی جەڵتەی دڵ و مێشک دەبن. بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و دووبارەنەبوونەوەی جەڵتەی نوێ، لەزۆر وڵاتـدا ئەسپرین بەکاردەهێنرێت. ئەنجامی توێژینەوەکان، دەریانخست کە دوای جەڵتەی دڵ، کاتێک کەسی جەڵتە لێدراو، ڕۆژانە دوو حەبیASPIRIN CARDIO ی چل ملگم ی بەکارهێناوە، بەتایبەت لەپیاوی تەمەن سەروو پەنجا ساڵ، دەرکەوتووە کە ئەسپرین ٢٠٪ـی ڕێـژەی مردنی کـەم کردووەتەوە. حەمید سەعید، ٥٧ساڵەو دانیشتووی شاری هەولێرەو مامۆستای بنەڕەتییە. کێشی زۆرەو دوچاری نەخۆشی دڵ بووەو دەڵێ کە جەڵتەی دڵی هەیەو لەکاتی وەرگرتنی چارەسەردا، بۆ نەمەیینی خوێن، پزیشکەکەی حەبی ئەسپرینی بۆ نووسیووە. ماوەی سێ مانگە بەبەردەوامی ڕۆژانە دوو حەبی ( ASPIRIN CARDIO ی پەنجا ملگم )ی دەخوات»تەندروستیم زۆر باشە. بەڵام پارێز دەکەم، چونکە ئەو حەبە بۆ ئەوەیە کە خوێنم نەمەیێت».

## کاریگەری لەسەر دەرمانی تر

ئـەگـەر ئەسپرین لـەگـەڵ دەرمـانـی تردا بەکاربهێنرێت، ئـەوا تووشی زیـان دێت و کاریگەری بەشێک لەدەرمانەکان زیاد یان کەم دەکات. بۆیە نابێ ئەسپرین لەگەڵ ئەو دەرمانانە بەکاربهێنرێت:

– دەرمانی بەرزە پەستانی خوێن، چونکە کاریگەری کەمتر دەکاتەوە.

– دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی زۆرتر، ئەگەر لەگەڵ دەرمانی خاوکەرەوەی مەیینی خوێن بەکاربهێنرێت.

– دەبێتە هـۆی نزمی پەستانی خوێن و گێژی، ئەگەر لەگەڵ حەبی نایترۆگلایسیرین وەربگیرێت.

– لەگەڵ ئەو دەرمانانەدا ناگونجێت، دەرمانی میزپێکەرDIURETICS، دەرمانی شەکرە، دەرمانی دژە هەوکردنی ناستیرۆیدەکانی تر، دەرمانی پەرکەم و کۆرتیزۆن (STEROIDS). بـۆیـە نـەخـۆش لـەکـاتـی وەرگـرتـنـی ئەو دەرمانانەدا، دەبێت ڕاوێژ بەپزیشکەکەی بکات.

– نابێت تووشبووانی ئایدز کە دەرمانی ئەی زێد تی A.Z.T. وەردەگرن ئەسپرین بخۆن، چونکە دەبێتە هۆی خوێنبەربوون.

– ئـەوانـەی جگەریان تـەواو نییە، نابێت ئەسپرین بخۆن.

– ئەو کەسەی نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، لەبەر مەترسی خوێنبەربوون، نابێت بەر لەنەشتەرگەری ئەسپرین خواردبێت.

– نابێت هیچ نەخۆشێک، بەبێ چاودێری پزیشک لە دەرۆژ زیاتر ئەسپرین بەکاربێنێت.

نەسرین حەسەن ٤٠ ساڵەو ژنی ماڵەوەیە. بەهۆی ئازاری ڕۆماتیزمی جومگەی قاچەکانی، پزیشک دەرمانی ئەسپرینی بۆ داناوە. بەڵام بەپێچەوانەوە هەستی بەکاریگەری خراپی ئەسپرین، کـــردووە. چونکە»پەستانی خوێنم هەیە. لەوکاتەی کە حەبی زەخت و ئەسپرینم بەیەکەوە دەخوارد، بەهۆی حەبە ئەسپرینەکەوە زەختم دانەبەزی و گوشاری خوێنم بەرز بووەتەوە».

www.netewe.com

# گرفتە سێکسییەکان



## ((ڕێژەی تووشبوونی ژن بەگرفتی سێکسی، سێ بەرامبەری پیاوە))

هەولێر

ئایا هۆکاری گرفتە سێکسییەکان بایلۆژییە یان هۆکاری تری وەک سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیشی لەپشتەوەیە؟ هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو گرفتە لەچییەوەیەو چۆن دەتوانرێت چارەسەری بۆ بکرێت؟ پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان د. ئومێد قادر، لەو بارەیەوە زانیاری ڕادەگەیەنێت و ئەوەش دەخاتەڕوو کە تا پیاوێک تووشی گرفتی سێکسی دەبێت، ٣ ژن ئەو گرفتەیان دەبێت.

### گرفتە سێکسییەکان چین؟

زۆرجار بەهۆی کۆمەڵێک نەخۆشییەوە، ناڕەحەتی وگرفتی سێکسی (Sexual Disorders) لەنێوان هاوسەراندا دروست دەبێت و ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتی دەروونی. بەبڕوای پسپۆڕانی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان، نەخۆشییە سێکسییەکان، بۆ ٣ بەشی سەرەکی پۆلێن دەکرێت:

١) تێکچوونی سێکسی

www.netewe.com

Sexual dysfunctions.

٢) ئارەزووە سێکسییەکان، بۆ ئارەزووی نادروست دەگۆڕێن. وەک Paraphilias کە لێرەدا فەرمانە سێکسییەکان بەرێکوپێکی بەڕێوەدەچێت، بەڵام کێشەی تری هەیە. بۆ نموونە، کەسی نەخۆش حەز دەکات لەبەردەم پەنجەرەیەک خۆی رووت بکاتەوە. ئەوەش زیاتر لەپیاواندا بەدیار دەکەوێت و لەژناندا کەمترە.

٣) تێکچوونی ناسنامەی سێکسی، راکردن لەرەگەزی خۆت Gender Identity Disorder. بۆ نموونە، پیاوێک کە بە پیاو واتا رەگەزی نێر دروستبووە، لەم واقیعە رادەکات و هەوڵدەدات وەک ژن رەفتار بکات. یان بەپێچەوانەوە کچ وەک کوڕان دەردەچێت. بەپێی پۆلێنکردنی جیهانی کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی، نەخۆشییە سێکسییەکان، بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوەو نارەحەتی دەروونی بۆ مرۆڤەکە دروستدەکات. ئەوەش دەبێتە یەکێک لەنیشانەکان کە بەبەردەوامی لەکەسی توشبوو بەدیاردەکەوێت و ئەگەر چارەسەری بۆ نەکرێت، دەچێتە خانەی تووشبوون بە نەخۆشییەوە.

### گرفتی دەروونی

پسپۆڕی بواری نەخۆشییە دەروونییەکان د. ئومێد قادر، سەبارەت بەو گرفتە دەروونییانەی کە بەهۆی سێکسەوە دروست دەبن، یاخود دەبنە هۆی نەخۆشی سێکسی گوتی: ((جۆری نەخۆشی هەیە بەدرێژایی تەمەن دەمێنێتەوە، هەشە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت. جۆرێکیتر دەچێتە خانەی گشتاندن و پیاوەکە لەگەڵ هەموو ژنێکدا، ئەم گرفتەی دەبێت. نەک تەنیا لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی. هەشیانە لەگەڵ گۆڕینی شوێن دەگۆڕێت)).

### راوێژ ناکەن

د. ئومێد، ئاماژە بەزۆری گرفتە سێکسییەکان دەکات، بەڵام کێشەکە لەوەدا دەبینێت کە خەڵک پێی شەرمەو دانی پێدانانێت، چونکە هۆشیاری نییە. لەرووی نایەت لەگەڵ پزیشکی تایبەتمەند راوێژ بکات. بۆ نموونە، زۆرجار پیاو یان ژن، هەستدەکات ئارەزووی سێکسی کەم بووەتەوە، باسی ناکات. هەشیانە کاریگەری پەروەردەیە، چونکە لەمنداڵییەوە وا فێر کراوە کە سێکس، شتێکی عەیبەیەو لەرووی روحییەوە جۆشکراوی کۆمەڵێک کۆت و بەندە، ئەو نەریتەش رەنگدانەوەی زیاتری لای ژن هەیە، بەرێژەی دوو ئەوەندەی پیاو، واتا رێژەی تووشبوونی ژن بەگرفتی سێکسی، سێ بەرامبەری پیاوە«تا پیاوێک تووشی گرفتی سێکسی دەبێت، ٣ ژن ئەو گرفتەیان دەبێت».

### هۆکارەکانی

سەبارەت بەهۆکارەکانی تووشبوون بەم گرفتە، د.ئومێد قادر، هێما بۆ هۆکارە بایۆلۆژی و سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆژییەکان دەکات. هۆکارە بایۆلۆژییەکان، بۆ ئۆرگانەکانی لەش دەگەڕێنێتەوە. لەوانەیە بەهۆی وەرگرتنی جۆرە دەرمانێک، یان تووشبوون بە نەخۆشی شەکرەو نەخۆشییەکانی وەک، غودەی دەرەقی و رژێنی سەر گورچیلە، ئەدرینال، رووبدات.

هۆکارە سایکۆلۆژییەکان، زیاتر لەو کەسانە دەبێت، کە بەمنداڵی تەحەروشی پێکراوە. بەم هۆیە ئارەزووی سێکسی نابێت و ئەو کێشەیە لەلای ئەو، چەق بەستوو بووە. هۆکارێکیتر تووشبوون بەخەمۆکییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت قۆناغەکانی گەیشتن بەچێژی سێکسی، بەرێکی ببرێت ((ئارەزووی سێکسی نابێت، ئەگەر ئارەزووشی هەبێت ئامادەیی بۆ سێکسکردن نابێت. ئەگەر ئامادەیشی هەبێت ناگاتە قۆناغی ئۆرگازم، چونکە کامل نییە)). یان زۆرجار ژنەکە بەزۆر بە هاوسەرەکەی دراوەو خۆشی ناوێت. یان جیاوازی تەمەن کە پیاوەکە زۆر لە ژنەکە گەورەترەو ژنەکە لەڕووی نایەت بڵێت، پێویستیم بە سێکسە. ئەوانە گشتیان دەچنە خانەی سایکۆلۆژییەوە. بەڵام هۆکاری سۆسیۆلۆژی، واتا لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، ئەو تێڕوانینە هەڵانەی کە لەکۆندا ماوەتەوەو بە هەڵە خەڵک لێی تێگەیشتوون دەگرێتەوە. بۆ نموونە، لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە گۆڕانکارییەکانی جەستەی خۆی تێ نەگەیەنراوە، زۆرجار بۆی دەبێتە گرفت.

### هاوسەرەکەم گلەیی هەیە

خەرمان حەکیم، ٢٩ ساڵەو خەڵکی رانیەیە، وەک خۆی باسیدەکات، ماوەی ١١ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوەو دوو منداڵی هەیە. بەڵام بەردەوام هاوسەرەکەی، گلەیی ئەوەی لێیە کە وەک پێویست لەگەڵی سێکس ناکات. خەرمان، ئاماژە بەوەش دەکات کە هیچ گرفتی دەروونی نییە«خۆشم نازانم بۆچی ناتوانم، وەک پێویست بایەخ بەسێکس کردن، بدەم. ئەوەندە دەزانم، کە ئارەزووم لێی نییە». عەلی ئەحمەد، ٣٩ ساڵەو کاسبە. گرفتەکەی ئەوەیە کە ئارەزووی بۆ سێکسکردن نییە، ماوەی ١٢ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو پێنج منداڵی هەیە. عەلی، بەهۆیەوە ناچاربووە هاوسەرەکەی رازی بکات تا خۆی داوای سێکسی لێ نەکات، ئەو داوای نەکا، بۆیە تائێستا بیری لەچارەسەری نەکردووەتەوە. هەیفا کەریم، تەمەنی ٤٣ ساڵەو خاوەنی سێ منداڵە. ئەو گرفتی لەوەدایە کە ناتوانێت، وەک جاران چێژی سێکسی وەرگرێت، بەڵام بەبڕوای خۆی ئەوە بۆ زیادبوونی تەمەنی دەگەڕێتەوە، نەک گرفتی تر.

### چارەسەر

بەگوتەی د.ئومێد، ئەو کەسانەی کە گەنجن، یاخود لەتەمەنێکدان دەتوانن سێکس بکەن، بەڵام گرفتیان هەیەو لەباری دەروونییەوە سەقامگیرن، پێویستە لەگەڵ پسپۆڕێکی دەروونی دابنیشن، تا لە گرفتەکەی بکۆڵدرێتەوەو هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت و دواتریش چارەسەری پێویستی بۆ بکرێت.

www.netewe.com





ئامادەکردنی:
ریستۆرانتی سوڵتان
وەستا مەحەمەد ئەحمەد

# قەلی سیلك

## قەلی سیلك
## خواردنێکی تورکییە

## پێداویستییەکان

٢٥٠ گرام گۆشتا بەرخ
بیبەری تیژ
دوو تەماتە
یەک پیاز

# ئامادەکردن

سەرەتا گۆشتەکە دەخرێتە ناو بیبەری تیژ و خوێ و ئاو، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەمەبەستی خۆشبوونی تام و بۆنەکەی. دوای ئەوە لە ناو رۆنی بەرخدا، سوور دەکرێتەوە و بیبەری تیژی دەکرێت بەسەر تا ماوەی دە خوولەک لەسەر ئاگر دەبێت. ئینجا دەخرێتە سەر قاپێکی گـەورە و چواردەورەکەی بە بیبەر و پیاز و تەماتە دەرازرێنرێتەوە، بەم شێوەیە خواردنی یەک کەس ئامادە دەبێت.



www.netowe.com

# ناساندنی ١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود




بەرێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەر جۆرێک بێت، گران نییە گەر هەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. رەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (CAN FOOD) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (ADVOCATE MATTERS)ی ناو قوتووەکان، ئاوێتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (VARIOUS CANCERS). ئێمە هەمیشە وا راهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پڕیش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە. (مە بەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئامۆژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەرێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەو خواردنانەیە کەوا ئێمە رۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایەو بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیواین لەگەڵ هەر ژمارەیەکی وارڤیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

| ناو: | گرنگترین ماددە: | گرنگترین سوود: |
| --- | --- | --- |
| ٢٤ - زەنجەبیل  | کالسیۆم ++CA، مەگنیسیۆم MG، فسفۆر S، پۆتاسیۆم +K. | خواردنێکی نموونەییە بۆ کەشەنگ بوون و رشانەوە لەکۆئەندامی هەرس GIT SYSTEM دا. بۆ چارەسەری گیران CRAMP ی سووڕی مانگانەی ئافرەت بەسوودە. |
| ٢٥ – مۆز  | ڤیتامین: B٦، K، C ، پۆتاسیۆم +K، بیتاکارۆتین و ماددەی تریپتۆفان (TRYPTOPHAN). | ئاسانکەری کرداری خەوە، یارمەتیدەرێکی کارای چاکبوونەوەی برین و دابەزێنەری چەوری خوێن (CHOLESTEROLS) و لابەری توخمە ژەهرەکانە ئەمەش لەبەر بوونی ماددەی BECTIN تێیدا. |
| ٢٦ - پاقلەی سۆیا  | ڤیتامین : B٣، C، کالیسیۆم ++CA، فسفۆر S، ئاسن FE، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، بیتاکارۆتین، ترشە چەورییە بنەرەتییەکانی وەک ( ئۆمیگا سێ ) پرۆتین. | هەموو ترشە ئەمینییە بنەرەتییەکانی تێدایە کە بۆ پارێزگاری لە شێرپەنجەی مەمک و هێلکەدانی ئافرەتان وەک خۆراکێکی نموونەیی بەکاردێت. سەرچاوەی یەکەمی بۆیسیتینە کە چەوری خوێن کۆنترۆڵ دەکات. |
| ٢٧ - کاکلی گوێز  | ڤیتامین: E،C، کالیسیۆم ++CA، فسفۆر S، مەگنیسیۆم MG، ئاسن FE، پۆتاسیۆم +K، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، زنک. | کرداری دەماری گەیاندن لە مێشکدا چالاک دەکات. کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە بەهێزکردنی فرمانی گورچیلەو سییەکان و رێڕەوی هەرس بەگشتی. |

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com



سیراجەددین مەحمود

# جیهانی کاری هەڵکەوت زاهیر و هونەرمەندێکی نوێ



www.newewe.com

## کریستاڵ بۆ وارڤین:

# لە پیری دەترسم و بەراستگۆیی کوڕان سەرسامم



هەولێر

هونەرمەند کریستاڵ، لەهەڤپەیڤینێک لەگەڵ گۆڤاری وارڤیندا ئاشکرای کرد کە ناوی راستەقینەی (کانی)یە، بەڵام هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ناوی (کریستاڵ)ی لێ ناوە. کریستاڵ، هەروەها لەم هەڤپەیڤینەدا یەکەم کاری خۆی بۆ خوێنەرانی وارڤین ئاشکرا دەکات.

کریستاڵ، یەکێک لەو هونەرمەندانەیە کە تازە کاری هونەری لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، بۆ کراوەو سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی یەکەم کلیپی گۆرانییە. کریستاڵ، دەڵێ، کە خەڵکی شاری سلێمانییەو ناوی راستەقینەی کانییە ((مامۆستا هەڵکەوت زاهیر، ناوی کریستاڵی لێ ناوم)). کریستاڵ، هەروەها دەڵێ کە چەند ئەزموونێکی جیاوازی لەبواری هونەریدا هەیە. وەک گوتی ئەو پێشتر کاری نواندنی کردووە، بەڵام ئێستا لە رێگەی هەڵکەوت زاهیرەوە رووی لەکاری گۆرانیگوتن کردووە: ((گۆرانیگوتن زیاتر لەئەدای من نزیکە، ئەگەر کاری باشیش لەبواری نواندن هەبێت، پەسەندی دەکەم)). لەبارەی هەڵکەوت زاهیرەوە گوتی: ((هەڵکەوت زاهیر، گەورەترین رۆڵی لەدروستکردنی هونەرمەندی ئافرەتدا بینیووە. هەڵکەوت، ئەستێرەی هونەری کوردییەو ئەو خاڵی سەرکەوتنی کارە هونەرییەکانی منە)). کریستاڵ، یەکێکە لەو کچانەیە کە زۆر لەکارەکانی هەڵکەوت زاهیر، رازییە، بۆیە داوای لێکردووە کە کاری بۆ بکات. لەدرێژەی قسەکانی لەبارەی هەڵکەوت زاهیرەوە گوتی: ((ئەمڕۆ کارە هونەرییەکانی هەڵکەوت زاهیر، لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دیارەو ئەگەر کەسێکی بەتوانا نەبووایە ئەو هەموو هونەرمەندە، کاری هونەرییان لەلا ئەنجامنەدەدا. کریستاڵ، لەو بڕوایەدایە کە لەگۆرانیگوتندا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە ((بەهرەی هونەری تێدایە)). ستایلی کریستاڵ، زۆرترینیان سلۆیەو ئەمەش هەڵکەوت، بۆی دیاریکردووەو دەڵێت: ((ئەو ستایلە لەخۆم نزیکەو دڵم پێیخۆشە)). هەڵکەوت زاهیر، کاتێ کاری هونەری بۆ هونەرمەندێکی کچ دەکات، کۆمەڵێک مەرجی وەک جوانکاری و نواندنی هونەری هەیە. لەبارەی مەرجەکانی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرەوە بۆ کریستاڵ، ئەو هونەرمەندە گوتی: ((هەڵکەوت، مەرجی زۆری هەیەو یەکەم شت دەبێت کێش کەم بکەمەوەو وەرزش بکەم و پرۆڤەی زۆر بکەم. لەگەڵ گرنگیدان بەگوێگرتنی بەرهەمی هونەری هەموو میللەتان و هونەرمەندانی کوردستان و رێزگرتن لەکاری هەموو هونەمەرندان)) . لەبارەی ناوی کریستاڵیشەوە ئەو هونەرمەندە باس لەوەدەکات کە هەڵکەوت زاهیر، ئەو ناوەی بۆ داناوە ((ئەمەش فۆرمێکە لەهەموو میللەتان هەبووەو لێرەش ئەم هەنگاوە لەلایەن مامۆستا هەڵکەوت زاهیرەوە دەستی پێکرد)).

کریستاڵ، ئاشکرای کرد کە کۆمپانیای شانێل موزیک و چەند کۆمپانیایەکی تر دەبنە سپۆنسەری ئەلبوومەکەی. لەبارەی نووسینی تێکستیشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی یەکەمین ئەلبوومەو سەرجەم میلۆدییەکانی لەلایەن مامۆستا هەڵکەوت زاهیرەوە، دانراون و تێکستەکانی لەلایەن تێکستنووس حەمەسەعید ئیبراهیم، حەمەسەعید حەسەن، ئەدیب چەلکی، ڕەنج سەنگاوی و هەڵکەوت زاهیر و زەیتو کانەبییەوە نووسراون. هەروەها دابەشکردنی مۆسیقاش لەلایەن هێمن حوسێن و کاری دەنگیش مامۆستا کاوە شێخ، کردوویەتی ((لەنزیکترین کاتدا کلیپێک بۆ گۆرانییەکم لەلایەن مامۆستا محەمەد جمیل، حەسەن ئەمیر و بۆتان، ئەنجامدەدەم)). کریستاڵ، ئەوەدەخاتەڕوو کە گوێ لەهەموو گۆرانیبێژێک دەگرێت، بەتایبەت ئەو هونەرمەندانەی کە هەڵکەوت زاهیر، کاری هونەری بۆ کردوون. لەبارەی کاری نەشتەرگەری جوانکاری، کریستاڵ، دەڵێت تائێستا جوانکاری دەموچاوم نەکردووە. ئەو خەون بەوەوە دەبینێت کە لەداهاتوودا لەکارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و هەروەها ئەوەی کە هەرگیز لەیادی دەمێنێتەوە دایکی و هونەرەکەیەتی. لەبارەی خۆشەویستییەوە کریستاڵ، باس لەوە دەکات کە تائێستا خۆشەویستی نەکردووە: ((هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ژیانی هاوسەری پێکبهێنم، تەنیا بەراستگۆیی کوڕ سەرسامم)). لەم چاوپێکەوتنە کریستاڵ، روونیکردەووە کە ژیان فێری هەموو شتێکی کردووە، بەڵام زۆر لەپیری دەترسێت.

**ڕۆشنە عومەر**

www.netewe.com



# ٣ زامبیا: حەزم لە ژمارەیە

ناو: زامبیا حەمە عەزیز
شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی و سوید، ماوەیەک لە کوردستان و ماوەیەک لەسویدم
شوێنی کارکردن: فەرمانبەر لە نەورۆزتیڤی
باری خێزانی: خێزاندار

**پرۆفایل**

وارڤین: حەزت دەکرد بەکام گۆرانیبێژ بچیت؟
زامبیا: هونەرمەند فەیروز، چونکە زۆر کاریگەری بەسەرمەوە هەیە.
وارڤین: چ شتێک زیاتر تووڕەت دەکات؟
زامبیا: درۆ و پابەندنەبوون بەکات.
وارڤین: خەونی زامبیا، بۆ داهاتوو چییە؟
زامبیا: هەموو کەسێک رێز لەهونەر بگرێت.
وارڤین: بەکام یاریزانی تۆپی پێ سەرسامی؟
زامبیا: هیچ یاریزانێک ناناسم.
وارڤین: حەزت لەچ خواردنێکە؟
زامبیا: برنج و شلە.
وارڤین: خۆشترین رۆژی تۆ کەی بوو؟
زامبیا: ئەو رۆژەی گەڕامەوە کوردستان.
وارڤین: حەزت لەکام مۆدێلی قژە؟
زامبیا: حەز لەهەموو ئەم ستایلە تازانە دەکەم.
وارڤین : بەجلووبەرگی کام وڵات سەرسامی؟
زامبیا: بەگشتی سەرسامی هەموو جۆرە جلووبەرگێکم.
وارڤین: لەچ ئامێرێکی میوزیکدا شارەزاییت هەیە؟
زامبیا: کەمێک لەئامێری سەنتراڵ و کەمێکیش گیتار.
وارڤین: حەز لەچ رەنگێک دەکەیت؟
زامبیا: پەمەیی.
وارڤین: حەز بەچی سروشت دەکەیت؟
زامبیا : سەوزایی و ئاو، زۆر سەرنجمڕادەکێشن.
وارڤین: حەز لەچ ژمارەیەک دەکەیت؟
زامبیا:٣
وارڤین: تاچەند حەز لەناوبانگی دەکەیت؟
زامبیا: زۆر بەدوای ناوبانگ نەرۆیشتووم، هەوڵیشم بۆ نەداوە. لەبەر ئەوەی پێموایە، هەندێکجار ناوبانگی زۆر کێشەت بۆ دروست دەکات.
وارڤین : حەز بەدەنگی کام هونەرمەند دەکەیت؟
زامبیا: زەکەریا، عەدنان کەریم، گۆران ساڵح، چۆپی فەتاح، لەیلا فەریقی
وارڤین : چ پێناسەیەکت بۆ خۆشەویستی هەیە؟
زامبیا: ئەگەر خۆشەویستی نەبێ ژیان نابێت.
وارڤین: ژیانی هاوسەریت بەخۆشەویستی پێکهێنا؟
زامبیا: من و هاوسەرەکەم سەرەتا هاورێ بووین. دواتر بووینە خۆشەویست و دواتریش ژیانی هاوسەریمان پێکهێنا.
وارڤین: حەز بەجلی کوردی دەکەیت؟
زامبیا: زۆر کەم حەز بەجلووبەرگی کوردی دەکەم. تەنیا لەبۆنەکاندا دەیپۆشم.



www.netewe.com

# کێتە کۆلڤیتز:

# ئەو هونەرمەندەی حەسرەتی ئاشتی بە گڵ سپارد

سیروان ڕەحیم

KÄTHE KOLLWITZ کێتە کۆلڤیتز، (١٨٦٧-١٩٤٥) ژنە هونەرمەندی شێوەکاری بەنێوبانگی ئەڵمانیایە. لە ئەڵمانیا بەیەکێک لەهونەرمەندە بەنێوبانگەکانی سەدەی بیستەم لەبواری هونەری شێوەکاریدا دەداندرێت. سەرباری ژیانی سەخت و ئاڵۆزی ئەو پشکی داهێنان و نوێکاری لەچەند شێوازێکی هونەری هێڵکاری، هەڵکۆڵین لەسەر تەختەو نیگارکێشی دا هەیە. ژیانی کێتە کۆلڤیتز، نموونەی ژیانی پڕ حەسرەت و لێوانلێو بووە لە کۆژان. بەپشتگیری یەکێک لەبانکە گەورەکانی ئەڵمانیا (KREISSPARKASSE) لەشاری کوێلن مۆزەخانەی تایبەت بۆ کارەکانی ئەم خانمە هونەرمەندە کراوەتەوە. لەسۆنگەی ئەوەدا ئەو ژنە هونەرمەندە هەردوو شەڕی گەورەی جیهانگری بینیووەو لەهەلومەرجی شەڕدا ژیاوە، بەشێوەیەکی کەمهاوتا تارمایی شەڕی لەبەرهەمەکانیدا بەرجەستەکردووە. کێتە کۆلڤیتز، بۆ خۆی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا (پێتەر)ی کوڕی لەدەست دەدات، کوژرانی پێتەر بۆ کێتەی دایک و هونەرمەند دەبێت بەیەکێک لەکارەساتەکانی ژیان، پاشتر سێبەری ئەو کارەساتە بەرووبەری زۆربەی بەرهەمەکانیەوە دەبیندرێت. ڕەنگبێ ئەوە وایکردبێ ئەو توانیبییەتی بەو شێوازە کەمهاوتایە تارمایی شەڕ لە هێڵکاریی و تابلۆکانیدا بەرجەستە بکات. چونکە شەڕ جەرگی سوتاندووەو یەکێک لە هەرە ئازیزەکانی لە دەستداوە.

لەدەستدانی کوڕ لەشەڕدا. هەروەها ماوەی نێوان هەردوو شەڕ و بەتایبەتیش باری داتەپینی ئابووری ئەڵمان بەر لە شەڕ و لە ژێر دەسەڵات و جێگیربوونی هەژموونی نازییەکاندا، ئەو ڕۆژانەی کرێکارێک دەبوو دەموودەست کرێی ئەو ڕۆژەی بدات بەخۆراک بۆ خۆی و خێزانی، دەنا ڕۆژی ئایندە هیچ بەهایەکی ئەو پارەیە نەدەما، کێتە کۆڵڤیتز، هونەرمەندی ئەو ڕۆژە ڕەش و نەهاتانەی وەڵاتەکەیەتی، بۆیە کارەکانی پڕن لە حەسرەت و هەر تابلۆیەکی کارەساتێکی لە هەناودا هەڵگرتووە.

زنجیرە تابلۆی شەڕ، لە کن خانمی هونەرمەندی ئەوناوانەیان هەڵگرتووە: ((تابلۆکانی پشتگیری. ژنگەلی چاوەڕوان کە مێردەکانیان سەربازن. بێوەژنان. نان، بێکاری))کە تەماشای قووڵی ئەم تابلۆیانە بکەیت دەزانی پەرەموچ بەشێوەیەکی چەند سەرسامکەر سیماگەلی ترساو و نیگاگەلی حەپەساوی گواستۆتەوە بۆ ناو چوارچێوەی تابلۆ. بێئەوەی زۆر لە خۆی بکات، بێ ئەوەی زێدەڕۆیی بکات لە بەکارهێنانی پەرەموچەکەیدا توانیویەتی ئەوەی دەیەوێ بیکێشێت.

نەخشاندنی دەست لە لای کێتە کۆلڤیتز، تا بڵێی جێگای تێڕامانە. نیگاری دەست لە لای ئەم هونەرمەندە مانای تایبەتی و پڕواتای هەس. لە کەم تابلۆیدا دەست بەدی ناکرێت، دەنا لە زۆرینەی کارەکانیدا دەست پانتاییەکی پڕ ڕەنگی داگیرکردووە. دەست لەکن ئەم بەشێکی زۆری قورسایی خەم و کەسەر هەڵدەگرێت. دەستی ژنە لێوبەبارەکان، دەستی کرێکارە بێکارەکان و دەستی هەموو ئەوانەی کە چەمۆڵە لە شەڕ دەنێن. هەر دەڵێی کێتە کۆڵڤیتز، لە زۆربەی ڕەوشەکان و لە گەلێ جاراندا پەیامی خۆی خستۆتە ناو لەپ و نێو دەستی ئەو بوونەوەرانە، ئەو بوونەوەرانەی بوون بە هەوێنی حەسرەت و خۆزگەی هەمیشەیی، خۆزگەیەک بێئەوەی بەر بگرێت. ئەم هونەرمەندە خوازیارە ئەفسوونی هێڵکاری خۆی ئاوێتەی ئەو دەستانە بکات، ئاوێتەیان بکات و لەسەردەستی ئەوان پەیام و بۆچوونەکانی خۆیمان پێڕابگەیەنێت.

کارکردن بە قەڵەم، هەڵکەنین لەسەر تەختەو بەکارهێنانی برۆنز لەو بەرهەمانەن ئەم هونەرمەندە بەجۆرێکی تا بڵێی شیاو و شایستە بەکاری هێناون. دوای وردبوونەوەو ڕامانی درێژ لە تابلۆکانی ئەم ژنە، بیرۆکەیەکی وەها لە کن مرۆڤ دەخەملێ کە ئەم مرۆڤە هەر لەسەرتاوە بۆ نەخش و نیگارکردن خولقاوە. ئەو کەسێک بووە زۆر لێزانانە لەسەر کاغەز و کارتۆنەکان سەمای بە قەڵەم و بە پەرەموچ کردووە. تابلۆکانی ئەو زۆربەیان ڕەش و سپین، بەڵام پڕن لە ڕەنگی حەسرەت و ڕەنجبێوەری.

کاتێک سەردانی گەلەری تایبەت بەکارەکانی کێتە کۆلڤیتزم کرد، لە دەفتەری سەرداندا، نووسیم (نزیکەی دوو سەعاتە لەم گەلەرییەدام، ڕاستییەکەی ئەم هونەرمەندە بەکارەکانی لە کن خۆی ڕامدەگرێ و گلمدەداتەوە. ئەم هونەرمەندە بەکارەکانی پێیشانمان دەدات دەسەڵاتێکی چەند بەتوانای هونەری بەدەستەوەبووە. کارەکانی ئەم هونەرمەندە نەمری بەهەبوون و ژیانی خاوەنەکەی بەخشیووە یان بەپێچەوانەوە، ئەو گیانی وەبەر ئەم کەرەستە بێ گیانانەدا کردووەو نەمری پێ بەخشیوون. من کە هاتمە

www.netewe.com



## ساڵی ١٩٥٤ وێنەی هونەرمەند بەسەر پولی پۆستەوە لە ئەڵمانیا











ئەم گەلەرییە پێشتر ناوی ئەم هونەرمەندەم نەبیستبوو، بەڵام کاتێک دەردەچم ئیتر هەرگیز ناوی ئەوم لەبیر ناچێ).

کێتە کۆلڤیتز، لە ٢٢, ٠٤, ١٩٤٥ دا دەمرێ، بەر لەتەواوبوونی شەڕی جیهانی بەمانگێک، بەداخەوە ژیانی ئارامی دوای شەڕ و سەردەمی بووژاندنەوەو گەشەکردنی وەڵاتەکەی نەبینی، نەیبینی ئەڵمانیاو ئەورووپای دوای نازییەکان و فاشییەکان بەرەو سەردەمێکی چەند رەنگین هەنگاویان نا. سەردەمی گەشانەوە، دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ. سەردەمی لێبوردەیی و لێکحاڵیبوون و رۆژگاری پێکەوە ژیانی رەنگگەلی جیاواز لەژێر ئاسمانی روونی ئەورووپادا.

کێتە کۆڵڤیتز، بەر لەکۆتاییهاتنی شەڕ کۆچی دوایی کرد، شەڕێک کە ئەم خاتوونە یەکێک بوو لە نەیارە سەرسەختەکانی. خانمی کۆلڤیتز، کەسێک بوو کاری بۆ جوانی و ئاشتی دەکرد. ئەو نەیبینی و ئەو رۆژگارە نەژیا کە ئەڵمانیا سەردەمی شەڕ و نەهاتی تێپەڕ دەکات و بەرەو داهاتوویەکی چەند جوان هەنگاو دەنێ، بەداخەوە ئەو نەیبینی، بەڵام کارە هونەرییەکانی ئەو، تابلۆ نایابەکانی ئەو و هەڵوێستە جوانەکانی ئەو مانەوەو ئارشیڤ، دیرۆک و رووبەری هونەری ئەو وەڵاتەیان جوانتر کرد.

کێتە کۆڵڤیتز، وەڵاتەکەی لەئاشتی و ئارامیدا نەبینی، بەڵام لە ئیمرۆدا تابلۆکانی ئەوهونەرمەندە لەسایەی ئاشتی، ئازادی و پێشکەوتندا لەئامێزی گەلەری و مۆزەخانەی شایستەدا خراونەتە بەر دیدەی ئەو کەسانەی شەیدای بینینی هونەری جوان تابلۆی دڵکێشن.

# ٤٠ کچە هونەرمەندی گەنج لەگەڵی کار دەکەن
# هەڵکەوت زاهیر بۆ وارڤین:
# ئیلینا و

هەولێر





هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا ئەو مەرجانەی ئاشکرا کرد کە بۆ وەرگرتنی کچان هەیەتی و دووپاتی کردەوە کە خوازبێنی کەسی نەکردووە ناشیکات.

وارڤین: چۆن بیرت لەوەکردەوە کاری هونەری بۆ کۆمەڵێک هونەرمەندی گەنج وەک (لۆکەو دەشنێ، بکەیت؟

هەڵکەوت: کاتێ بینیم گۆڕەپانی کوردی لەبواری هونەریدا پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، بەتایبەت لەزەمینە خۆشکردن بۆ پێگەیاندنی چەندین روخسارو دەنگی تازەی ژن، ئەو هەنگاوەم ناو سەرەتا لەدڵنیا رەزازی و باخانەوە دەستم پێکرد، دواتر دەشنێ، تاهەموو ئەو هونەرمەندانەی ئێستا کە کاری هونەری لەلای من ئەنجام دەدەن.

لەداهاتوودا هەڵکەوت کێیتر دەکات بە گۆرانیبێژ؟

هەڵکەوت: چەند رووخسارێکی تازەی ژن هاتوون کە کاریان بۆدەکەم، لەوانە نلیسا، ناسلی و کریستاڵ. هەروەها ژمارەیان ٤٠ کچە هونەرمەندەو لەداهاتوویەکی نزیکدا دەبن بەگۆرانیبێژ، جگە لەوەی کە ئیلینا و لینا، بەرێوەن.

وارڤین: ئەمانە چۆن پەیوەندیت پێوەدەکەن؟

هەڵکەوت: لەرێگای ئیمێڵ و خەڵکەوە پەیوەندی دەکەن، منیش دوای ئەوەی رازی دەبم پرۆگرامی کارکردنیان بۆ دادەنێم.

وارڤین: مەرجەکانی تۆ بۆ ئەو هونەرمەندانە چین؟

هەڵکەوت: دەبێت ئازادی تەواویان هەبێت و بتوانن وەک ئافرەتێک بەزمانێکی ئازاد، ئەو تێکستانەی کە ئێمە لەگەڵ حەمەسەعید ئیبراهیم بۆیان دادەنێن، بیکەن بەگۆرانی. لەکلیپدا بتوانن ئازادانە کاربکەن و لەرووی روخسارەوە گونجاو بن، تا ببن بە ئەستێرەی گۆرانیبێژەکان. هەروەها توانای دەنگیان وەک ستاندار، هەبێت.

وارڤین: بۆچی نازناویان بۆدادەنێیت؟

هەڵکەوت: هەندێک ناو هەن دووبارەن، چونکە هەندێکجار واباشە ناوی گۆرانیبێژ جیاواز بێت، من و مامۆستا حەمەسەعید ئیبراهیم، ناویان بۆ دادەنێین.

وارڤین: ئەگەرهاتوو کەسێک یەکێک لەمەرجەکانی تێدا نەبێت، بەڵام بەس دەنگی خۆش بێت، کاری بۆدەکەیت؟

هەڵکەوت: بەدڵنیاییەوە کاری بۆ دەکەین، چونکە دەنگ بەلای منەوە یەکەم شتە.

وارڤین: هەندێک لە رەخنەگران دەڵێن بەشێک لەو گۆرانیبێژانەی هەڵکەوت زاهیر هێناویەتی زیاتر سەماکارن؟

هەڵکەوت: ئەمەش هونەرێکە دەبێ هەبێت. هەموو دەنگخۆشێک ناتوانێت کارێکی شادی و نمایشکار بکات، بۆ نموونە ستایلی دەشنێ ستایلی پۆپەو سەمای لەگەڵ دەکات، ئەو شێوازەش دەبێ هەبێت. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کە دەنگی دەشنێ، خۆش نییە، بەپێچەوانە دەنگی خۆشە، هەروەها ئەوەی کە دەشنێ دەیکات، کارێکی ئاسان نییە.

وارڤین: تۆ تێکستێک قبووڵ دەکەیت کە کچێک بەسەر شان و باڵی ئافرەتدا هەڵبڵێت؟

هەڵکەوت: نا. ئەمە قبووڵ ناکەم، چونکە ئەمە لەبەرهەمی هەڵکەوتدا نییە.

وارڤین: هەست ناکەی شەڕی هونەرمەندەکان

www.netewe.com

# لینا بەرێوەن







لەگەڵ تۆ هۆکارەکەی ئەوەیە کەسەردەمی ئەوان تێپەڕیووە؟

هەڵکەوت: بەدڵنیاییەوە شەڕی مانەوەیە، بەڵام دەبێ من قبووڵم بێت. دواتر ئەگەر کەسێک هات کاری لەمن باشتر بێت ئەوکات من ئامادەم کە دان بەوەدابنێم و شوێنی خۆمی بۆ چۆڵ بکەم، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە کوژانەوەی من بێت.

وارڤین: تا چەند لەکابینەی پێنجەمدا پاڵپشتی تۆ کراوە؟

هەڵکەوت: نێچیرڤان بارزانی، بەگشتی زەمینەی بۆ هونەرمەندان لە کوردستاندا خۆشکرد. من زۆر لەکارەکانم، سپۆنسەری کۆمپانیا جیهانییەکانە، بەڵام لەڕووی مەعنەوییەوە نێچیرڤان بارزانی، پشتگیری منی کردووە.

وارڤین: دەگوترێت هەندێ لەو هونەرمەندانەی وەک هانی، باخان و ئەیوب کە پێشتر کارت لەگەڵ کردوون پەشیمانن؟

هەڵکەوت: وانییە. هانی، ئێستا پرۆژەی نوێی لەگەڵ من هەیە، چونکە تازە گرێبەستێکمان بۆ کارێکی نوێ واژوو کردووە، ئەم کارەی ئێستاشی کە بڵاوکراوەتەوە، هی پێش کارکردنی بووە لەگەڵ من، واتە پێش ئەلبوومی سەندرێلا، کارەکەی ئەنجامداوە. بەڵام پێشتر دەیزانی ئەگەر ئەم ئەلبوومە بڵاو بکاتەوە ئەو ناوبانگەی ئێستای نابێت کە بەدەستی هێناوە. هەروەها هەرکەسێکیش پەشیمان بێت بەلای منەوە ئاساییە، بابەتی ئەیوب عەلی، بەم شێوەیە نەبوو رۆژنامەنوسەکان وایان لێکرد، ئەیوب عەلی، تائێستاش پەیوەندی لەگەڵم هەیە.

وارڤین: راستە کە تۆ داوای باخانت کردووە؟

هەڵکەوت: نە. من ئەم شتەم نەکردووە. رێزم هەیە بۆ باخان، من خوازبێنی کەسم نەکردووەو ناشیکەم. بۆنموونە ئەگەر کێشەی من و باخان، کێشەیەکی شەخسی بێت و نەگونجان بێت لەنێوان من و ئەودا، ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە کە دوژمنایەتی لەنێوانماندا هەبێت. باخان، لای من مرۆڤێکی بەڕێزە.

وارڤین: هەست ناکەیت بەدەرکەوتنی دەشنێ لەمیدیاکانی دەرەوە تۆ زیاتر ناوبانگت دەرکرد؟

هەڵکەوت: بێگومان من دەشنێم دروست کرد. یەکەمین کەسە کە بتوانێت سنووری کوردستان بەرەو جیهانی دەرەوە بشکێنێت و ببێتە ئەوەی کە لەسەرجەم رۆژنامەکانی جیهان لەسەری بنووسرێت و لەماڵپەری یاهوو دەشنی وێنەی هەبێت. نکۆڵی لەوەش ناکەم کە کاریگەری لەسەر ناوبانگی منیش هەبووە. لەو وتارانەی کە لەسەر دەشنێ نووسراوە، ناوی منی لەگەڵدا هاتووە ئەوەش دوو قاتی جاران منی بە دەرەوە ناساند.

وارڤین: باس لەوە دەکرێت کە بەنیازیت کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دامەزرێنیت؟

هەڵکەوت: چەند پێشنیارێکم لەبارەی دامەزراندنی تەلەڤزیۆنێکی ناوەندی لە هەولێر بۆکراوەو زیاتر گرنگی بەبواری هونەری بدات. هەروەها چەند بەرنامەیەکی هەبێت کە دەشنێ و چەند هونەرمەندێکیتر پێشکەشی بکەن، بەڵام تائێستا بڕیاری تەواوم لەوبارەیە نەداوە.

وارڤین: لەڕووی ماددییەوە کێ هاوکاری ئەو کچە گۆرانیبێژانە دەکات کە لەگەڵ تۆ کار دەکەن؟

هەڵکەوت: زۆر لەسپۆنسەری کۆمپانیا هەن هاوکاریمان دەکەن و کارمان لەگەڵ دەکەن. زۆرجار داهاتم لەهەندێ وڵاتانی دەرەوە بەهۆی کاری میوزیکە، ئەمەشیان بەشایەتی خۆیان، یارمەتی هونەرمەندانم پێداوە.

www.netewe.com



# دەرهێنەری ژن لە هۆلیوود هێشتا کەمە

هەولێر

له مێژووی ئۆسکار دا کاترین بیگلو یەکەم ژنە کە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر وەردەگرێت.

جگە لەو تائێستا ٣ ژن پاڵێوراوی ئەم خەڵاتە بوون: سوفیا کاپولا بۆ فیلمی ((بزر بوو لە وەرگێران)) (٢٠٠٢)، جین کەمپین بۆ فیلمی ((پیانۆ)) (١٩٩٤)، و لینا ورتمولێر دەرهێنەری ئیتاڵی بۆ فیلمی ((حەوت جوانی)) (١٩٧٧).

هەڵبەت مارلین گوریس دەرهێنەری هۆڵەندیش ساڵی ١٩٩٦ بە فیلمی ((هێڵی ئانتۆنیا)) توانی خەڵاتی باشترین فیلمی دەرەکی بەدەست بێنێت، بەڵام خەڵاتەکەی لەبواری باشترین دەرهێنەرەوە نەبوو.

سەرکەوتنی بیگلو جارێکیت ئەو پرسیارە گرنگە دەخاتەوە بەر باس ((بۆچی تائێستا دەرهێنەری ژن لە هۆلیوود کەمە؟))

لە راستیدا خودی بیگلوش زۆر حەز ناکات وەک ((دەرهێنەرێکی ژن)) بناسرێت و لە رێورەسمی وەرگرتنی خەڵاتەکەی (خەڵاتی باشترین دەرهێنەری ئۆسکار) ئاماژەی بە رەگەزەکەی واتە ژنبوونی نەکرد.

ئەو ماوەیەک بەر لەئێستا لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکانی یەکێتی دەرهێنەرانی ئەمریکا لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بۆ فیلمی (شوێنی مەرگ) رایگەیاندبوو ((حەز دەکەم وەک دەرهێنەرێک سەیری خۆم بکەم نەک وەک دەرهێنەرێکی ژن؟))

کاترین بیگلو لەرێورەسمی هشتاو دووهەمین ساڵەی ئۆسکار بە فیلمی ((شوێنی مەرگ)) توانی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر وەربگرێت.

بە پێی ئامارەکانی ((سلۆلۆئید سیلینگ)) لەراپۆرتی ساڵانەی زانکۆی ویلایەتی سان دیگۆ لەنێوان ٢٥٠ فیلمی گرنگی ساڵی ٢٠٩٩ لەئەمریکا ژنان تەنیا بەرێژەی ٧٪ ی کاری دەرهێنەری ئەم فیلمانەیان ئەنجام داوە، ئەم رێژەیەش ٢٪ کەمترە لەساڵی رابردوو و ٧٪ رێژەیەکە کە جێی نیگەرانییە، چونکە ئەم ژمارەیە لەگەڵ دەرهێنەرانی ژن لەساڵی ١٩٨٧ لە یەک ئاست دایە.

مارتا لازن نووسەری راپۆرتی ((سلۆلۆئید سیلینگ)) دەڵێت: هۆڵیوود نەبوونی ژنانی پشت کامیرا رەت دەکاتەوە.

ناوبراو بە ئاژانسی (AFP) راگەیاند: بیستوومە هەڵەچنەکانی بڵاوکراوە مەزنەکانیش وەک بەرێوەبەری ستۆدیۆکان زۆر بەئاسانی بوونی هەر جۆرە کێشەیەک رەتدەکەنەوە. ئەوان یان لە بنەرەتدا بوونی ئەم ئامارانە رەتدەکەنەوە یان ناوی سێ یان چوار دەرهێنەری ژن ناو دەبەن و شانیان هەڵدەتەکێنن و دەڵێن: ((کێشەیەک نییە))

مارتا لازن دەڵێت: ((ئەگەر وا بیر بکەنەوە کە کێشەیەک لەئارادا نییە، بە شوێن رێگە چارەکاندا ناچن و تا وایلیدێ کە رەوشەکە بەم شێوەی کە هەیە دەمێنێتەوە)).

www.netewe.com



ئیمی مۆل بەڕێوەبەری فستیڤاڵی فیلمی (بردز ئای ویو) کە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی ژنانەو بۆ یارمەتی ژنانی دەرهێنەر خولی ڕاهێنان و فێرکاری بەڕێوە دەبات لەگەڵ ئەم خاڵە هاوڕایە.

ئەو پێیوایە کە سەرکەوتنی بیگلو دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم پیشەیە خۆی لەگەڵ ڕەوشی نوێ بگونجێنێ.

نابراو دەڵیت: ((لە پیشەی بەرهەمهیانی فیلمدا چەند بۆچوونی هەڵە هەیە کە پەیوەندییان بەهۆکاری ڕاستەقینەی ئەم کێشەوە نییە. یەکێ لە بۆچوونە هەڵەکان ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوو لە سینەما دەکەن پیاوانی تەمەن ٢٠ تا ٣٠ساڵەن)).

لازن دەڵێت: لە وڵاتی بە ریتانیا ئەم بۆچوونە بۆ ژنانی ٣٠تا ٤٠ ساڵە بە کار دێنن.)) سەرکەوتنی بیگلو دەرفەتێکی لەبیرنەکراوەیە، ئۆسکار خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێدەبەخشێ و ئەو دەکاتە سیمبۆل. هیوادارم ژنان و کچان دەرهێنەری ئەم فیلمە بە چاوێکی تایبەتەوە ببینن.

خانمی مول دەڵێت: ڕێژەی دەرهێنەرانی ژن لە وڵاتی بەریتانیا لەئاستێکی نزم دایەو لە ١٢٪ بۆ ١٠٪ لە ساڵی ڕابردوودا دابەزیوە. ئاشکراشی کرد))زۆر سەخت و ناخۆشە، کاتێ من کارەکەم لە (بردز ئای ویو) دەست پێکرد، بیرم دەکردەوە کە ڕێژەی ٢٥٪ یش ڕێژەیەکی زۆر خراپە((.

کە واتە بۆچی ڕێژەی دەرهێنەرانی ژن کەمە؟

مول، لەسەر ئەم باوەڕەیە کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان ((سروشتی ئەم کارە)) یە.

ئەو دەڵێت: ئەمنیەتی کاری ئەم پیشەیە زۆر کەمەو جێگیر نییەو زۆرجار وا پیش دێت کە دەرهێنەر ناچار دەبێت، ماوەیەکی زۆر لە لۆکەیشێنی وێنەگرتنەکاندا بمێنێتەوە.

بۆیە، کاری دەرهێنەری بۆ وێنە لەگەڵ کاری منداڵداری یەک ناگرنەوەو پێکەوە ناگونجێن.

چین کەمپەین داوا لە ژنان دەکات جلی ئاسن بکەنە بەریان.

جمۆ گرین بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی ژنانی نیویورکە. ئەو کار بۆ ئەوە دەکات کە هانی ژنان بۆ بەشدارییان لە پیش و پشت کامێرا بدات.

ناوبراو لە وێبلۆگی ئەم ناوەندەدا دەنووسێت: هۆڵیوود بەشێوازی خۆی پتر لەیانەیەکی پیاوانە دەچێت و هەموو تەرکیزی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ئەوفیلمانەیە کە بەردەنگەکانیان پیاوانی تەمەن ١٤ بۆ ٢٥ ساڵە.

ژنان زیاتر لەنیوەی هێزی کاری ئەمریکا پێکدێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە نووسین و دەرهێنەری و بە رهەمهێنانی فیلمە بەرچاوەکان دوور کەوتوونەتەوە.

کیت کنینمونت، بەڕێوەبەری کارگێری ڕێکخراوی بەریتانی ((ژنان لە فیلم و تەلەفزیۆن)) (WFTV) ئاماژە بە جیاوازی ڕەگەزی لەم کارەدا دەکات.

ناوبراو بە بەشی هەواڵی (BBC) ڕاگەیاندووە: ((زۆربەی ژنان فیلمی کورت بە رهەم دێنن، بەڵام بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی دەبێ بڵێین ئەو گوایە توانای دابینکردنی بودجەی پێویستیان بۆ ئەم کارە نییە.

خانمی کنینمۆنت دەڵێت: ئاخۆ بەرهەمهێنەرەکان ئامادەن سەرمایەکانیان بۆ ژنان وەگەڕ بخەن؟ زۆر لەمێژە باس لەیەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکرێ، بەڵام کاتێ سەیری کابینەو پۆستە باڵاکانی یاسا دەکەین کەمتر ژنان لەم شوێنانەدا دەبینین. هۆکارەکەشی ڕەنگە ئەوە بێت کە ژنان خۆیان متمانەی تەواویان بە خۆیان نییەو هەوڵ نادەن خۆیان بە پلەی بەرز بگەیەنن.

بەڵام کیت کنینمۆنتیش هیوادرە سەرکەوتنی بیگلو دەسپێکێکی باش بێ لەم بوارەدا و ژنان زیاتر بێنە مەیدان.کیت کنینمۆنت دەڵێت: کاترین بیگلو فیلمێکی بەرهەمهێناوە کە زۆرینەی خەڵک وا بیر دەکەنەوە کە لەوانەیە ئەم کاری پیاوێک بێت و بەرهەمهێنەرەکان بۆ سەرمایەی خۆیان لە کاری کاترین تووشی مەترسی بووبێتن، بەڵام فیلمی))شوێنی مەرگ)) ئەوەی بە سەرمایەدارەکان نیشاندا کە ژنانیش دەتوانن فیلمی گەورە بەرهەم بێنن.

ئامادەکردنی: جەمال نەجاری

سەرچاوە: بی بی سی

www.netewe.com

# ئەتەكێتی تەوقەكردن



تەوقەكردن، یەكێكە لە ئەتەكێتەكانی ناسینی كەسێك و ڕێزلێنانە لەكاتی بینینی كەسەكاندا، بۆیە پێویستە بە ئەتەكێتێكی ڕێكوپێك و لەكات و شوێنی گونجاودا ڕەچاوی تەوقەكردن بكرێت. جیاوازی زۆر لەنێوان ئەتەكێتی تەوقەكردنی كار و تەوقەكردنی كاركردن و كۆمەڵایەتیدا هەیە. ئەو جیاوازییەش لەدوو وشەی جوامێری و میهرەبانیدا بەدەردەكەوێت، چونكە مامەڵەكردنی كاركردن تا ڕادەیەك هاوشێوەی دیسپلینە سەربازییەكانە.

### تەوقەكردن بەدەست

ئەو ڕێگەیەی لەكاردا پەسەندە بۆ سڵاو لەگەڵ كەسانی دیكەدا تەوقەكردنە بەدەست، دەشێت ماچكردنیشی تێبكەوێت.

لە كاتی تەوقەكردن لەگەڵ كەسەكاندا، هەوڵی ماچكردنی هەموو كەسەكان وەك یەك بدە، نەك هەندێكیان فەرامۆش بكەیت.

هەندێ ڕێسا هەن تایبەت بەرەفتاركردن لەپێناوی تەوقەكردندا ڕەچاو دەكرێت، دەشێ فێری ببیت، بۆ تەوقەكردنی ڕاست بەستوویەك لەنێوان گشت دوو پەنجەیەكدا بوونی هەیەو پێویست بەمانەوەی پەنجە گەورە دەكات بۆ سەرەوە لەگەڵ گرتنی ئەو بەستووەی لەنیوان هەردوو پەنجە گەورەو دۆشاومژەدا هەیە، پێش ئەوەی پەنجەكانی ترت بخەیتە دەستی بەرامبەرەكەوە بۆ تەوقەكردن.

ئەوەی لەئەتەكێتی كۆمەڵایەتیدا لەسەری ڕاهاتووین پێویستە سەرەتا ژن، دەستپێشخەر بێت لەتەوقەكردن، لەگەڵ كەسێكی بەرامبەردا. بەڵام لە ئەتەكێتی كاركردندا گرنگ نیە سەرەتا كێ بەتەوقەكردن دەست پێ دەكات و باشترە ئەو كەسە بێت كە كارەكانی بەدەستە.

بەڵام ئەگەر هاتوو ناوی بەسەر جلەكانەوە هەڵواسراو بوو و ویستت لەكاتی تەوقەكردندا بێشڵەژان و ڕاكێشانی سەرنج بیزانیت، ڕێسایەك هەیە سەبارەت هەڵواسینی ناو، پێش چۆنێتی سەیركردنی. باشترین شوێن بۆی بە بەرزی شانی ڕاستەوەیەو هۆكاری ئەو شوێنەش ئەوەیە لەكاتی تەوقەكردندا چاو بەرەو جووڵەی ئەو قۆڵە دەڕوات كە تەوقەی پێ دەكرێت و بەشی ڕاستی جەستەی كەسەكەی دیكەیە. جگە لەوەی چاو بەئاسانی ناوەكە دەخوێنێتەوە بەپێچەوانەی لای چەپ كە ناچار دەبێت بەگێڕانی چاو بەشێوەیەكی فراوان و ئاماژەی شتی ناپەسەند دەكات.. بۆیە ئەگەر هاتوو ناوەكە بە ڕێگەیەكی ڕاست هەڵنەواسرا بوو هەوڵی تەوقە كردن مەدە.

كنێر عەبدوڵڵا
Kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com

# شلێر باپیری: دایک و باوکم خۆشەویستترین کەسی منن



**کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟**

بێژەری هەواڵەکانی بەشی سۆرانی زاگرۆس تیڤی.

**چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟**

ئارەزووی خۆم بوو. هەروەها هاورێکانم بەگشتی هاندەرم بوون.

**نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست؟**

دایک و باوکم خۆشەویسترین کەسی منن

## پرۆفایل

ناو: شلێر باپیری

رەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: سەڵت

ئاستی خوێندەوای: خوێندکاری کۆلێژی ئاداب، بەشی راگەیاندن

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر



## خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

من تەنیا گوێ لەو پێنج هونەرمەندە دەگرم

١- میکایل: ست فاتیمە

٢- حەسەن زیرەک: ناڵەشکێنە

٣- عەلی مەردان: ست فاتیمە

٤- رۆژ کەریم: عاشقم من

٥- قادر دیلان: جادە چۆڵ و سێبەر بوو



www.netewe.com

# ئەستێرەکان



## کاوڕ

٣/٢١ - ٢٠-٤

ئهەندێک پارە بۆ کاتی پێویست پاشەکەوت بکە. هەندێک پلان دابنێ بتگەیەنێتە چەند شوێنێکی نوێ. ئاگاداربە هیچ زانیارییەکی خۆت و پیشەکەت مەدرکێنە. کەڵلەڕەقیت زۆر کارت لێ تێکدەدات. بیروڕاکانت لەگەڵ برادەرەکانتدا ئاڵوگۆڕ بکە.



## گا

٤/٢١ - ٢٠-٥

پەیوەندییەکانت زۆر باشن با خەمساردییەکانت نەبنە هۆی لەدەستدانیان. دەرفەتێکی باشت لەپێشە بۆ بەدەستهێنانی چەند هەواڵێکی خۆش. باشتروایە سەردانی دۆست و خزمانت بکەی لەجیاتی ئەوەی لە ماڵەوە بمێنیتەوە. سەرکێشی، هەمیشە کێشەی دارایی بەدواوەیە.



## دوانە

٥/٢١ - ٦/٢١

تواناکانت بەشێوەیەکی باش بەکار بێنە،ئەوکات دەتوانیت بگەیتە چەند خاڵێکی باش لەگەڵ بەرێوەبەکەت. خەیاڵڕۆیشتن کێشەت بۆ دەنێتەوە. سۆز و خۆشەویستی بەهاوبەشەکەت ببەخشە، چونکە ئەو زۆر خۆشەویستیت پێدەبەخشێ کە لە تۆ دا کەمە.



## قرژاڵ

٦/٢٢ - ٧/٢٢

هاوڕێکت یارمەتیت دەدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت، بەڵام پێویستە لەوە دڵنیابیت هەنگاوەکانت دووربن لەخۆ پەرستی. کاتێکی باشە بۆ ئەوەی چەند کەسانێک هەوڵی راکێشانی سەرنجیان بدەیت بۆ لای خۆت.



٧/٢٣-٨/٢٢

مامەڵە داراییەکانت سەرکەوتن بەدەست دێنن، رێگا بەگرفتە بچووکەکانی رۆژانە مەدە ژیانت بشێوێنێ، کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێویستە کراوەو راستگۆیانە بن. لەوانەیە گلەییت لە رەوشی ئێستای خۆت هەبێ، بەڵام زۆر نابات ئەو هیلاکییە دەرەوێتەوە.



## گوڵەگەنم

٨/٢٣-٩/٢٢

بەژێری هەڵسووکەوت بکەو خۆت لەهەڵچوون و تووڕەیی دوور خەرەوە. بایەخ بەکارەکەت بدەو خۆت لەکێشە سۆزدارییەکان بەدوور بگرە. لەکاتی چوونە بازاڕ دەست بڵاو مەبە. دەتوانی هەڵوێستی خۆت لەگەڵ هاوبەشەکەت چاک بکەیتەوە لەرێگای بەسەربردنی کاتێک لەو شوێنەی هەردوولاتان پێتانخۆشە.



## تەرازوو

٩/٢٣-١٠/٢٣

ئەوانەی بە تۆ سەرسامن چاوەڕێی دەرفەتێکی لەبار دەکەن، بۆ ئەوەی سەرسامی خۆیانت بۆ دەربڕن. رێکوپێکی و جوانییەکانت بپارێزە. مەچۆرە ناو هەر مامەڵەیەکی دارایی ئەگەر ئەنجامەکەیت بۆ روون نەبێت. خۆشەویستی بکە بەئامانجی خۆت لەبەر ئەوەی ئاسانکاریت بۆ دەکات بۆ هەبوونی هاوڕێیەتی تازە.



## دووپشک

١٠/٢٣-١١/٢١

مەشقی وەرزشییەکی بە بەرنامەت پێویستە، بڕ و بیانوو مەهێنەوە کە زۆر سەرقاڵیت یان هیلاک و ماندوویت لەبەر ئەوەی وەرزش سوودی دەروونیت پێ دەگەیەنێت. دوودڵ مەبە لەو پرۆژە بچووکەی تایبەت بەخۆت، بۆ ئەوەی لەئامادەکردندا یارمەتیت بدەن رای هاوڕێکانت وەربگرە.



## کەوان

١١/٢٢-١٢-٢١

بەهیچ شێوەیەک داوای قەرز لەکەسانی دەوروبەرت مەکە، ئێستا کاتی ئەوە رەخساوە داوای هاوکاری لەکەسانێکی نزیکت بکەی. پەیوەندییە رۆمانسیە نوێکانت لەخاڵی سفرەوە دەست پێ بکە. بەخت یاوەرتە کە لەلایەنی داراییەوە یارمەتی بدرێیت.



## گیسک

١٢/٢٢-١/١٩

هاوڕێیەکی کۆنت هاوکارییەکت پێشکەش دەکات رەتی مەکەرەوە. تۆ ڕاڕایت و بیر کردنەوە بەلاتەوە گرانە. بگەڕێوە سەر ئەو رێگایانەی خۆتی تیادا دەدۆزییەوە، بەدوای کار و مامەڵەدا بگەڕێ و لانیکەمی ئەو شتانە بکرە کە پێتوایە پێویستت پێیەتی.



## سەتڵ

١/٢٠-٢/١٨

خۆشەویستی ئێستاکەش لەگەڵتایەو لەشادییەکی تەواودا دەژیت، خۆت لە کێشە ناوخۆییەکان بەدوور بگرە، پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ هاوڕێیەکتدا دەبێت. ئاگادار بەو رێگا بەهیچ کەسێ مەدە دەستبەسەر ئەنجامی ئەو کارەدا بگرێت کە تۆ جێبەجێت کردووە.



## نەهەنگ

نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

ئاگاداری رەوشی دارایی خۆت بە، لەبەرئەوەی پێدەچێت شڵەژاو بێت و تۆش هەر وەک خۆت سەرگەردانی، بەڵام شتێکی وا نییە مایەی نیگەرانی بێت، زۆر بیر لە سەفەر دەکەیتەوە، بەڵام پێویستە لەوە دڵنیابیت کارەکەی خۆت بەبێ دواخستن ئەنجامدابێت.

www.netewe.com



# نووستنی ژن و مێرد لەسەریەک جێ

توێژەری بەریتانی نیل ستانلی لە زانکۆی Surrey لەمیانەی British Science Festivalدا دەڵێت: ئەو هاوسەرانەی لەسەر یەک جێگا دەنون، بەبەردەوام یەکتری بێزار دەکەن، ئەمەش دەرئەنجامی کێشەی ناهەمواری تەندروستی لێ دەکەوێتەوە.

ستانلی، پسپۆری بواری خەو، پێیوایە کە هاوسەران بۆ پاراستنی تەندروستی خۆیان، وا باشترە لەسەر جێگای جیاواز بخەون و هەریەک لە پێخەفێکدا رۆژ بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە یورگن زوولی، پسپۆڕی ئەڵمانی بۆ بواری خەو، کە بۆ ماوەی ٣٥ساڵە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر خەو، لەو باوەڕەدایە، کە بێزارکردنی یەکتر لەکاتی خەوتندا زیاتر پەیوەستە بەپەیوەندی نێوان ژن و مێردەوە. پسپۆڕی ئەڵمانی ناوبراو پێیوایە کە پرخە پرخی سەر جێگای نووستن بەیەکێک لە هەرە بڵاوترین و ناسراوترین بێزارکردنەکانی سەرجێگا دەدانرێت و بۆیە، پێویستە جێگا جیا بکرێتەوەو هەریەک لە شوێنێکدا بخەوێت.

نیل ستانلی، زانیارییەکەی لە لێکۆڵینەوە بەریتانییەکانەوە وەرگرتووە کە لە ٥٠٪ـی تێکچوونی خەو لەئاکامی پێکەوەخەوتن لەسەریەک جێگا بووە. ناوبراو دەڵێت:))ژووری نووستن بۆ هاوسەر و خەوتن لەسەریەک جێگا لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە هاتووەتە ئاراوە، پێشتر هاوسەرەکان لەژووری جیاوازدا دەخەوتن. ئەگەر ژن و مێردێک بەبێ کێشەو بێزارکردنی یەکتر لەسەریەک جێگا خەویان لێدەکەوێت، دەتوانن بەردەوام بن و جێگا جیا نەکەنەوە. بەڵام نابێ ژن و مێرد ترسی ئەوەیان هەبێت، کە جێگای خۆیان جیا بکەنەوە، ئەگەر نەتوانن پێکەوە لەسەریەک جێگا بخەون.))

کێشەی خەوتن بە یەکێک لە گرفتە گەشەسەندووەکان دادەنرێت کە دەرئەنجامی دەبێتە هۆی خەمۆکی، نەخۆشییەکانی دڵ، نۆبەی دڵ، نەخۆشییەکانی سی و بوورانەوە لەسەر شەقامەکان یان شوێنی کارکردن. پسپۆڕی ناوبراو سەرپشکی ئەوە دەکاتەوە کە ئێستاو لەسەردەمی پێشکەوتن و پیشەسازیدا، تێکچوونی خەوتن، گەنجانیشی گرتووەتەوە. هەروەها پێیوایە کە گەنجان پێش چوونەناو جێگاوە کەمتر دەتوانن بەئارامی سەر بخەنە سەر سەرینەکانیان و بەوجۆرەش تێکچوونێک لە خەوتنیاندا روودەدات.

سەرچاوەی هەواڵ:سایتی BBC

لە ئینگلیزییەوە: ئاشتی ئەحمەد



www.netewe.com



# گرنگی پەروەردەی دەنگ

دەنگ، بەشێوەیەکی دیارو بەرچاو، گوزارشت لەکەسایەتی، پێگە، ئامانج و هیواکانی مرۆڤ دەکات. یەکێکە لەپێکهاتەو لایەنەکانی گوزارشتی ماددی. باشترین هۆکارە بۆ تێگەیشتن لەوانەی کە لەدەوروبەرماندان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، هەروەها گەیاندنی شتەکانی دەورووبەریشە بەئەوانیتر. ئاماژەکانی دەنگ، زۆرینەی جار پەیوەستە بەروخسارێکی شێوەداری گونجاو و هەندێ جوڵەو ئاماژەی گوزارشتی لە لەشماندا. دەنگ، ئەو بابەتە خامانە دەخاتەبەر دەستمان کە نقومی رستە، وشەو پارچە رستەکانی پێدەکەین. کاتێ لانکەزاوە بووین گوێمان لێبووە، بۆیە هەر لەمنداڵییەوە راهێنان لەسەر دەربڕینی دەکەین. زمان یاخود زمانی نەتەوەیی دەکەوێتە قۆناغی چوارەمی پێشکەوتن و فکری مرۆیی، ئەمەش بەپێی دیاریکردنی لێکۆڵەری ئینگلیز (ماکسموللر) ـەوە بووە. ئەمەیان لەقۆناغی یەکەمیدا چەند دەنگێکی زانیاری دیاریکراو بووە کە مرۆڤ لەگیانلەبەرەکانی خوار خۆی جیا کردووەتەوە، چونکە توانیویەتی ئەو زمانە رێکبخات و بەرەو پێشەوەی ببات. هەروەها بەو هۆیەوە بۆ تێگەیشتن لەدونیا و سروشت و زەوی، توانیویەتی گوزارشت لەو ئەفسانانە بکات کە یارمەتیدەربووەو لەمڕوانگەیەوە توانیویەتی رێگا بۆ نووسینەوەو ئەزبەرکردنی بگرێتەبەر. لەسەرەتای دروستبوونی زمانە سەرەتاییە بنەرەتییەکان داهێنانی هەردوو نووسینەوەی مسماری و هیرۆگرۆفی، دەنگ، تایبەتمەندییەکی دیاری هەیە کە توانیویەتی شتە شارەوەکانی نێو هەناو و دڵ، بەهەندێ وشەی نەغمەدار والا بکات کە مرۆڤ دەیدرکێنێ، ئەو شتانەی کە لەدەروون، دڵ و مێشکەوە پەنگی خواردووەتەوە، هەموویان بەیەکجار لەسینەدا دەردەپەڕن و نهێنیەکانی نێو باخەڵی ئاشکرا دەکات. هەر لەکۆنەوە گوتوویانە، زمان وەرگێڕی مرۆڤە، واتە کە زمان دەگەڕێ و وشەکان دەدرکێنێت، ئەوا راستەوخۆ دەتوانێت هەست و سۆزو فیکری کەسی بەرامبەر بگوازێتەوە بۆ ئەوانیتر، لە»ریچارد ڤاگنز» (١٨١٣_١٨٨٣)ئەوەمان بۆ جێماوە کە (وشە تەنیا هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی ئایدیاو بەیکگەیشتنی خەڵک، بەڵام کاریگەری ئەو وشەیە تەنیا بەمیوزیکی دەنگی مرۆییەوە ئاشکرا و رەنگدانەوەی دەبێت. ڤاگنەر، هونەرمەندی رۆمانسی تیشک دەخاتەسەر میوزیکی وشە، یاخود ئەو رستە گوتراوەیە کە بەرجەستەکراوە، ئاوازێکی نەغمەدارە لەچینە دەنگێکی دیاریکراو و پلەیەکی بەهێزی درکاندنە. هەروەها شوێنەکانی گوشارو نەرمونیانی لەسەر وشەیان و رستەکەدا دیاریکراوەو لەرینەوەی بریسکایی و خێزانی ئەداکردنیشی، دەخاتەڕوو .دەتوانیت و کارێکی ئاسانە کە وەڵامی سەلامکردنی ئەو کەسە بدەیتەوە کە سەلامت لێدەکات، پێتدەڵێت (سەلامی خوات لێبێت). وەڵامدانەوەی تۆ وا لەبەرامبەرت دەکات کە هەست دەکات تاچ رادەیەک ئەو کەسە لای تۆ پەسەندە، ئایا لەگەڵیدا هەست بەخۆشی دەکەیت، یان لیێ بێزاریت. ئایا لێی تووڕەییت، یان بەگاڵتەجاڕییەوە سەیری دەکەیت. ئەمانە هەموو بەیەکەوە لەنێو دڵتدا شتی شاراوەن و هەست و نەستی تۆ دەردەخات، لەوکاتەی کە گۆڕانکاری لەموزیکی دەنگتەوە روودەدات و وەڵامی

www.netewe.com

دەدەیتەوە بە (سەلامی خوا لەتۆش بێت).

ئەو رستەیە بەمیوزیکی دیاریکراو هەموو ماناو هەست و نەستە شارەوەکان ئاشکرا دەکات، لەوەی ئەم کەسە تاچ رادەیەک لای تۆ بۆ گەیشتن بەگوزارشتکردنێکی دەنگی داواکراو لەکاتی دەربرینی دەستەواژەو رستەکانی قبووڵە. پێویستە بابەتی دەنگ و رێگای پەروەردەکردنی بەهەند وەربگیردرێت لەگشت میتودە زانستی و پەروەردەیی و هونەرییەکانمان، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە مامەڵە بەدەزگا دەنگییەکانەوە دەکەن، وەک هۆکارێکی بنەرەتی گەیاندنی ئەو ئایدیاو ئەو چەمکانەی کە رۆژانە لەکاتی کارکردنیاندا بەکاری دەهێنن. ئەو کەسانەش بەرای ئێمە گۆرانیبێژ، کۆرس، بێژەر، ئەکتەر، خەتیب، شاعیر و گوتەبێژەکانن کە لەرێگەی هۆیەکانی راگەیاندنی بیستراو بینراو و پەیامەکەیان، دەگەیێننە خەڵک.

(سامی عەبدو لحەمید) پرۆفیسۆر لەبوارە هونەرییەکانی دەمودوو،پێوایە کە دەنگ و وشە، لەبابەتە سەرەکییەکانی گەیاندنی پەیامەکانمان بۆ ئەوانیتر لەپاڵ دەنگ و وشەدا. دەموچاو بەتایبەت چاوەکان و ئەندامانی تری لەشیش رۆڵی سەرەکییان هەیە لەوبوارەدا، چونکە بەهۆی دەنگەوە دەتوانین ئاماژەکانی وشە دیاربکەین و گوزارشت لەهەست و نەستەکانمان بکەین. هەروەها هەردەنگیشە دەبێتە هۆکاری بەیانکردنی رووداو و راستییەکان و گۆڕینەوەی بیروراو پەسەندکردن و رەتکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە راستەڕێ نابن.

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە، دەبێت هەمیشە لەو بڕوایەدابین کە بۆ پێشخستنی توانستەکانی دەنگ و قسەکردن، وا لەدەنگ بکەین کەهێز و نەرمی هەمەرەنگ و سادەیی لەگوێچکەی ئەوانی تردا بنوێنێت.

پرۆسەی دەنگ و رەنگدانەوەی لەدەوروبەرمان، دەبێت بەشێوەی بیستراوێکی روونبێ و هەمیشە گوزارشتکاربێت، وەک ئەو میلۆدییەی کە دەمانەوێت بیچڕین و ئەو ئاوێتەیەش لەزنجیرەیی و یەک لەدوای یەکهاتنی نەغمەی وشەکان دروست بکات و ئاگاداری ئەو میانە میوزیکانەش بین کە دەکەوێتە نێوان وشەکان، لەگەڵ بەشێوەیەک ناوەڕۆکی دەوگۆڕانکارییە نەغمەییەکانی بەشە هونەری لیریکی درامی دابێت کە خۆی لەو نیشانانەی گۆڕینی دینامیکی دەبینێتەوە کە جوانکاری دەبەخشێتە وشەکان. بەمانایەکی تر لەوپەڕی بەهێزی ئەداکردنەوە بۆ (forte،fortissimo) ئەوپەڕی لاوازی هێمنی ئەدای دەنگ (pian،pinossimo)).

هەر لەگەڵ یەکەم هاوار کە لەمنداڵی لەدایکبووەوە دەبینرێت و دێتە نێو کۆشی ژیان، لەگەڵ نەشونمای مرۆڤ، پرۆسەی دەنگ چەکەرە دەکات، ئەو دەنگەش باڵا دەکات. گەشەکردنەکە هەردوو رەگەزی نێر و مێ دەگرێتە خۆی لەقۆناغی پێگەیشتن و هەرزەکاریدا کۆمەڵێ گۆڕانکاری لەدەربرینی دەنگدا روودەدەن. ئەو دەنگەی کە هەر لەمنداڵییەوە مامەڵەت لەگەڵدا کردووە بەشێوەیەک کە کاریگەری خێزان و بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ژینگە، جوگرافی، ئاووهەوا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەنەشونماکردنیدا. جۆری بەکارهێنانی وشەکان لەرووی خێرایی بەهێزی ریتم و ئاوازەوە لەگوندێک بۆ گوندێکی ترو لەشارۆچکەیەک بۆ شارۆچکەیەکی تر، عەشیرەتێک بۆعەشیرەتێکی ترەوە، تەنانەت شارێک بۆشارێکی تر جیاوازی دەربرینی جیای هەیە لەکاتی قسەکردندا. چونکە موفرەداتی زمان بەزمانەوە بەستراونەتەوەو بریتین لەچالاکییەکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی لەکۆمەڵگایەکی هاوبەش لەنێو نەوەکاندا سیماو رواڵەتە دەنگەکان بەشێوەیەکی پتەو رەگی خۆیانی داکوتاوە، بۆیە دەبینین کە جۆرە رێکەوتنێکی بەکۆمەڵ بۆدیاریکردنی ماناو مەرام و خواستەکانی ئەو زمانە یاخود ئەو وشەیە هەیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەقلیدە دەنگییانە کە بەستراوەتەوە بەژیانی کۆمەڵگەکەیەوە. ئەمەش لەمیانی بەسەربردنی ژیانی رۆژانەیاندا پێویستی بەگواستنەوەیەکی هزری هەیە، کە بگونجێ و یەکسان بێ لەرووی ماناکانییەوە لەگەڵ رێگاکانی دەربرینی ئەو کەسەی کە قسەی پێدەکات، تا لەرووی تێگەیشتن و کاریگەری رازیکردنەوە دیاربێت و ئامانجەکانی بپێکێت. بۆ نموونە: دەربرینی وشە یان زمانی خەڵکی نەجەف، جیاوازی لەگەڵ زمانی خەڵکی حیللە و کەربەلا هەیە، هەرچەندە ئەو ٣شارە لەیەکەوە نزیکن و دەکەونە ناوچەی فوراتی ناوین، کەواتە ئەگەر ویستمان زمانی قسەپێکردنی ئەنبارو موسڵ، یان دیالەو بەسرا و زیقارو کەرکوک، یان هەرپارێزگایەکی تری عێراق، لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین، جیاوازی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نامانەوێ بچینە سەر ئەو سیفەتە غەریزەییە بۆدەنگەکانمان، یاخود رێگاکانی دەربرینی پارچە وشەکان کە لەدایک و باوک و ئەوانەی لەدەوروبەرماندا دەژین وەرمانگرتووە.

**ن: پرۆفیسۆر تاریق حەسون فەرید**

**و: ئامانج غازی**



www.netewe.com

# وشە و بەرپرسیارێتی



لەنجە عەبدوڵڵا

لە ژمارە ٣١ی گۆڤاری سڤیل چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی هەولێر بەڕێز ژیلەمۆ عەبدولقادر بڵاوکراوەتەوە، تێیدا ئەو بەڕێزە بەشێوەیەکی گشتی باس لەبارودۆخی ژنان و جۆری ئەو کەیسانەی کە رۆژانە روو دەکەنە بەڕێوبەرایەتییەکەیان دەکات.
ئەم بەڕێزە لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەی وەک هەر پیاوێکی ئاسایی لە کۆمەڵگایەکی ئیسلام ئاییندا ئـەرک و واجباتی ژن بەرامبەر بە پیاوەکەی شی دەکاتەوە کە ئەویش بریتییە لە گوێگرتنی ژن لەمێرد و تاعەتکردنی لەهەموو فەرمان و بڕیارێک کە دەیدات. بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی و سەرسورمانی من بوو بەکارهێنانی دەسـتـەواژەی»بـە پەندکردن»بوو، بۆ ئەو ژنانەی کە خیانەت لەمێردەکانیان دەکەن و گوتبووی دەبێ سزاکەیان لە٣- ٧ ساڵ کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی ببنە نموونەیەک بۆ ژنانیتر.
دواتـر بەڕێزی بە هەڕەمەکی هاتووە باس لەخیانەت و جۆرەکانی سزاکانیان دەکات بەبێ ئەوەی بتوانێت بەبەڵگەو داتایەکی رێکوپێک هۆکاری راستەقینەو فاکتەرەکانی زۆربوونی ئەم حاڵەتە شی بکاتەوە. رەنگە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە بۆ پیاوێکی ئاسایی و نەخوێندەوار هیچ هەڵوەستەیەک لای من دروست نەکات، بەڵام بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی بازاڕی لەم جۆرەو لێوانلێو لەبێڕێزی و سووکایەتیکردن بۆ ژن دەبێ بۆ بۆبەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەک کە بەرپرسیارێتی ژیانی هەموو ئەو ژنانەی کە رۆژانـە هەڕەشەیان لێدەکرێت دەگرێتە ئەستۆ چ تەفسیرێکی هەبێت؟! ئەگەر کاک ژیلەمۆ، دوای ٤ ساڵ کارکردن و ئەزموونی خۆی لەخزمەتکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەی و ژیانی ئەو ژنانەی هەڕەشەیان لێکراوە سزای بە»پەندبوونیان» بۆ پێشنیار دەکات دەبێ چ چارەسەرێکی پێ بێت بۆ ئەو پیاوانەی کە رۆژانە خیانەت لە ژنەکانیان دەکەن و شەوان بەبۆن و بەرامی لەشفرۆشەکانەوە ژنەکانیان دەخەوێنن ؟.
بەڕای من خیانەتکردنی هەر یەک لە رەگەزی نێر و مێ کۆمەڵێک تەفسیر و هۆکاری جیاوازی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەکرێت کە بەداخەوە تائێستا هیچ دەزگایەک و رێکخراوێکی تایبەت لەکوردستان شرۆڤەیەکی زانستیانەی بۆ هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە هەستیارە نەکردووە.
ئـەوە مانای ئـەوە نییە من شەرعیەتم داوە بەخیانەتی ژن بۆ مێردەکەی یان پێچەوانەکەی بەڵکو حوکمکردنی تۆ وەک پیاوێک بەسەر رەگـەزی بەرامبەر رەنگدانەوەی عەقلیەتی کارکردن و چارەسەرییەکانی تۆیە بۆ ئەو کەیسانەی کە رۆژانـە رووبـەڕووت دەبنەوە کـە ئـەمـەش کۆمەڵێک پـرسـیـاری جیاواز دروسـت دەکـات. پێموایە لەدەربڕینی ئەم دەستەواژەیەدا بەڕێزت ئەوەندە بەرپرسیاریت لەوەی کە تائێستا نەتتوانیوە رەگەزی مێت ئەوەندە خۆشبوێت کە بەڕێزەوە ناوی بهێنیت، تەنانەت با ئەو کەسە تاوانباریش بێت، بەڵام بەرپرسیارێتی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتـی پەیوەندیدار و حکوومەتێک کە تائێستا نەیتوانیوە بە بەرنامەیەکی تۆکمە و دیراسەکراو بەرێوبەرایەتییەک بەڕێوەببات کە بەراستی ببێتە پەناگەیەک بۆ ژنانی هەڕەشەلێکراو و بـەشـخـوراوی ئـەم وڵاتەو رۆژانـە وەک کـەڕەی شەربەت خۆی لەئاست هەموو ئەو توندوتیژی و کوشتنانەی ژنان گێل کردوەو تەنانەت نەیتوانی لەماوەی ٧ مانگدا ئەنجوومەنێک بۆ ژنان پێکبهێنێت. هەرچەندە من نامەوێت ئەرک و ماندووبوونی کاک ژیلەمۆ و هاوکارانی لەم ماوەیەی رابردوودا کۆی سفر بکەم و کارەکانیان رەش بکەمەوە، بەڵام بەڕای من چارەسەرییەکانی کاک ژیلەمۆ، بۆ ئەم سەردەمە زۆر کلاسیکین و چارەنووسی هەموو ژنێک بەرەو کوشتن و ماڵوێرانی دەبات.

www.netewe.com